# گومان و بەدگومانی

## بابەتگەلێك

عەبدولڕەحمان مەعرووف

هەولێر ٢٠١٢

ناوی کتێب: گومان و بەدگومانی
وەرگێڕ: عەبدولرەحمان مەعروف
تایپ و پیتچنین: وەرگێڕ
نەخشەسازی بەرگ: عەبدوڵڵا رەحمان
چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠١٢
تیراژ:
چاپخانە:
ژمارەی سپاردن (( ) ی ساڵی ٢٠١٢

پێشکەشە بە :

ساوێن

ئاریێز

ئەژی

و

دایکیان

بەم کتێبەوە زۆر ماندووم کردن

# زۆربا:

## زۆرانبازی لە نێوان هەردوو نموونەی هەستی و ئەبستراکتدا

لە رۆمانی (زۆربا) دا سەرۆك – كە رۆماننووس خۆیەتی– لە گفتوگۆیەكی زەینی ئەبستراكتی ئاڵۆزدا، كە ئاراستەی زۆربای دەكات، دەڵێت: (چەند جۆرێك مرۆڤ هەن: ئەوانەی ئامانجێك بۆ ژیانی خۆیان دیاری دەكەن، وەك چۆن خۆیان دەیانەوێ دەخۆن و دەخۆنەوە و دڵداری دەكەن و گۆرانی دەڵێن و بەناوبانگ دەبن. پاشان ئەوانەی ئامانجێك بۆ خۆیان دیاری دەكەن، نەك لەپێناو ژیانی تایبەتی خۆیان، بەڵكو لەپێناو ژیانی هەموو خەڵكدا. وا هەست دەكەن هەموو خەڵك تەنیا تاكەكەسێكن و هەوڵدەدەن بەوپەڕی عەقڵ و خۆشەویستییەوە چاكەیان لەگەڵدا بنوێنن. دوا كۆمەڵیش ئەوانەن، كە ئامانجیان ژیانی سەرجەم گەردوونە: ئێمە هەموومان لە ئادەمیزاد و ئاژەڵ و ئەستێرەكان یەك شتین و یەك جەوهەرین لە شەڕێكی ترسناكدا، واتا شەڕی گۆڕانی مادده بۆ رۆح).

زۆربـا سـەری خـۆی دەخـورێنیٚ (مـن کەللـەم رەقـە. وا بـە ئاسـانی تێناگـەم. ئـاه ئـەی _سـەرۆك_ ئەگـەر بتتوانیبوایـە هـەموو ئـەو شـتانەی دەیلێـی بەسـەما دەریـانبڕی، بـۆ ئـەوەی تێبگـەم...)،( ئـەی سـەرۆك ئەگـەر بتتوانیبوایـە ئـەوەی دەتـەویٚ پێمـی بلێـی لەشـێوەی چـیرۆکدا بتگێڕابوایـەوە)، بـەڵام سـەرۆك بـە نائومێدییـەوە لێـوی خـۆی گەسـت و گـوتی: (خۆزگـە بمتوانیبوایـە تـەنیا ئـەو کاتانـەی بـیرە ئەبسـتراکت- مجـرد- ەکـانم دەگەنـە بـەرزترین لووتکـە و کاتێـك دەبێتـە حیکایـەت، قسـەبکەم! بـەڵام ئـەوەش مەگـەر هـەر بـە شـاعیرێکی مـەزن یـان بـە گەلێکی دوای چەندین سەدەی پێگەیشتوو بکرێت.)

بـەم شـێوەیە دوو جیهـانی تـەواو ناکۆکمـان بـۆ دەردەکـەوێت، جیهـانی زۆربـای هەسـتی – عـالم زوربـا الحسـی_ و جیهـانی (سـەرۆك)ی _ رۆمـاننووس_ ی ئەبسـتراکتی نموونـەیی _ عـالم التجریـدی المثـالی_ رۆمانەکـە ئـەم ناکۆکیانـە بـەخۆوە دەگـریٚ و بەبۆچـوونی قـووڵی فەلسـەفی و بـە زمـانێکی شـیعری دەوڵەمەنـد بـەرەو پێشـەوە دەچـیٚ. (سـەرۆك) هـەر لەسـەرەتای رۆمانەکـەوە هەسـت بـە تەنگـژەکانی خـۆی دەکـات. لـە دنیـای ئەبسـتراکت و ئایدیالیسـتی و بودایيـدا هەسـت بەکـەوتنێکی ترسـناکی خـۆی دەکـات. وشـەکانی هـاوڕیٚ پرۆمیسۆسـە کۆچـکردووەکەی بـە تونـدی دەیهـەژێنن، کـە بـە (مشـکی قرتێنـەر) نـاوی دەبـرد: (کـە بێجگـە لـە کاغـەز

جـووین و بـە مەرەکـەب پیسـکردن) شـتێکی دیکـە ناکـات، بـــە وشـــیاری و مکوڕبوونـــەوە هـــەوڵی دەدا ڕێگایـــەکی تـــازەی دوور لـــە جیهـــانی تەجریـــدو ئایـــدیالی بگرێتەبـــەر: (مـن لـە تووڕەییەکـدا دەژیـم، تووڕەییـەکی شـەرمهێن، کـە کردوومەتییـە بەشـێك لـە خـۆی، ئـەوا هـەر لـەو کاتـەوەی برادەرەکـــەم بـــە _مشـــکی قرتێنـــەر_ نـــاوی دەبـــردم، مـــن لەوســـاوە بـــاس لـــەوە دەکـــەم کـــە هـــەموو قێـــزەونیم لـــەو وجـودەی تێیـدا دەژیـم، لـەو وشـەیەدا بەرجەسـتە دەبێـت. منێـك کـە ژیـانم خـۆش دەوێـت، چـۆن ڕێـم بـەخۆم داوە ئـاوا لـــەنێوان ئـــەم هـــەموو کتێـــب و کاغـــەزە ڕەشنووســـە کەڵەکـەبووەی سـەریەك، ون و سەرلێشـواوبم! ئێسـتا هـۆی شـــەکەتی خـــۆم دەزانم...) ســـەرۆك بـــەم شـــێوەیە لـــە ڕێڕەوێکــی جەنجاڵــدا دەچــێتە پێشــەوە، بــۆ ئــەوەی لــەو کەلێنــە تۆقێنــەرەی، کــە لــە کــەناری ژیــانی زەمینــی هەســتەوەری جیــای دەکاتــەوە و دەربــازی دەبێــت_نهێنــی شـــەکەتییەکەی _ و تەنگژەکـــەی بـــاش دەزانـــێ: (گرفتـــی مــن ئەوەیــە واقیــع ڕاســت دەکەمــەوە، خــوێن و گۆشــت و ئێســقان لــەو دەگــرم و دەیگــۆڕم بــۆ بیرێکــی ئەبســتراکت و بە یاسا گشتییەکانی دەبەستمەوە.)

ســـەرۆك بـــەخۆی گۆڕەپـــانی شـــەڕ هەڵدەبـــژێری و بـــە گـــوێرەی هەوەســـی خـــۆی کـــاتی بـــۆ دیـــاری دەکـــات: دوورگــەی کریــت هەڵدەبــژێری، لــە یــەکێ لــە کانــە خــەڵوزە پشـــتگوێ خراوەکانـــدا ئەزموونـــە نوێیەکـــەی دەســـت

پێدەکات: (ئێستا دەڕۆم بۆ ئەوەی دوور لە ڕەگەزی مشکی کاغەز قرتێنەر بم، لەگەڵ خەڵکی سادە و کرێکار و جووتیاراندا بژیم. بڕیارم داوە ڕێبازی ژیانم بگۆڕم، بەخۆم گوت: ئەی نەفسی من تاکو ئەمڕۆ لە سێبەر زیاتر نەبوویت و بڕیت پێیدەشکا. بەلاّم ئێستا بەرەو جەستەت دەبەم.) کانە خەڵوزێکی پشتگوێ خراو بە کریێ دەگری، بۆ ئەوەی خەڵك بەشێتی نەزانن و وەبەر تەماتەی نەدەن! بەم جۆرە بارگەی خۆی بەرەو کەناری کریت دەپێچێتەوە و لە دەست جیهانە سۆفیگەرییە تەجریدییەکەی رادەکات، تاکو پێوەندییەکی تازە لەگەڵ جیهانی هەستیدا بنیات بنێ، هەوڵی دەدا لە مۆتەکە بودابیە تۆقێنەرەکەی، کە هەڵیدەمشت و لەو هەموو بیرە نموونەیی و سۆفیگەری و میتافیزیکیانەی مێشکیان دەکرۆشت قوتاری بێت. خەونی بە رۆنانی تەرزێکی نوێی _ یۆتۆپیا_ وە دەبینی، یۆتۆپیاییێکی رۆمانتیکی سادە: (پرۆژە رۆمانسییەکانم بنیاددەنا، خەڵوز _لینیت_ دەرهێنان بەخێرایی تەواو دەبێت، بۆ رێکخستنی جۆرێك لەو کۆمۆنەیەی کە گشتمان بەیەکەوە کاردەکەین و هەمووشتێکمان هاوبەشە. هەموومان بەیەکەوە یەك خواردن دەخۆین و وەك براش یەك بەرگ دەپۆشین. لەمێشکما رەبەنایەتییەکی تازەم دەخولقاند.) سەرۆك لە خەیاڵی خۆیدا ئاوا _کۆمارە چاکەخواز_ ەکەی بنیاد دەنێ و وەك ئەوەی خەونە

خەیاڵییـــەکانی _تۆمـــاس مــۆر_ و بەرنامـــەی _رۆبـــەرت ئـــۆین_ و _ســـان ســـیمۆن_و _فۆرییـــە_ ی تۆبـــاوی دەربـــارەی سۆشـــیالیزم پیـــادە بکـــات، بێئاگـــا لـــە بنـــەما مێژووییـــەکانی سۆشـــیالیزم و وزە کۆمەڵایەتییەکانی،کـــە دروســـتی دەکـــات و پشـــتگوێ خســـتنی ئـــەو ناکۆکییـــە توندانـــەش کـــە نـــاتوانرێ لـــە _یۆتۆپیـــا_ کەیـــدا کۆبکرێتـــەوە، هەســـت بـــەوە دەکـــات: (ئـــارەزوویێکی ســـاوا قـــوتم دەدات، کـــە دوو کـــار بەیەکـــەوە کۆدەکەمـــەوە، بـــۆ ئـــەوەی پێکهاتێـــك بدۆزمـــەوە شـــتە دژەکـــانی تێـــدا کۆببنەوە، کەهیچ رێگایەك بۆ پێکەوە گونجانیان نییە.)

پرۆژەیـــەکی تۆبـــاوی و بێجگـــە لـــە خـــەون لـــە شـــوێنێکی دیکـــە نابینرێـــت، هـــەر _یۆتۆپیـــا_ یـــەك پێویســـتی بـــە واقیعێکـــــی مـــــاددی راســـــتەقینە هەیـــــە_پێویســـــتە لەتێگەیشـــتنی زانســـتی و بابـــەتی بـــۆ براقـــی مێـــژوویی هاوچـــــەرخ و سروشـــــتی هێـــــزە کۆمەڵایەتییەکانـــــەوە سەرچـــاوە بگرێـــت، کـــە بتوانێـــت بـــۆ وەدەســـت هێنـــانی ئـــەم ئەرکـــە گەورەیـــە رۆڵـــی مێـــژوویی خـــۆی بگێڕێـــت، ئـــەگینا لەوە بترازێ خەونێکی بۆشەو هیچی دی.

ســـەرۆك و زۆربـــا لەبەنـــدەری _بیریـــە_ بەیەکدەگـــەن . لەواقیعـــــدا (ئەوکاتـــــە دیـــــاریکراوە) و بـــــە یەکگەیشـــــتنە گیروگرفتێکـــی تـــەکنیکی گـــرنگ دەوروژێنـــێ، ئەمـــەش لـــە شـــێوەی نەخشـــەیەکی ناسروشـــتی و خۆنەویســـتیدا دەردەکـــەوێت. لەوکاتـــەی لـــەبرادەرە (پرۆمیســـۆس)ە

کۆچــکردووەکەی جیادەبێتــەوە و لــە بەنــدەری _بیریــە_ چــاوەڕوانی کەشــتی دەکــات تــاکو بــۆ جیهانــە نوێکــەی بگوازێتــەوە. بەتایبــەتی لــەو کاتــەدا (زۆربــا) وادێتــە بــەر چــاو_ کــەوا مەسـیحی چاوەڕوانکراوە_ بـۆ ئـەوەی بخزێتـە ژیــانی (ســەرۆك)ەوە و ئــەرکێکی مــەزن بــەجێ بێنێــت: ئـــەرکی یارمەتیـــدانی ســـەرۆك بـــۆ خۆدۆزینـــەوەی و گواســـتنەوەی لـــە قۆنـــاغی تەجریدییـــەوە بـــۆ قۆنـــاغی هەسـتەوەری. هـاتنی زۆربـا بەسـادەیی و لـەو لـەحزە تـەواو یەکالاّکەرەوەیەدا دەبێت:

– لە سەر سەفەری؟

_بۆ کریت. بۆچی؟

– لەگەڵ خۆتدا دەمبەی؟

بـــەمجۆرە هـــەموو شـــتێك کۆتـــایی دێـــت. ئـــەم دوو کەســە نەناسـیاو و دژ بــە یەکـە لــە چرکەسـاتێکدا پێوەنـدی دەگـــەڵ یەکـــدی دەبەســـتن، بـــۆ ئـــەوەی ئـــەزموونێکی هاوبەشـــی بـــێ هاوتـــا بـــۆ یـــەکتری بگێڕنـــەوە، کـــە بەتـــەکتیکێکی کـــارکردەی چـــالاکانە نەخشـــەی بـــۆ کێشـــرابوو! ویســـتی نووســـەر وا دەخـــوازێ (ئەلکســـیس زۆربــا)ش پــڕ بەپێســتی داواکــاری کرێکــارێکی کانــە خــەڵووزەکان بێــت. ئــەم گــەرم و گوڕییــەش هــەر لەیەکــەمین ســاتەکانی یەکترناســـینیاندا دەردەکـــەوێ. ســـەرۆك لەیەکــەمین ســـەرنجەکانیدا هەســـت بـــەوە دەکـــات ئـــەوەی

لەبـــەردەمی وەســـتاوە (ســـندبادی دەریـــا) ئاســـایە، (شـــەهوەتباز و کارامـــەو دەســـت ڕەنگـــین) یشـــە، بـــەلاَم دەرئـــەنجامێکی وا خێـــرا لـــەو چـــەند ســـاتە کورتـــەدا دەربکـــەوێت، بـــەڵکو لـــە بینـــای ڕۆمانەکـــەدا بەگشـــتی لـــە ڕێگـــای پشـــکنین و وەدەرخســـتنی کەســـایەتی (زۆربـــا)و لەمیانـــەی ڕەوشـــتە کردارییەکەیـــدا دەردەکـــەوێت ، بۆیـــە دەبیـــنین ئـــەو ئاماژانـــە ڕێپۆرتـــاژین، کـــە نووســـەر بـــە زۆری ســـەپاندوونی بـــەبێ ڕەچـــاوکردنی رســـت و زنجـــیرەی مێـــژوویی و دەروونـــی بـــۆ بنیـــادی ڕۆماننووســـی، کـــە ڕۆمانەکـە پێیـەوە پەیوەسـتە . بەهـەر حـاڵ ئەمـە بەمێشـکی خوێنـەردا ڕۆناچـێت و شـتێکی زیاتریشـی پێنابەخشـێت، بـەڵکو چـەند ئاماژەیـەکی بێکـەڵکن و هیچـی تـر. دەلالەتـە فیکـری و فەلسـەفی و دەروونییـەکانی کەسـایەتییەکان، پێویسـتە لەمیانـەی خـودی ڕووداوە درامییەکـەوە بێنـە دەسـت، نـەوەك لەمیانـەی خۆویسـتی ڕووداوەکـانی ڕۆمانەکـە و جیهانـە هەسـتییە زینـدووەکانی کـە دەیخـوڵقێنێ. ڕۆمـان بەگشـتی بەدەسـت ئـەم دیاردەیـەوە دەناڵێنێـت و زۆربـەی بـیرە فەلسـەفییەکانیش وەك بڵقـی سـەر ئاویـان لێـدێت. بـەبێ ئـەوەی لـە قـەوارەی هەسـتی و لـە وێنـەی هونـەری دەربـڕاودا بەرجەسـتەبن، سـەرەڕای ئـەوەش نووسـەر لـە ڕۆمـانی (زۆربـا)دا توانیویـەتی شـاکارێکی مـەزنی لێـوان لێـو لـە دەلالـەتی فەلسـەفیانەی

قــوولْ و بــە رەســەنایەتییەکی هونــەری چــاك پێشــکەش بکات.

(زۆربــا) و (ســەرۆك) لــە لــەحزەکانی ســەرەتای بەیــەك گەیشــتنیاندا بــە گــەرم و گوڕییــەوە هــۆگری یــەکتر دەبــن، ئەمــەش لــەدوای ئــەوەی ســەرۆك هەســتی بــەوە کــرد، کــە زۆربــا ئــەو نەجاتدەرەیــە کــە بەدوایــدا دەگــەڕێت. ئیــدی بەرەبــــەرە بەکەســــایەتی زۆربــــا ئاشــــنادەبین. نووســــەر مەبەســتی بینــا درامییەکــە نییــە، کــە بەخششــە دەروونــی و فەلســــەفییەکانی بــــە رەســــەنی و رەمــــەکی پێشــــکەش دەکــــات، بــــەڵکو دەخوازێــــت بــــەر لــــەوەی ئێمــــە کاروکردەوەکــانی ژیــانی زۆربــا بناســین، تێڕوانینــەکانی پێشــووی خۆیمــان لــە ســەر ئــەو پێشــکەش بکــات. ئەگــەر نووســــەر بــــۆ بزووتنــــەوەی رووداوەکــــانی رۆماننووســــی خــۆی بــە روون و راشــکاوی بینــای رۆمــان و زنجــیرەی مێــژوویی و دەروونــی ببەســتێتەوە. دەبێــت ئــەو پێوەنــدی و تێکچــڕژانە زەمەنییــە ببڕێــت، بــۆ ئــەوەی رەگــەزەکانی بەیەکــەوە ببەســتن و درامــا لــەکارێکی هونەریــدا بێهێــز نــەبێت. نووســەر لــە رێــی (ســەرۆك)ەوە پێمــان رادەگەیــەنێ، کــە رووداوە هاوچــەرخەکان لــە گیــان و خــودی (زۆربــا)دا بێجگــە لــە کــارە کۆنــەکان شــتێکی دیکــە نــین، مــادام، کــە خۆیشــی بــە ســەر ئــەم رووداوانــەدا تێپــەڕی کــردووە: (...لــە عەقڵیــدا وەکــو تفــەنگێکی کــۆنی ژەنگــاوی دەردەکــەوت. رۆحــی لــە پێشــکەوتنی جیهــان خێراتــر دەچــووە پێشــەوە.)

بێگومـــان نەدەبوایـــە ئـــەم پەیڤـــە قوولاّنـــەی کـــە لایەنـــە گرنگـــەکانی کەســـایەتی زۆربـــا دەردەخـــەن، لـــەم قۆناغـــەی ڕۆمانەکـــەدا ئاکامەکـــەی بێنـــە بەرهـــەم، بـــەڵکو دەبوایـــە لـــەدوای ناســـاندن و پشـــکنینی کەســـایەتی زۆربـــادا بـــە ئـــەنجام بگـــەن. دەســـت تێـــوەردانی دەرەکـــی نووســـەریش لێـــرەدا بـــاش دەردەکـــەوێت_کـــە ســـەرۆك لـــە ڕۆمانەکـــەدا دەری دەبڕێـــت_ لـــە پـــاڵ هەنـــدێ بابـــەتی دیکـــەش، کـــاتێ چـــاومان بـــە پـــیرە (هۆرتـــانس) خـــانمی بێـــوەژن دەکـــەوێت ســـەرۆك وامـــان پێڕادەگەیـــەنێ: کـــە ژیـــان لـــە ســـەر دوورگـــەی (کریـــت) لـــە حیکایـــەتێك دەچـــێت، وەك کۆمیدیایـــەکی شکســـپیر، بـــۆ نموونـــە شـــانۆگەری (گـــەرداو). هۆرتـــانس خـــانم وەك شـــاژنی دوورگـــە بەدەرکـــەوت و زۆربـــای ئـــەمیری خۆگـــۆڕیش بـــە دوو چـــاوی هـــەڵپلۆقیوەوە وا ســـەرنجی دەداو بـــە کەشـــتییەکی کـــۆنی جـــەنگی دەچـــواند، کـــە لەشـــەڕی دەریـــا دوورەکانـــدا گەڕابێتـــەوە قـــەراغ دەریـــا و چـــاوەڕوان دەکـــات، هەڵبەتـــە چـــاوەڕوانی زۆربـــای کـــابتنی دەموچـــاو قینچـــکاوی دەکـــات. ئـــەوا تێڕوانینـــەکانی ســـەرۆکە، کـــە دەســـتی درێـــژ دەکـــات بـــۆ ئـــەوەی تەوقـــە لەگـــەڵ هۆرتـــانس خـــانمی خـــاوەن هۆتێڵەکـــە بکـــات، کـــە ئـــەویش بێ ئارام و بە بێ هۆ پەلە پەلییەتی.

لەمیانـــەی جولـــەی ڕووداوەکـــانی ڕۆمانەکـــەوە ڕەگـــەزێکی زۆری ململانێمـــان بـــۆ دەردەکـــەوێت. کەســـایەتی

نـــامۆی زۆربامـــان بـــۆ دەردەخـــات، کـــە نموونـــەی مرۆڤێکـــی بێ هاوتایە، نموونەی

یاخیبوونـــە، هـــەموو هەســـتەکانی بـــۆ ژیـــان بەهـــەموو توندوتیـــژی و ژاوەژاوییـــەوە دەخاتـــە کـــار، بـــەبێ ئـــەوەی هـــەوڵ بـــدات بابـــەتی و مێـــژوویی و فیکریانـــە تێیبگـــات. بـــە هـــەموو شـــتە وردو تایبەتییەکانـــەوە گـــرێ دەدرێـــت و پێوەندییـــەکانی نێـــوان خـــۆی و گشـــت وردوخـــاش دەکـــات، مـــەودای بینینـــی بـــە هـــیچ شـــێوەیەك لـــە هەســـتەکانی زیـــاتر بـــڕ ناکـــات و دەرەنجامـــەکانی هەریەکـــە لـــە بـــەهای فیکـــری یـــا تیـــۆری کـــە لـــە دەوروبـــەری روودەدەن رەتدەکاتـــەوە، بـــاوەڕی بـــە هـــیچ شـــتێك نییـــە: خـــوا ، نیشـــتیمان، شـــەیتان، شـــۆڕش، گشـــت ئـــەو شـــتانە بـــەلای زۆربـــاوە بـــێ بـــەهان، کەســـێکی عـــەدەمی _نەهلیســـتی_ تونـــدڕەو دەنوێنێـــت ، هەمووشـــتێك رەتدەکاتـــەوە و، ســـەر بـــە هـــیچ شـــتێك نییـــە. ژیـــان بـــە ڕادەی پێوەنووســـانی غـــەریزەی هەســـتی بـــەخاك و رەگـــەز و کـــارو خـــۆراك و ســـانتۆرییەوە وەردەگرێـــت. ئـــادەمیزاد بـــە دڕندەیـــەکی کێـــوی دەزانێـــت. زۆربـــا وەکـــو هەڵۆیـــەکی زەردەشـــتی نیچـــەیی پڕدەداتـــە چـــێژەکانی ژیـــانی هەســـتەوەری و چـــۆك بـــۆ مـــەرگ دانـــادات، وێـــڕای ئـــەوەش وا هەڵســـوکەوت دەکـــات، کـــە لـــە هـــەر ســـاتێکدا دەمرێـــت، بـــێ لایەنییەکـــەی بـــاوەڕ نـــەبوونی بـــە هـــیچ بـــەهاییێك و شـــتێکی دیـــاریکراو دەنوێنێـــت، پیاوێکـــە لـــە هەڵوێســـتێکی زینـــدوودا دەژی، بـــە هـــیچ شـــێوەیەك لـــە ســـەر

ئاستی گشت و تەجرید بیرناکاتەوە و، لە زۆربا بترازێت باوەڕی بەکەس نییە: (من باوەڕ بە هیچ شتێك ناهێنم، تەنیا بە زۆربا نەبێت... لەبەر ئەوە نا زۆربا لە خەڵکی دیکە چاکترە، بەهیچ شێوەیەك لە بەر ئەوەم نییە، بەڵکو ئەویش ئاژەڵێکە وەکو خەڵکانێکی دیکە، بەلاّم بۆیە باوەڕ بە زۆربا دێنم، چونکە ئەو تەنیا کەسە لە ژێر دەسەلاّتی مندا دەبێت و، تەنیا کەسە دەیناسم، وەلیٚ خەڵکانی دیکە تارماییین، من بەچاوی ئەو دەبینم و بە گوێی ئەو دەبیستم و بەگەدەی ئەو هەرس دەکەم و پێت دەڵێم ئەوانی دیکە تارماییین، کاتێك من دەمرم هەمووشتێك دەمرێت. هەموو جیهانی زۆربایی لەناودەچێت).

ئەو پەیڤانەی زۆربا لە ناخی مرۆڤێکەوە هەڵدەقوڵێن، کە بەتەواوی جەستەیەوە گرێدراوی جیهانی هەستی بێت، کە خۆی لە تەرزێکی نامۆ لە ئایدیالیستی توندڕەودا دەنوێنێت و بە بڕوای ئەو جیهانی ماتریالی بابەتی تەنیا وێنەیەکە عەقڵێکی ڕەهاو وشیار دایدەهێنیٚ!

بەم تەرحە زۆربا لە ڕێبازی ژیانە دیاریکراوەکەی پێشووی بەردەوام دەبێت... زیاتر بەناخی گەرمی زەویدا ڕۆدەچێت، گەرەکێتی: (هەمووکتێبەکان بسوتێنن) و رقی لە تەجریدو سەرجەم فیکر و وشیاری دەبێتەوە. کاتێك سەرۆك بە زمانی تەجریدی فەلسەفی

لـە گەڵيـدا دەئـاخڤێ ، زۆربـا سـەری خـۆی دەخورێنێـت و خـۆی وا نيشـاندەدات، کـە هـيچ تێناگـات: (ئەگـەر هـەموو ئەوشـــتانەی دەيڵـــێن لـــە قـــالبی چـــيرۆکدا بـــۆمی بگێڕيتـــەوە...! هەرچـــی دەيڵێيـــت بەســـەما بۆميـــان دەربـڕی)، لێـرەدا زۆربـا هەسـت بـە نـەزۆکی تەجريـد دەکـات و، دەرك بـەوەش دەکـات کـە وشـەکان زۆرجـار نـاتوانن تـەعبير لـە سـۆز و هەسـتە ياخييـەکانمان بکـەن، نـاتوانن ببنـە ئەلقـەی بەيـەك گەيانـدنی خـەڵك، بۆيـە بـەدوای زمـانێکی تـەعبيری نوێـدا دەگـەڕێت، ئەمـەش لەميانـــەی ئەزموونـــە تايبەتييەکـــەی لـــە ســـەمادا دەيدۆزێتـــەوە، لێـــرەدا تـــەنيا هـــەر هاوارناکـــات و بێدەسـەڵاتی زمـان لـە بـەديهێنانی ئەرکـە مرۆڤايەتييەکـەی نيشـــان بـــدات، کەچـــۆن نووســـەرە نامەعقولـــەکان کردوويانـە، بـەڵکو زمـانێکی نـوێی پێشـکەش کـردو بـۆی ئاشـکرابوو، کـە ئـەم زمانـە دەربـڕين و ڕەسـەنايەتی و دڵسـۆزی زيـاترە: (ئـای چـەند شـەرمەزارييە بـۆ مـرۆڤ، کـە جەسـتەيان لاڵ کـردووە و تـەنيا بـە زار قسـە دەکـەن، بـەڵام دەتەوێ زمان چی بڵێت؟ ئەرێ دەتوانێ چی بڵێت؟)

بـەمجۆرە زۆربـاو سـەرۆك لـە ڕێگـاو کـەنارەکانی (کريـت) بەيەکـەوە دەڕۆن، ئـەم دوو نموونـە ڕکابـەرە بەيەکـەوە لـە ئـەزموونێکی گـەورەو بەرفراوانـدا دەژيـن. هـەر لـە چـرکەکانی يەکەمـەوە زۆربـا نـوقمی جيهانـە هەسـتييەکەی خـۆی دەبێـت... بـە بێوەژنـە (بۆبۆلينتـە)

پیرەکـــە دەگـــات و، ســـەرخۆش دەبـــێ و ســـەما دەکـــا، کاردەکـا، بــە هەڵەشــەیی دەخــوات، بــەلاّم بێجگــە لەمانــە هەموو شتێك بەجەهەننەم دەسپێرێت.

بـــەلاّم ســـەرۆك _رۆمـــاننووس خـــۆی_ دەبێتـــە گۆڕەپـــانی ململانێیـــەکی توندوتیـــژ. لـــە راســـتیدا رەگـــەزەکانی ململانـــێ لـــە کەســـایەتی زۆربـــادا کۆنابێتـــەوە، بـــەڵکو لـــە خـــودی کەســـایەتی (ســـەرۆك)ەوە دەردەکـــەوێت، زۆربـا تـا ئەوپـەڕی بـە ژیانـەوە نووسـاوە و لـە ئاسـتێکی زەینـی دیـاری کـراودا دەڕواتـە پێشـەوە، بـەلاّم رۆمـاننووس لــە ژانێکــی زۆر دژوار و ســەختدا دەژی. هەســت بــە (نهێنــی شــەکەتییەکەی) دەکــات: کــە گۆشــەگیری و دابڕانــی لــە ئــەزموونی هەســتەوەری و ژیــان و بــیروڕای تەجریــدی و دیلـی بـیری سـۆفیگەری بـودایی و رۆحیانـەتی مەسـیح و شـــیعرەکانی دانـــتی و بـــیری سۆشـــیالیزمی تۆبـــاوی مانـــدوویان کـــردووە. دەخوازێـــت لـــەو گێژەنـــە دەربـــازی بێـت، لـەم کەلێنـە بپەڕێتـەوە و بـۆ قـەراغێکی دیکـە بچـێت: بــە ژیــانی هەســتەوەری بگــات و، هــەموو پەیوەندییــەکانی لە گەڵ جیهانی کۆندا بپچڕێنێت.

لەمیانـــەی ئـــەو زۆرانبـــازی و ژانـــە پـــڕ ئـــازارەدا رۆمانەکـــە لایەنـــە بەرفراوانـــەکانی کێشـــمە کێشـــی پـــڕ یـــاخیبوون  و چـــەپاندن و تەقینـــەوەی ئادەمیزادمـــان بـــۆ دەردەخــات. (بــودا) بــۆ ســەرۆك دەبێتــە چــاڵێکی قــووڵ، زاری دەکاتـــەوە قـــووتی بـــدات، ئـــەویش هەوڵـــدەدات تـــا

رۆحـی لـەو پەڵـە لینجـە جاڵجاڵۆکەییانـە رزگـار بکـات، لـە سـەر پشـتی کەشـتییەکەوە هـەتا (کریـت) بـیروڕا (بودا)ییـەکان هێرشـی بـۆ دێـنن، سـەرباری ئـەوەش وەکـو بـەرەنجامێکی میتـافیزیکی بەزەییـەکی سـاردی بـودایی بـۆ دێـت، بەزەییـەك نـەك هـەر بـۆ سـەر ئـادەمیزاد، بـەڵکو بـۆ سـەر هـەموو جیهـان، ئـەو کـە تێدەکۆشـێت و بـە ئومێـدەوە دەژی و هـەموو شـتێکیش لـە تـەنیا هەوڵێکـدا نابینێـت، بـۆ ئـەوەی تارماییـەکان لـە نەبوونـەوە دەربخـەن.)، هەرچـەندە لـە بـەرگریکردن لـەو سـۆفیگەرییە بوداییـە و ئـەو لـە خشـتەبردنەش کـە ماوەیـەکی درێـژە لـە ژیـان و لـە خـەڵکی دابڕیـوەو لـە (گشـت) دا هەڵیواسـیوە و بـەردەوام دەبێـت، کەچـی دەیـەوێت لـە جەمسـەری (گشـت) ی ئەبسـتراکتەوە بـۆ جەمسـەری (تایبـەت) ی هەسـتی بـاز بـدات. ئـەم ململانـێ پـڕ موعاناتـە بـە ئاسـانی خـۆ دەرناخـات. رەشـەبای بـیری بـودایی جـارێکی دیکـە هەڵدەکاتـەوە: (کـەی دێ لەتەنیاییـدا گۆشـەگیر بم، هـەر تـەنیا خـۆم و بـێ هـاوەڵ، نائاسـوودە یـاخود بـێ خـەم، جگـە لـە یـەقینێکی پـیرۆز شـتێکی دیکـە هاوڕێیـەتی ناکـات، هەمووشـتەکان تـەنیا خـەونن و هیچـی دیکـە. کـەی واز لـەو خۆشەویسـتییە دێـنم لـە گـەڵ خۆشەویسـتەکانم_بـەبێ شـەهوەت_ لـە خـەڵوەتا؟ کـەی جیهانێـك دەدۆزمـەوە لـەو دیـو هەسـت و جەسـتەوە بێـت؟ لـەدوای ئـەوەی دەری دەخـەم کـە جەسـتەم لـە نەخۆشـی و تـاوان و مـەرگ بترازێ

شـــتێکی دیکـــە نییـــە؟) ســـەرۆك جـــەنگێکی تـــازە هەڵدەگیرســـێنێ، (بـــودایی) لەهەناویـــدا رۆچـــووە و تێکـــەڵ بـە خـوێنی بـووە، ئەسـتەمە وا بـە ئاسـانی هەڵبکەنـدرێت. بـــەلاّم ســـووربوون و گرێـــدرانی بـــە ئـــەزموونی رۆژانـــەی ژیـــانی هەســـتی هەســـتەوەری بـــە رادەی ســـەرەکیش شـاگردێتی لـە سـەر دەسـتی زۆربـا... هـەموو ئەوانـە لـە ســـۆفیگەری ئایدیالیســـتی دووریـــان دەخســـتەوە. لـــە زۆرانبازییـــەکی توندوتیـــژدا بـــوون بـــۆ بەدەســـت هێنـــانی ئەرکـە دوولایەنەکـەی: (لـە بـودا رابکـات و لـە وشـەکان دەربـــازی بێـــت، لـــە هـــەموو خەمـــە میتافیزیکییـــەکان دەرچـێت و رۆحـی لـەو دوودڵییـە بێهودەیـە رزگـار بکـات. لـەمرۆپیێوە بـە قـووڵی و راسـتەوخۆ تێکـەڵی خـەڵك دەبـێ.) لەرۆحیـدا دیوارەکـانی پەرسـتگای بـودا هـەرەس دێنێـت و بـەرە بـەرە (گشـت)ی ئەبسـتراکتیش لـە بەرامبـەر جیهـانی تایبەتمەنـدی هەسـتی زۆربـا، لـە قـوڕدا نقومـدەبێت و روو لەنـەمان دەکـات. رۆحـی بـودا بـە بەرگرییـەکی بـەهێزەوە لـە جەسـتەیدا خـۆی دەکێشـێتەوە... کـە خـۆی لـە جیهـانێکی دروســـت کـــراوی تـــەواو لـــە بـــەزەیی و رەتکردنـــەوە و ســـۆفیگەری و رزگاربوونـــدا دەردەخســـت... ئەفســـانەکان بـــەتاڵ دەبـــن و رۆح جێگـــای دەگرێتـــەوە، رۆحـــیش دەپوکێتـەوە) دنیـای زۆربـا زیـاتر و زیـاتر بەهـەموو هەسـتە ســـەرەتاییەکانییەوە، کـــە زۆربـــەی کـــات دەگاتـــە پلـــەی (بـۆهیمی)، سـەرۆك تونـد بـە خـۆوە گـرێ دەدات: (ئەگـەر

بمتوانیبوایە ئیسفەنجێك بەدەستەوە بگرم و هەموو ئەوشتانەی فێری بووم و بینیومەو بیستوومە رەشی بکەمەوە، ئینجا بچمە قوتابخانەی زۆرباوە و دەست بە خوێندنی ئەلف و بێی درشتی حەقیقەت بکەم!) ئای ئەو رێگایەی دەیگرم چەند جیاواز دەبێت!! هەر پێنج هەستەکانم رادێنم و تاقی دەکەمەوە. رۆح بە جەستە پڕدەکەمەوە، جەستەشم بە رۆح، لە پاشان لە ناخمدا لە نێوان ئەم دوو دوژمنە ئەبەدییەدا بە یەکەوە گونجانێك دەدۆزمەوە.) حەماسەتی زۆربا سروشتی پێدەبەخشێت: (هەموو ئەو کتێبانە کۆبکەوە و ئاگریان تێبەردە، پاشان کێ دەڵێت تۆ گەمژە نیت! تۆ پیاوێکی بوێری، لەوانەیە شتێکت لێ دروست بێت). وشە پەنادەرو چەکێك بوو دژی بودایی و بیروڕای میتافیزیکی و رەبەنایەتی (پێویستە بە وشەکان بودا گەمارۆ بدەین). وشەکان شمشێرێکی سیحری بوون بۆی، داوای ئەوە بوو: (بۆ ئەوەی لە هێزە تاریك و خوێنرێژەکان و پاڵنەرە شومەکانی بەرەو کوشتن و تێکدان و رق لێبێبوونەوە و پیسبوونی شەرەفمان دەبەن، قوتارمان بێت). ئا بەم شێوەیە وشەکان شمشێر ئاسا بەرەنگاری رۆحی بودا دەبوونەوە تا لە بەهەشتە زەمینییە ونبووەکەیدا وەدەری بنێن. چۆن ئەرستۆ لە ترژیدیا گریکییەکاندا لە وشە (پاکبوونەوە)ی مەبەست بوو، ئەویش ئەوەی لە وشە دەخواست. کاتێك بیری

بــودایی بــاڵی بەســەردا دەكێشــا، ئــەو پــەنای بــۆ وشــەكان دەبرد: (دەبا بودا دەستم لیٚ بەردا).

(رۆحێكــی بێگــەردە، كــون كــون بــووە، عــەدەمی تیایــە و خــۆی عەدەمــە، هــاوار دەكــات، هــەناوتان بــەتاڵ كــەن، رۆحتــان بــەتاڵ كــەن، دڵتــان خــاڵی كــەن، پێــدانانی ئــەو وادەكــات ئــاو لــە زەوی دەرنەچــێت و گیــا شــین نــەبێت و منــداڵیش لــە دایــك نــەبێت)، لــە بورجــە هەڵواســراوەكەی لــە (گشـــت) ی تەجریـــدەوە بـــۆ زەمینـــەی هەســـتەوەری دەخزێـــت: (ئـــەی زەوی تـــەنیا تـــۆ هـــەیت و منـــیش پاشـــەبەرەی تـــۆ نـــیم؟). دڵنیـــا بـــوو (بـــودا) دوا رووبـــار دەبێـــت، كـــە لێـــی دەپەڕێتـــەوە، لـــەوەش دڵنیـــا بـــوو (دوا بـیر)ی دەبێـت: (...بـەلاٌم بەیارمــەتی زۆربـا، بــودا دوا بـیر دەبێـت خـۆمی لـیٚ رزگـار دەكـەم). رۆمانەكـە پڕییـەتی لـە رەگــەزەكانی ململانــیٚ و ئــازار چەشــتنی ســەرۆك، كــە لــە دوورگــەی كریــت دەژی و دەســت بــە گــۆڕانێكی بنــەڕەتی بەرنامــەی ژیــانی دەكــات، پێوەنــدی دەگــەڵ ژیــان وخــەڵك و پرۆســـەی بەرهەمهێنانـــدا دەبەســـتێت، بـــەكردار (فعلـــی) چــێژی ژیــانی هەســتەوەری تاقیدەكاتــەوە. هەســتی دەكــرد هێـــواش هێـــواش جەســـتەی لـــە مەشـــقی لەزگـــەیی دەكێشــێتەوە: (شــەكەتە، ئەوكەســەی نــەتوانێت دەســت بـــەرداری بـــیری بـــودایی و خواوەنـــد و نیشـــتیمان و بیروڕاكــانی بێــت). بــەم جــۆرە ســەرۆك لــە رێبازەكەیــدا بــەرەو جیهــانی هەســتی زۆربــا دەســت بــە تێكشــكاندنی

هــەموو شــتێك دەكــات، نــەك هــەر دنیــای ســۆفیگەریی و بــودا و مەســیح و میتافیزیــك و دانــتی، بــەڵكو نیشــتیمان و بیروڕاكــان و شــۆڕش و هــەموو ئەوشــتانەش كــە لــە گرێــدانی ئــەو هەســتە دووری دەخەنــەوە، كــە ئینســانێكی ســەرەتایی بەرامبــەر زەوی هــەیبوو. دوای ڕێگــا بــڕین و كــاروانێكی ســەخت، ســەركەوتنی كۆتــایی ڕادەگەیــەنێت : (مــن پێویســتم بــەم دوو دڵییــە نییــەو تــێم پەڕانــدووە، وازم لــە خزمــەتكردنی بــودا هێنــاوە، هــەردوو دەستیشــم لێ بــەرداوە فــەرمانم پێكــردووە، كــە جــێم بێڵــێ_ بەیارمــەتی وشــەكان، نەخشــەی ناوەكــەیم بــە قەڵــەمێكی ســووری گــەورە كێشــا). هــەموو شــتێك كۆتــایی هــات. هەســتی بــەو گۆڕانــەو بــەو مرۆڤــە نوێیــە دەكــرد، كــە بەهۆیــەوە گەشەدەسێنێ و لە میانەیەوە پێدەگات.

ئــاوا ســەرۆك _لەمیانــەی كــاروانێكی زۆرانبــازی-دا لــە جەمســەری (گشــت)ی ئەبســتراكتەوە بــۆ جەمســەری(تایبەت)ی هەســتی دەپەڕێتــەوە. لــە ســۆفیگەری و بــودایی و میتافیزیكیــەت و تۆباوییــەوە دەگاتــە جیهــانی قــوڕ و ئــەزموونی هەســتی و بــە (جزئیــات)ەوە دەلكــێ و، بــە تــەواوی ڕادەكــانی وشــیاری و تیــۆر و تەجریــدەوە هەرچــی پێوەندییــە لــە گــەڵ گشــت دەپچــڕێنێ و جیهــانی شــتە زۆر وردەكــانیش كتومــت وەك خــۆی وەردەگــرێ، بــەبێ ئــەوەی هــەوڵی تێگەیشــتن و

هەڵسەنگاندنی بدات، تەنیا هەر بە ڕواڵەت و سەرپچڕ لە شتەکان ڕوودێت.

بێگومان ئەم ڕێبازە زانستییە لە ڕۆماندا بەگشتی دەوڵەمەندترین ڕەگەزەکانی کێشمەکێش و بەیەکەوە بەستنە.ئەگەری ئەمەش ئەوەیە کرداری گۆڕانی دەروونی و فیکری و زیندەگی لەو جۆرە لە، ژیانی زۆربای یاخی سەریەك هێڵ، بەدینامیکییەتترو زیندووترە. ئەمەش چونکە ڕێبازی تەواو سنورداری زۆربا لە شۆڕابەی تاقیگەیەك دەچێت، کە بە توندی و بە هێز لە بەرزایی سپییەکێوانەوە بەسەر گابەردان بێتە خوارێ.

ئەم دوو نموونە تژی لە کێشمە کێش و بەهاو زیندووە، زۆر پرسیاری ڕەواو گڕگرتوو دێننە پێشەوە، پرسیارێك لە دەلالەتە مێژوویی و دەروونییەکان بۆ ئەو دوو نمونە ناتەبایە دەوروژێنن.

سەرەڕای هەموو شتێك خۆ ئەو دوو نموونەیە لە ئاسمان دانەبەزیون، بەڵکو هەردووکیان بەرهەم و بەجێ و شەرعی کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارین لە قۆناغی داڕزان و هەرەسیدا لە قۆناغی قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی، کەتیایدا مافی ئازادی تاکەکەس بە توندوتیژی دڵرەقی پێشێڵ دەکرێت. هەریەکە لە کەسایەتی هەستەوەری زۆربا تاڕادەی توندڕەوی و

کەسـايەتی سـەرۆك_ڕۆمـاننووس_ سـەرتاپا نـوقمی ئەبسـتراکت، دەلالـەتی بـەهادارن، ڕەوشـی کۆمەڵگايـەکی سـەرمايەداری و سـەرجەم کۆمـەڵگا قۆرغکـەرەکان (استغلال) دروسـتيان کـردوون، کـە لـەو کۆمەڵگايانـەش بەگشـتی بـە هـۆی بەرژەوەنـدی چـينايەتی دژيـەکی توێـژەکانی ، کـاری فيکـری و کـاری دەسـتی لـە يـەك جيادەبنـەوە. جـا لەبەرئـەوەی زۆربـا تـەنيا بـەکاری دەسـتی و بەشـە وردەکـانی ميکانيکييـەتی کـرداری بەرهـەمهێنان و بەتەسـکترين سـنووريش بـە ئـەزموونی هەسـتييەوە گرێـدراو و پەيوەسـتە، بۆيـە توانـای تێڕوانينـی سـەرتاپاگيری جولـەی ژيـان و ڕووداوە مێژووييـەکانی لا بێهێـز دەکـات، ئەمـەش بەگشـتی بەرهـەمی لەيـەك جيابوونـەوەی کـاری دەسـتييە لـە کـرداری فيکـری. ئـەو بەرهەمـەی کۆمەڵگايـەکی سـەرمايەداری بەدەسـتی هێنـاوە لەمپـەر لەبـەردەم پەرەسـەندنی تـەواوی کەسـايەتی ئـادەميزاد دروسـت دەکـات، کـە لـە کاتێکـدا دەبيـنين کەسـايەتی سـەرۆك نوێنـەری جيابوونـەوەی کـرداری فيکرييـە، کـە هـەر تاکێـك لـە کـاری دەسـتيداو لـە ژيـانی کۆمەلأيـەتی و پرۆسـەی بەرهـەم هێنانـدا بەگشـتی مومارەسـەی دەکـات، بۆيـە ئەگـەر جيـاوازی نێـوان کـاری دەسـتی و کـاری فيکـری يـەکالأ نەکرێتـەوە و تـەخت نـەکرێت، ئـەوا چارەسـەری ريشـەيی تەنگـژەی نـاوەوەی دەروونـی و فيکـری و زينـدەگی و تاکەکـەس نايەتـەدی،

بۆ ئـەوەی بـوار لـە بـەردەم پێشـکەوتنی تـەواوی کەسـایەتی ئـادەمیزاد بڕەخسـێنیٚ. کـە ئەمـەش لـە ڕێگـای بەسـتنەوەی بـــە گرفتـــەکانی مرۆڤايـــەتی و ديـــاريکردنی هەڵويســـتی پـۆزەتیڤ و وشـيارانە لـە ژيانـدا وەدەسـت ديـت نـەك هـەر بـــە نـــاڕەزايی دەربـــڕين لـــە ســـەر واقيعـــی دەرەکـــی و ڕەتکردنـــەوەی، بـــەڵکو، دەبيـــت لـــە پێنـــاو گـــۆڕينی تێبکۆشێت.

هـاواری (زۆربـا): (هەرچـی لەسـەر ئـەم هەسـارە ڕوودەدات ناعاديلانەيـــە) بـــیٚ ســـوود گـــوم دەبـــیٚ و ئـــەم هـــاوارەی بێهـودەو بـەتاڵ دەمێنێتـەوە- ئەگـەر زۆر بەئيجابيانـە ئـەم ڕەتکردنـەوە و نـاڕەزايی دەربڕينـە بـۆ بزاڤێکـی وشـيارانە نـــەگۆڕدرێت، تـــاوەکو کۆمەڵگـــە کۆنـــە داتەپيوەکـــە ريشـــەکێش بکرێـــت و لەجێگەيـــدا کۆمەڵگايـــەکی تـــازەو هاوچـەرخ بنيـات بنرێـت، کـە لـە باوەشـيدا تاکـە کـەس لـە کۆيلايـەتی و پليشـاندنەوە و نـامۆ بـوون نـەجاتی بێـت. تێکۆشـانی مـرۆڤ بـۆ گـۆڕينی ڕەوتـی جيهـان، پێوەنـدی تـاك بەجـــەماوەر و جولانـــەوەی ژيـــانێکی زينـــدوو و بـــەهێز دەکـاو مانايـەکی نـویٚ بـە ژيـانی تاکەکـەس دەبەخشـیٚ، بـــەلاٚم لـــە کۆمـــەڵگای مرۆڤـــی ســـەردەمدا گـــۆڕينی ئـــەم ناڕەزاييـــە بـــۆ دەســـت کێشـــانەوە لـــەژيانی ئاســـايی و گشـتی، لەناتەباييـەکانی نـاوەوەی (تـاك) تونـدتر دەکـاو دەبێتـە هـۆی ئـەوەی بزووتنـەوەی پێشـکەوتنی مێـژوويی ڕاگـــریٚ و هۆيـــەکانی پليشـــاندنەوە و پارچـــە پارچـــە

بوونیشــی بــەردەوام بــێ. رزگــاربوونی تــەواوی تاکەکــەش لـــە ئاڵۆزییـــە دەروونـــی و فیکرییـــەکانی خۆیـــدا بـــە ئەوپـــەڕگرتن و کشـــانەوە بـــۆ هـــەردوو جەمســـەری دوور لــەژیان- ئەوپــەڕی پلــەکانی هەســتەوەری یــان ئەوپــەڕی پلـــەکانی ئەبســـتراکت- نـــابێ، بـــەڵکو بەتێکهەڵکێشـــانی بزووتنــــــەوەی گۆڕانکارییــــــە کۆمەڵایەتییــــــەکان و بزووتنـــەوەی فیکـــری و شارســـتانی کۆمەڵگایـــەکی هاوچــەرخ دەکــرێ. ئەمــەش بــە تێکشــکانی هــەموو بــەهاو ئامانجــە بــەرزەکانی مرۆڤایــەتی و رەتکردنــەوەی هــەموو شــتێکی چــاك و دەرچــوون لــە هەڵوێســتی عەدەمییــەتی رەتکـــراوەوە مەیســـەر نـــابێ، بـــەڵکو گـــۆڕینی جیهـــان، گـــــۆڕانێکی مێـــــژوویی و بنـــــەڕەتی و بـــــەئیلتیزامێکی وشـــیارانە لەهـــــەموو خەســـــڵەتە نـــــەیارەکانی لـــــە گۆشــەنیگایەکی ئیجابییــەوە دێتــەدی، بــەڵام رایــی بــوون بــە ئاڕاســـتەو رێـــڕەوی رەمـــەکی ســـەرەتایی و بـــوهیمی بـــۆ منـــدالێتی و ســـەرەتایی ژیـــان گەڕانـــەوە، ململانێکـــانی نــاوەوەی (تــاك) قــووڵ دەکەنــەوە. بــە بــەرەنگار بوونــەوەی (تحـــدی) یاســـا زەروورییـــە بابەتییـــەکان چارەســـەری قــەیرانی نــاوەکی و دەرەکــی نــاکرێ، بــەڵکو دەبێــت دەرکــی پـــێ بکـــرێ و دەستیشـــی بەســـەردا بگیرێـــت. بەرەنگاربوونــەوەی یاســا زەروورییــە مێژووییــەکان بێجگــە لــەیاخی بــوونێکی بێهــودە و بــێ ســوود خــۆی لــە زیــواڵی زاڵبـــوونی بـــوون و داڕمـــانی کەســـایەتیدا دەبینێتـــەوە.

ڕۆمانــە کــە بــەرەو ســەر چــڵییەکی بــێ هــودەو بــێ کــەڵکی ئـــاوا هـــەنگاو دەنـــێ، کـــە بـــۆ تێکشـــکانی زەروورەت و، بۆئـــەوەی یاســـای دەرەکـــی ملکەچـــی یاســـای ڕۆحـــی نـــاوەکی بـــێ پـــازدانی ئینســـانی (دۆنکیشـــۆت)ی شـــکۆدار دەکا.

بــەڵام چــما دەشــێ تەحــەدای یاســا زەروورییــە بابەتییــەکان بکـــرێ؟ ئـــەرێ ئـــەم تەحـــەدا کردنـــە چارەســـەری تەنگـــژە دەروونییـــە ئاڵۆزەکـــانی تاکەکـــەس دەکـــات؟ ئـــەزموونی ســـەردەمی مێـــژوویی هاوچـــەرخ، بەبەڵگـــەوە ســـەلماندی کـــە ڕێبـــــازی ئـــــازادی لەمیانـــــەی ڕکەبەرایـــــەتی یاســـــا زەروورییەکانـــەوە نایەتـــەدی، بـــەڵکو وەك (هێگـــل) دەڵـــێ: (لەمیانـــەی دەرککـــردن بەزەروورەتـــەوە مەیســـەر دەبـــێ) لەپاشـــان بەســـەریدا زاڵ بـــێ و لـــەپێناو خزمـــەتی مـــرۆڤ و بزاڤـــی پێشـــکەوتنخوازی کۆمـــەڵگای مرۆڤاییەتیـــدا بخرێتـــە گـــەڕ. چـــەمکی ئـــەو ئازادییـــەی ڕۆمانەکـــە دەیگێڕێتـــەوە، تێکەڵێکـــە لـــە پوختـــەیی بەیەکـــەوە نـــەگونجاوی قەدەرییـــەتی ســـاکار و بوونخـــوازی ســـارتەری و ئایدیالیســـتی تۆبـــاوی و بـــیرو بـــاوەڕی مەســـیحی. ئـــەو وشـــانەی (زۆربـــا) پرســـیاریان لێ دەکـــا لـــەجیاتی بروســـکە بۆچـــی خـــوا ئازادیمـــان پـــێ دەبەخشـــێ؟ ئـــەوە هـــاواری (ئۆگســـت) لەشـــانۆگەری (مـــێش)ی (ســـارتەر) مـــان بـــیر دەخاتـــەوە، کـــە سەربەســـتی بەتەواوی دەستی بەسەردا دەگیرێ.

بەم پێیە ئەم سەرچڵییە ناهۆشیارییە لەخنکان و بەربینگ گرتن بترازێ لە قەیرانەکە زیاد ناکا، چارەسەری تەنگژەش لەرێگای ریشەکێش کردنی هەموو بنەما فیکری و تەجریدییەکانەوە ناکرێ، بەڵکو بەدانانی لەخزمەت پراکتیکێکی زیندوودا دەبێ.. پێویستە بنەمای فیکری و ئایدیۆلۆژی لە بنکەیەکی مادی پتەوەوە هەڵبقوڵێ، کە ئەمە ژیانی کۆمەڵایەتی و بەرهەمداری ئادەمیزادە، نەك تەسەوراتی خەیاڵی تۆباوی، کە ڕەگی لە قووڵایی زەوی دانەکوتاوە، چونکە ئەمە دەبێتە ئەگەری ئەوەی رەگەزەکانی (وەهم) و تەمتومان و ئەبستراکتی رەها گەشە بکا، پێگەیشتنی کەسایەتی تەواو (تكامل الشخصیە) لە رێگای (کەڵەکە کردن و سوتاندنی کتێبان) ەوە نایەتەدی بەڵکو دەبێ کتێب لەراژەی خەڵك و ژیان دابنرێت و بەپرۆسەی پراکتیکی زانستی رۆژانەش ببەسترێتەوە و لەپێناو ئەوەی ئەم دوو جەمسەرە ناتەبایە، جەمسەری تەجریدی فەلسەفی کە نوێنەرایەتی(گشت) دەکاو جەمسەری هەستەوەری سەرەتایی کە نوێنەرایەتی ئەوپەڕی پلەکانی تایبەت دەکاو لەیەك نزیك بنەوە، هەروەها لە پێناو هیوای (گشت) و (تایبەت) و کارلێك کردنی دیالێکتیکیان لەیەك و لە پێناو لێك نزیك خستنەوەی تیۆر و پراکتیکی داهێنەرانەی زیندوو بۆ ژیانی بەشەرییەت.

*** ئـەم بابەتــە لــە ژمــارە (١١٧)ی گۆڤــاری کــاروان، ســاڵی ١٩٩٨، لاپەڕە (٢٢-٢٨) بڵاوبۆتەوە.**

*** سەرچــاوە: فاظــل ثــامر، معــام جديــدة فــى ادبنــا المعاصــر. بغداد. (١٩٧٥)لا (١٦٩-١٨٠)**

## هێمنگوای لە خۆشەویستی و جەنگدا

لەوانەیە بەدواداچوونی درێژدادڕی پەیوەندار بەکەسایەتی راستەقینە لەو دیوی کەسایەتی پاڵەوانی رۆماندا یارییەکی هەڵخەڵەتێنەر و تەڵەکەبازی بێت.

کاتێ کە رۆماننوس ناسنامەی کەسێکی راستەقینە لەپێناوی چیرۆکەکە دەشارێتەوە، گۆڕانێك بەسەر کەسایەتییەکەدا دێنێت، ئەگەر کارەکان بەبێ گرفت تێپەڕین و نووسەر لەلایەکەوە دەوەستێت بە هەستێکی تەواو حەپەسانەوە چاودێری کەسایەتییەکەی دەکات و جلەوی کارەکان دەگرێتە دەست و دەبێتە زمانحاڵی ئەوو ژیانی تایبەتی ئەو دەژی. ئەگەر رۆمانەکەش بنەمای نەمری و مانەوەی هەبوو، ئەوا کارەکە گرنگ نییە. بەڵام لە دوای بەسەرچوونی ماوەیەك خوێنەر ناوی پاڵەوانی رۆمانەکەیان وەبیردێتەوە و ناوی کەسایەتی راستەقینەکە لەبیردەکەن -ئەمە ئەگەر هاتوو بیناسن- کە بەکەسایەتی و پاڵەوانی رۆمانەکە بەخشراوە.

بۆ نموونە خوێنەرانی هێمنگوای (کاترین بارکلی)سستەرە دڵبەرەکەی (فردریك هێنری) لە ڕۆمانی (ماڵئاوایی لە چەك) باشتر لە (ئەگنیس فۆن کوڕۆسکی) دەناسن، کە لای هێمنگوای ئیلهام بەخشی کەسایەتی (کاترین)ە.

بەڵام ئەری! ڕادەی وێکچوونی نێوان کەسایەتی (کوڕۆسکی)ی واقیعی و (کاترین)ی کەسایەتی ڕۆمانەکە چەندە؟ ئەو زانیارییە نوێیانەی لە کتێبی (هێمنگوای لە خۆشەویستی و جەنگدا) هاتوون هیچ گومانێك ناهێڵنەوە، کە (کوڕۆسکی) ڕێك (کاترین) خۆیەتی، کە لە (واشنتۆن) گەورە بووە و زانست و هونەری برینپێچی لە نەخۆشخانەی (بیلیڤیۆ)ی (نیۆیۆرك)دا وەرگرتووە، تەمەنیشی ٢٦ ساڵان دەبێ کاتێك کە (هێمنگوای) تەمەن (١٩) ساڵی لە نەخۆشخانەی (میلانۆ) بۆ چارەسەری ئەو زامەی، کە بە پڕوشکی تۆپی نەمساوی لەبەرەی شەڕی ئیتاڵیا بەری کەوتبوو پاڵ دەکەوێت. دانەری کتێبەکە (هێنری سیرامۆفیلار)ە، کە هەریەکە لە (هێمنگوای) و (کوڕۆسکی)ی دەناسێت. کتێبەکەشی بەهاوکاری لەگەڵ (جیمس ناکل)ی مامۆستای ئینگلیزی لەزانکۆی (نۆرس ئیسترن)ی بەریتانی نووسیوە. ئەو پەیوەندییە عاتفییەی کە لەماوەی جەنگی یەکەمی گێتیدا لە نێوان (هێمنگوای) و (کوڕۆسکی)دا چەکەرە دەکات و

گــەورەدەبێت زۆر لــەوە قــووڵتر بــووە، کــە هەریــەکێکیان دانیان پێداناوە.

لــە کتێبــی بەســەرهاتی ژیــانی هێمنگــوای کــە (کــارلۆس بیکــەر) نووســیویەتی هــاتووە: کــە (ئــەگنیس) ڕێگــای نــەداوە ئــەو پەیوەندییــەی لەگــەڵ هێمنگــوای لــە قۆنــاغی چــاوبازییێکی بەریئانــــە تێپــــەڕبکات، لەبەرئــــەوەی وەك سســتەرێك زۆر بــە دڵســۆزی کارەکــانی خــۆی ڕاپەڕانــدووە، هێمنگـوای ئاسـاش بـیری لـە ژیـانی هاوسـەرێتی و ئـاکنجی بوون نەدەکردەوە.

بـەڵام ڕاسـتییەکانی کتێبـە نوێیەکـە، کـە پشـت ئەسـتورە بـە دەفتــەرە ڕۆژانەییەکــەی (کۆرۆســکی)، کــە لــەم دواییانــە دۆزراوەتــــەوە هــــەروەها نامەگۆڕینــــەوەی هێمنگــــوای لەگەڵیـدا، ئـەوە دەسـەلمێنن کـە پەیوەندییەکـە زۆر گـەرم و گــوڕ بــووە. بــەڵام بەداخــەوە زۆربــەی نامــەکانی هێمنگــوای بــــۆ کۆرۆســــکی فــــەوتاون. کۆرۆســــکی دوای ئــــەوەی هێمنگــــوای ئیتاڵیــــای جێهێشــــت و گەڕایــــەوە وڵاتــــە یــــەکگرتووەکان (دۆمۆنیکــــۆ کاراشــــۆلۆ)ی لاو خۆشــــی ویسـت و، نامـەکانی هێمنگـوای نیشـان دا، ئـەویش سـوور بــوو لەســەر ئــەوەی، کــە نامــەکان بســوتێنێت لەراســتیشــدا ســوتاندی. کەچــی (کاراشــۆلۆ)ی گــەنج (کۆرۆســکی)ی نەخواسـت، لەبەرئـەوەی دایکـی گومـانی ئـەوەی لێ دەکـرد، کـە ئـەم ئافرەتـە بـە جورئەتـەو ئـەزموونێکی زۆری لەگـەڵ پیاوانـدا هەیـەو ناشـێت ببێتـە خێزانـی کوڕەکـەی، کـە لـە

نـــا پۆلی میراتگـــری زەوی و زارو پایەیـــەك بـــوو ، بۆیـــە کۆرۆسـکی شـووی بـە پیـاوێکی ئـەمریکی کـرد، کـە پێشـتر ژنــی هــاوردبوو، منداڵیشــی لــەم پیــاوە نــەبوو. لــە میــانی ئـەو زانیارییـە نوێیانـەی، کـە لـە کتێبەکـەدا هـاتووە دەقـی نامەیـــەکی (کۆرۆســـکی)یە بـــۆ هێمنگـــوای، کـــە ئەمـــە دەستپێکێتی: (ئازیزم جۆن).

ئەمــەش لــە دوانــدنی دایــك و کوڕێــك دەچــێت نــەك ئەڤینـداری، لـە درێـژەی زانیارییـەکان ئـەوە دێتـە پێشـەوە، کـە دانـەری کتێبەکـە چـەندین وێنـەی تیشـکی (X) (اشــعة)ی دەســتکەوتووە، کــە برینــداربوونی هــەردوو قــاچ و ئەنــدامی نێرینـەی هێمنگـوای لەجەنگـدا نیشـان دەدەن. ئەمــەش لــە رووداوی کەســایەتی (جیــك بــارنز) لــە رۆمــانی (خــۆر جارێکی دیکە هەڵدێتەوە) دەکات.

دانــەری کتێبەکــە ئــەو راســتییە دووپــات دەکاتــەوە، کــە کاتێــك – هێمنگــوای– لــە ســاڵی ١٩١٨ لــە بــەرەکانی جــەنگی ئیتاڵیــادا شــوفێری ئۆتــۆمبێلی فریاکــەوتن (اسـعاف) بـووە لـە دوای کۆچـی کۆرۆسـکی لـە سـاڵی ١٩٨٤دا هاوســـەرەکەی یاداشـــت و رۆژژمێـــرە جەنگییەکـــەی داوەتـــە (فـــیلار)ی نووســـەر، ئـــەویش لەپاشـــان داویـــەتی بـــە کتێبخانـــەی (جـــۆن کەنـــەدی) لـــە (بۆســـتن). لـــەم بارەیـــەوە فـــیلار دەڵێـــت: مـــن و ئێرنـــی (ئێرنیســت) لــە نەخۆشــخانە بووینــە هــاوڕێ، کــە ئەوکاتــە ئـەو چارەسـەری برینـەکانی دەکـراو منـیش مـەلاریام بـوو.

ئـــەو نەخۆشـــخانەیە شـــوێنی راســـتەقینەی رووداوەکـــانی رۆمـــانی (ماڵئـــاوایی لـــە چـــەك) بـــوو، کـــە دەســـاڵ دوای دەرچـــوونی هێمنگـــوای لـــە نەخۆشـــخانە چـــاپکرا، (ئێرنی)چـــیرۆکی خۆشەویســـتی لـــە رۆمانەکـــەدا لەســـەر پەیوەنـدی خۆشەویسـتییەکەی لەگـەڵ کۆرۆسـکی بنیـات نـاوە، لـە کاتێکـدا کۆرۆسـکی ئـەوە رەت دەکاتـەوە، کـەوا (کـاترین) نموونـەی راسـتەقینەی ئـەو بێـت، بـەڵام مـن وای بـۆ دەچـم، کـە ئەمـە وابێـت . فـیلار لـە سـەر نامەکـەی کۆرۆسکی، کە نووسیویە (ئازیزم جۆن) دا دەڵێت:

ئەمـــە هێدمەیـــەکی چـــاوەڕوان نـــەکراو بـــۆ هێمنگـــوای، قـەتیش لـەبیری نـەکرد. لـە دەیـان نامـەدا کۆرۆسـکی بـە (کـوڕی خۆشەویسـتم) هێمنگـوای دەدوێنـێ و رووبـەڕووی دەبێتـــەوە. کۆرۆســـکی ســـەرەڕای ئـــەو خۆشەویســـتییە بەتینـــەی لـــە دوا نامەیـــدا (ئـــازیزم جـــۆن) بـــە هێمنگـــوای رادەگـەینێ، کـە خۆشەویسـتی ئـەو خۆشەویسـتی دایکـە و هیچـی دیکـە، کۆتـایی نامەکەیشـی بـە ئیمـزای (هاوڕێـت) دەهێنێت!!ڕێـــك ئـــەو نامەیـــە کۆتـــایی بـــە پەیوەنـــدی نێوانیان دەهێنێت.

بـــەڵام بەرپەچـــدانەوەی کۆرۆســـکی لەمـــەڕ رۆمـــانی (ماڵئـاوایی لـە چـەك) لـە بەرامبـەر فـیلار و کەسـانی دیکـە وادیـاری دا کـە پێـی نـاخۆش بـووە، کـە کراوەتـە بـە دیلـی (کـاترین بـارکلی)، ئـەو کچـە رووخۆشـەی، کـە ئەگـەر بـە

شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ لـە هـەرەتی لاویـدا بـە دڵبـەرەی هێمنگوای لە قەڵەم بدرێت.

هـەروەها دەڵێـت: هێمنگـوای لـەم رۆمانـەدا ئـەم چـیرۆکە خۆشەویسـتییە پـڕ تەوژمـەی هەڵبەسـتاوە، زیـاتر دەدوێ و دەڵێـت: کـەوا ئـەو هەڵویستەی خـۆی بـۆ هێمنگـوای ڕوون کردۆتـەوە: (تکـات لێ دەکـەم مـن لـەو جـۆرە کچـانە نـیم کـە تـۆ بیریـان لێدەکەیتـەوە). لەبەرئـەوە زۆربـەی کتێبـەکانی ژیاننامـەی هێمنگـوای لـەو بـاوەڕەدان، کـە ئـەم پەیوەنـدی خۆشەویسـتییە کامـل نـەبووەو قۆناغـەکانی وەك پێویست نەبڕیوە.

(جۆزێـف ڤالـدمایر) مامۆسـتای ئینگلیـزی لـە زانکـۆی (مەشـیگان) لەسـەر لاپـەڕەکانی دوا ژمـارەی (هێمنگـوای ریڤیـۆ)دا لـە مـەڕ کارەکتـەری (بیلـەر) لـە رۆمـانی (زەنگەنـەکان بـۆ کـێ لێ دەدرێـت)دا دەڵێـت: (بیلـەر) پێکهاتـەی چـەندین ئافرەتـە، کـە هێمنگـوای بـەخۆی ناسـیونی، بـەڵام زیـاتر بەرجەسـتەکردنی (گیروتـرود شـتاین)ە، ئـەو ئافرەتـەی رۆمـاننووس بـەر لـە شـەڕ ناسویەتی، کە هێمنگوای بەم شێوەیە باسی دەکات.

# ئەرنیستۆ ساباتۆ و
## ( پێش کۆتایی )

لەسەر ئەو شاکارە مەزنانەی کە ئەرنیستۆ ساباتۆ پێشکەشی دنیای ئەدەب و رۆشنبیری کردووە، بەئەفسانەی ئەدەبی ئەرژەنتینی ناوی دەبەن و تا ئێستاش لە یادەوەریی ئەدەبی ئیسپانی بە گشتی و ئەدەبی ئەرژەنتینی بەتایبەتی دەژی. ئەرنیستۆ ساباتۆ کە پێشتر رۆمانی (توونێل)یمان خوێندۆتەوە دواتریش رۆمانی (ئەبادۆنی لەناو چوو)و رۆمانی(لە بارەی پاڵەوانەکان و گۆڕەکان)یشی بەدواداهات، وێڕای چەندین کتێب کە لەبواری وتاردا نووسیویێتی و ناوەڕۆکەکانیان بابەتی ئینسانی و زیندەگی بەخۆوە دەگرێت.

ساباتۆ دێتەوە مەیدان بۆئەوەی یاداشتەکانی خۆیمان بەناونیشانی (پێش کۆتایی) پێشکەش بکات، کە پەخشخانەیەکی ئیسپانی چاپ و بڵاوی کردۆتەوە، لەدوای ئەوەی چاپی یەکەمی لە (بۆینۆس ئایرس) لە ئەرژەنتین دەرچوو بوو و پلەی یەکەمیشی لە لیستی

باشترین کتێبی چاپ کراو لەماوەی ئەم ساڵەدا وەدەست هێنابوو.

ساباتۆ لەدوای لەدەستدانی (ماتیلدا)ی هاوسەری و یەکێك لە کوڕەکانی بە کارەساتی ئۆتۆمبێل، کە لە نێو ئازار و خەمەکانیدا دەژیا، زۆر بەچاکی درکی بەوە کرد، کە ناونیشانی یاداشتەکە فرە تراژیدییە... بە شێوەیەك ئاماژە بۆ جۆرێك لە هۆشداری دەکات، بەناوی پێش کۆتایی، کە: (ئاماژەیە بۆ کۆتایی ژیان لەسەر رووی زەوی، وەکو ئێمەی ئادەمیزاد دەیزانین، ئەگەر ئەوەمان لەباردانەبوو دەست لەو رێگا مادییە بۆ ژیان هەڵبگرین بەبێ رێزگرتنی بەها مرۆڤایەتییەکان، ئەوا ئەمەش شێوازێکی زیندەگییە و کاولبوون لە زەوی دەوروژێنێت و بە رێژەیەکی زۆریش چینێکی زۆری بوونەوەرەکان لەناودەبات و مرۆڤیش رووبەڕووی هەڵدێر دەکاتەوە.)

لەسەر ئەوەی ساباتۆ جەختی لەسەر دەکاتەوە، یاداشتەکانی (پێش کۆتایی) راڤەکردنێکمان دەداتێ، داوای دەرخستن و پێش خستنی کارە هەرەوەزی و یەکتاییەکان دەکات و... رۆژنامەیەکی ئیسپانیش بەباشی زانیوە پوختەیەکی کورت لەو یاداشتانە پێشکەش بکات، کە ئێمە ئەو دەقەی لێ بلاّودەکەینەوە:

**ئەوانەی لەگەردوونەوە دوورخراون**

پیاوەکـانیش لـە خاکـەکانیان دوورخرانـەوە، بـەر لـە چـەند ساڵێك لــە گۆڕەپـانی(کۆنگرس) لــە گــەڵ هیندییــەکانی (ویجیـن) دەژیـام و مـاوەی زیـاتر لـە هەفتەیـەکیش مانیـان لـە خــواردن گرتــووە، داوای خــاکی زەوت کراویــان دەکەنــەوە، بــەلأم ئــەوانیش هــەروەك چــۆن رووداوێــك لــە رۆژگــاری داگیرکردنــدا بەســەر بنەماڵــەو بـاپیرانی پێشــوویان هــاتووە، بوونــە قوربــانی هێــز و شــەڕ و نەخۆشــی و هێرشــی رەشــەکوژی، هــەر لەوکاتەشــەوە لــە پێداویســتییە ســەرەکییەکانی مــاڵ و نیشــتەجێبوون و فێرکــردن و چــاودێری تەندروســتی بــێ بــەش کــراون ناچـار کـراون ملکەچ بن و مامەڵەی ناشیرینیان لە تەکدا دەکرێت.

ئەمــە کێشــەیەکی ترســناکەو لەســەر ئــەو کۆمەڵگایانەیــە رووبــەڕووی ببنــەوە ، کــە بــە مەترســییەکی بێزارکـەر و لەناوبـەر دەژمێـردرێن و زەرورەتـی کـۆچ بـۆ شـارە گــەورەکان لــە خۆیــدا هەڵــدەگرێت... بــۆ ئــەو شــوێنەی شــێتەکانی لێ دەژیــن... بــۆ ئــەو شــارانەی کــە برســێتی ڕاپیێچـاون، بـۆ شـارانێك بـە سەرشـۆڕی تێیـدا دەژیـن، کوچـەو گەڕەکـەکان کۆیـان دەکاتـەوە، کـە کـۆلێرا و سـیل و هــەموو ئــەو دەرد و بەلأیانــەی تێــدا بلأودەبێتــەوە لــە توانای دایە مەرگ و هەژاران بەیەکەوە بگوازێتەوە.

(ئەگـەر لێـرەدا بۆمـان بکرێـت ئـەو کـرداره بـە مانایـەکی گـەورەی شـاراوە بـەکار بـەرین) یـان ئـەوەتا بـە غـەریبی دەژیــن و خــۆ ون دەکــەن و زەوی بــۆ خــەو رادەخــەن، یــا

لاشەکانیان بەسەریەکدادەکەون و بارستاییەك لە پیسایی و قێزەونی هەڵدەنێن.

لە گۆمەڵگا میللیەکاندا کرداره سەرەکییەکانی بوون و مانەوه بە ریتمی گەردوون و سروشتەوه گرێ دراون و، هەتا ئێستاش ئەم کۆمەڵگایانە پارێزگاری لە دروشمە ئاینییەکانیان دەکەن، وەك ئەوەی (مابۆچۆ) لە شیلی ئەنجامی دەدەن، کە سالأنه خۆیان بۆ پێشوازی ساڵی تازه ساز دەدەن، ئاهەنگ دەگێڕن و سەماو نوێژ بۆ خواکانیان دەکەن لێیان دەپاڕێنەوه و داوای ئاسوودەیی و لێخۆش بوون و کاری چاکیان لێدەکەن، دەخوازن ساڵی نوێ گەشبین و پڕباران و بەروبووم بێت. بە پێچەوانەی ئەوەش لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا (سرووته)ە ئاینی و دابونەریتەکان، کار و رەنگ و بۆی خۆیان ون دەکەن یاخود بەمانایەکی دیکە بۆ وێنەی رۆتینی و فره (زائیف) گۆڕاون و کەس باوەڕی پێیان نەماوه، ئەمەش لە سۆنگەی هەمەجییەتی تەکنەلۆژیاوەیە. لەوکاتەوەی کە بیری جادوویی لە هزری عەقلانی و مەنتیقی جیابۆوه، ئیدی ئینسان لە یەکەی راستەقینەو ئەسڵی خۆی گۆشەگیر بوو... هەتا هەتایە هاوتەبایی نێوان مرۆڤ و گەردوونیش لاواز بوو.

* ئەم بابەتە لە برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە ١٤٢ ، هەینی ١٩٩٩/٩/٣ بلأوبۆتەوه.

# پابلۆ نیرۆدا
# شاعیری ئەویندارییەکان

ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر پابلۆ نیرۆدای شاعیری هاوچەرخی جیهان بەوەی زۆرترین خوێنەری هەیە بزانین. کەمتر لە گۆڕەپانی شیعری هاوچەرخی جیهانیش کەسێك دەدۆزینەوە، کە پابلۆ نیرۆدا ئاسا خۆشەویست بێت.

نیرۆدا لەساڵی ١٩٠٤ لە"پارال"کە شارۆچکەیەکی بچکۆلەی شیلییە لەدایکبووە. لەقۆناغی خوێندنی قوتابخانەیدا ئاشنایەتی لەگەڵ"گابری لامیسترال"ژنە شاعیری ناوداری شیلی پەیدا کردو، هەر ئەو شاعیرە بوو کە دەروازەی جیهانی ئەدەبیات و شیعری بەرووی ویدا کردەوە.

نیرۆدا لە"١٥"ساڵیدا چۆتە گۆڕەپانی ئەدەبیاتەوەو کەوتە هۆنینەوەی شیعر و ژیانی تژی ڕووداوی خۆی درێژە پێدا. نیرۆدا لەپڕ ئاژاوەترین قۆناغی مێژووی جیهاندا ژیاو، بەنابەدڵی و تەنیایی بەدوای دەست خستنی کاردا، لەسەر ڕاسپاردەو قسەی یەکێك لە ناسیاوانی دەسەڵاتداری، کە کۆنسۆڵ بوو چووە ڕانگۆن

لەبێرمـە، لەهـەمان تـافی لاوێتیـدا لـە گۆڕەپـانی ئـەدەبیات و سیاســـەتدا خـــۆی خزانـــدە نـــاو چـــالاکی و جموجـــۆڵی تێکۆشەرانەوە.

نـیرۆداش وەکـو هـەزاران سـەربازی رۆشـنبیری دەیـەی سـی زایـینی لـە سـەدەی رابـردوودا ئامانجـە کۆمۆنیسـتییەکان بـەلای خۆیانـدا کـێش کـردو پـاڵی وەبـەرەی چـەپەوە دا، چـــالاکانە لـــە جەنگـــە ناوخۆییـــەکانی ئیســـپانیا دژی دیکتـاتۆر بەشـداری کـرد. ئـەو لـە کتێبەکـەی خـۆی بـەناوی "بیرەوەرییـەکان"ەوە دەنووسـێت: کەچـۆن لـەناو هـەراو زەنـای جەنگـدا لەمەدریـد شـیعرەکانی بەناوی"ئیسـپانیا لـــەناو دڵـــی مندا"کـــە پـــەڕەکانی لەبەهـــەویرکردنی کۆنەپـــەڕەو تەنانـــەت کراســـە دڕاوی ســـەربازان ئامـــادەکرابوو، بـــەتیراژی ٣٠٠دانـــە چـــاپکرد و لـــەناو شۆڕشگێڕان دەستاو دەستی پێدەکرا.

ســـەفەرە جیاجیاکـــانی، چ لەســـالانێ کـــە بەشـــێوەیەکی فـەرمی نوێنـەری دەوڵـەتی شـیلی بـوو لـە باڵیۆزخانـەی وڵاتـانی جۆراوجـۆر، چ سـالانی دوورخراوەیـی لـە شـیلی، ئـەویان لەگـەڵ کەسـایەتییە ناودارەکـانی سـەدەی بیسـتەم و لـە ئـەدەب و سیاسـەت ئاشـناکرد. نـیرۆدا کـە لـەکتێبی بیرەوەرییـەکانی خۆیـدا سـەبارەت بـە ناسـیاوی دەگـەڵ نـەهرۆ، ماوتسـی تـۆنگ، چـونن لای، فیـدل کاسـترۆ و نزیکـــــەی تـــــەواوی کەڵـــــە ئـــــەدیبانی دەیەکانی"٢٠"تا"٧٠"زایینی دەدوێت.

نـــــیرۆدا لــــــه دەورانــــــی جــــــەنگی ســــــاردد‌ا بەلایەنگری"ســــتالین"تاوانبارکرا. بـــەڵام شـــیعرەکانی ئـــەو هێنـــدە پـــڕ توانـــاو لـــەودیوی جەنجاڵییـــەکانی رۆژەوەبـــوو، کـــە نـــەیارەکانی نـــەیانتوانی بـــەو تۆمەتانـــە ئـــەو لـــە گۆڕەپانەکە وەدەرنێن.

شـــیعرە غـــەزەلی و دڵدارییـــەکانی نـــیرۆدا ئەوەنـــدە بـــەهێزبوون، کـــە ســـنوورەکانی جوگرافییـــان بەزانـــدو بەئاســـانی لـــە دڵـــی خـــەڵکی جیهانـــدا شـــوێنی خۆیـــان کردەوە.

یەکـــەمین کۆمەڵـــە لـــە شـــیعرە ئەوینییـــەکانی نـــیرۆدا بەفارســـی لەســـاڵی ١٣٧٤ هـــەتاوی لەژێرناوی"هـــەوام لێ قەدەغـــــە بکـــــە، بـــــەڵام خەنـــــدەت نا"لەلایـــــەن بڵاوکراوەی"چشـــمە"وە روونـــاکی بینـــی و پێشـــوازییەکی گـــەرمی لێکـــرا، ئێســـتا چـــاپی هەشـــتەمی ئـــەم کتێبـــە لـــەبازاڕەکانی ئێراندایـــە. دوای ئـــەم کتێبـــەش ، چـــەندین کۆمەڵـــەی دیکـــە چـــاپ و بڵاوکرانـــەوە، بـــابلۆ نـــیرۆدا ئـــەمڕۆ نـــاوێکی دیـــارو نـــاوداری بـــواری ئـــەدەب و شـــیعرە بـــۆ تامـــەزرۆیانی شـــیعر. نـــیرۆدا دوای هاتنـــە ســـەر تـــەختی حکومەتی"ســـلڤادۆر ئەلندە"لـــە ئیســـلانگرا نیشـــتەجێ بـــوو و بەتـــەواوی پشـــتی لـــە سیاســـەت کـــرد،"١١"رۆژ دوای کۆدێتـــای ١٩٧٣لەشـــیلی و کـــوژرانی ئالنـــدە، نـــیرۆدا لەشـــوێنی نیشـــتەجێ بوونەکـــەی حـــۆی لـــە ئیســـلانگرا کۆچی دوایی کرد.

ئەمەش نموونەیەکی شیعرەکانێتی:

سێبتێمبەر

ئەمڕۆ رۆژێك بوو وەك جامێکی لێوانلێو

ئەمڕۆ رۆژێك بوو وەك شەپۆلێکی سەنگین

ئەمڕۆ رۆژێك بوو بە پانایی زەوی

ئەمڕۆ دەریای تۆفانی

ئێمەی بەماچێ بەرزکردەوە

وابڵند کە بە بروسکەیێ هەللەرزین

گرێدراویش لەنێو یەکدا

دایبەزاندینە خوارەوە

بێ ئەوەی لێکمان جیا بکاتەوە

ئەمڕۆ جەستەمان تینی تێکەوت

تا لێواری جیهانی فراوان

توایەوەش

بوو بەدڵۆپەییێك

لەمۆم یان نێزەك

لەنێوان من و تۆدا دەرگایەکی تازە کرایەوە

**کەسێکی بێ سیما هێشتا**

**لەوێ چاوەڕێی ئێمە بوو**

**ئـەم بابەتــە لــە ژمــارە"٢٠"ی ٢٠٠٥/٣/٣٠ لــە رۆژنامــەی "ستایل"بڵاوبۆتەوە.**

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری "ینکی"ژمارە"٣٣"لا٤١.**

## بۆ فیۆدۆر چالْیاپین (١)
## لە دەوروبەری (١٤) سێپتێمبەری ١٩٠٩
## ئازیزم فیۆدۆر

کۆنستانتین پترۆڤیچ(٢) کە تازە هاتووە ئاشکرای دەکات، کە تۆ نیازتە بەسەرهاتی ژیانی خۆت بنووسیت و بڵاوی بکەیتەوە. ئەم هەواڵە جگە لەوەی زۆر بە توندی وروژاندمی، ناڕەحەتیشی کردم، بۆیە لەم رووەوە بە ناچاری ئەم بابەتەی خوارەوە رادەگەیێنم: ئەم کارەی دەتەوێت ئەنجامی بدەیت، مەسەلەیەکی یەکجار جدی و گرنگە، واتە نە تەنیا ئێمەی رووس پێمان خۆشە، بەڵکو تەواوی گەلانی جیهانی پێشکەوتوو لایان پەسەندە. بەتایبەتی دنیای هونەردۆست!ئەوەت قبووڵە؟

دەبێ ئەم کارە لە ڕادەبەدەر بە جدی وەربگری و ناکرێ بە هەر شێوەیەك بێت پێکی بێنیت، من زۆر بەجدی داوات لێ دەکەم و دەبێت تۆش قەبوڵت بێ، کە تاکو ئەم مەسەلەیە لەگەڵ من باس نەکەیت لە لای کەسێکی دیکە نەیدرکێنیت ئەگەر بابەتەکەی تۆ بکەوێتە بەردەستی کەسێکی ناکەس و نەشیاو، کە توانای تێگەیشتن و

گرنگــی لــە رادەبــەدەری بابەتەکــەی نــەبێت. واتــا گرنگــی ژیــانی نەتــەوەیی، کــە بەشــێوەی رەمــز دەرکــەوتووەو هەڵبەتــە شــایەتی دەســەلاَت و توانــایی خــاکی نیشــتمان و کانیــاوە روونــەکانی خوێنپاکییەکــە، کــە لــە دڵــی ولاَتەکەمانــدا لــەژێر نــیر و ســتەمی فــەرمانڕەوایانی تاتــار ئاســا لێــدەدات تێنەگــەن، دەبێتــە داخێکــی گــران. ئاگاداربــە فیــۆدۆر رۆحــی خــۆت نەدەیتــە دەســت بەقاڵــە گەڕۆکــەکانی ئــەدەبیات! دڵنیابــە وەختــیٚ تــۆ لــە بــە هەڵەداچــوون ئاگــادار دەکەمــەوە، لەبــەر (دڵســافی) و کەمتەرخەمیتانــە لــەم جــۆرە کارانــەدا، کــە ئەگــەری رووداانــی زۆریشــی هەیــە، لەوەشــدا مــن هــیچ چــاوم لــە بەرژەوەنــدی خــودی خــۆم نییــە. پێشــنیاری مــن ئەوەیــە، کــە مــاوەی مانگێــك یــا مــانگ و نیوێــك بێیتــە ئێــرەو ســەربردەی ژیــانی خــۆت بــە مــن بڵــیٚ تــا بینووســمــەوە، یــان مــن بێمــە هــەر شــوێنێك کــە تــۆ دەتــەوێت و بەیەکــەوە ئــەو کــارە بکــەین. دیــارە کــە مــن دەســت ناخەمــە مــاکی بابەتەکــەوە، تــەنیا ئــەو جێگایانــە نــەبێت، کــە پێویســتی وەبیرهێنانــەوە بێــت و مــن خــۆم تێهــەڵقورتێنم و ئــەو شــوێنانەش، کــە دەبێــت کــورتبڕی بکرێــت بــۆتی دەستنیشــان دەکــەم. ئەگــەر پێــت خــۆش بــوو زمــانی چــیرۆکەکەت بــۆ هەڵدەبــژێرم، تــۆش هــەر دەســتکاری و گۆڕانێکــت پــیٚ خــۆش بــوو سەرپشك بە.

بــە بۆچــوونی مــن نووســین دەبــێ زۆر بــەرزبێت، بــاوەڕت بێــت مــن بــەهیچ شــێوەیەك مەبەســتم نییــە جێگەیــەکم لــەناو چــیرۆکەکەتدا هــەبێت. نا،نــا، لەڕاســتیدا وا باشــە خــۆت لەســەر خــودی خــۆت قســە بکــەیت. ســەبارەت بــە نامەکــە تکــات لێدەکــەم لــەلای کــەس مەیدرکێنــەو بەکەسیشــی نەدەیت.(ســبحان اللــە) دەترســم تــۆ وەکــو پێویســت ســەرنج نەدەیتــە بایــەخی نەتــەوەیی رووســی و بەســەرهاتی خــۆت، هــاوڕێی خۆشەویســتم تــاویٚ چــاوانت بنوقێنــەو بیربکــەوە. ئەگــەر بــە چــاوی نــاخ(دڵ) بڕوانیــت پەیکــەرێکی لەشــێوەی (سامســــون وارمـــوریکی) هەڵکـــەوتووە لـــە دەشــــتێکی خۆڵەمێشی دێتە بەرچاوت.

نــازانم چــۆن و لــە بۆتــەی چ پەیڤێکــدا هەســتی خۆمــت بــۆ دەربــــڕم، لـــە کۆنســـتانتین پترۆڤـــیچ، کـــە مرۆڤێکـــی زۆرخانــەدان و بــە ڕەوشــتە بپرســە، تــا پێتــان بڵێــت: کــە بــیرو بۆچــوونە ســەرنج راکێشــەکانتان لــەلای مــن چــەندە بەنرخن.

مـــن لـــەرووی هاورێیەتییـــەوە داوات لێدەکـــەم، کـــە لـــەم کارەتــدا پەلەنەکــەیت و تــا لەگــەڵ مــن نــە ئــاخڤی دەســت بەکارەکە نەکەیت.

بــاوەڕت بێــت ئــەم کــارە زیــانێکی نابێــت، بەپێچــەوانەوە سوودبەخشیش دەبێت، بەتەلەگراف وەڵامم بدەوە.

لــە کۆتاییــدا زۆر بەجــدی داواتــان لێدەکــەم ســەبارەت بــەو نامەیە قسە لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکەیت.

ک.پ (کۆنســتانتین پترۆڤــیچ)ی هاوڕێمــان ســڵاوی بــۆ ئێــوە و (ماریـــــا ڤالینتینۆڤنـــــا)ی "٣"هاوســــــەری چـــــاڵیاپین دەنێرێت، سڵاوی منیش بەو بگەیەنن.

## پەراوێز:

١ – chaliapin Fyodor ١٨٧٣– ١٩٣٧ گۆرانیبێـــــــژێکی نـــاوداری رووســــییە، لەســـــەردەمی خۆیـــدا ناوبـــانگ و خۆشەویســــتییەکی زۆری لــــەلای خــــەڵکی وڵاتەکــــەی هەبووە.

٢– Petrovich Konstantin ١٨٦٤ – ١٩٣٩ ســــــەرۆکی دەستەی بەڕێوە بردنی چاپ و بڵاو کردنەوەی ژنان بوو.

٣– Valentinovna Maria

سەرچاوە: نظریات از نظری گورگی

# یەڤگینی یەڤتەشینکۆ شاعیری ویستگەی زستان

نووسینیش جۆرێکە لە لەدایکبوونی رۆحی... هەڵبەتە هەندێك جار ئەم شێوە لەدایکبوونە لەنۆ مانگ پتر دەخایەنێت. ئەوەی کە جێگای بایەخە ئەوەیە، ئەو شێوە نووسینە بەدەستبێنی، کە لە هەمان کاتدا هەرجارەی شێوەیەکی نوێی دەویَ"

یەڤگینی یەڤتەشینکۆ- Yevgeny Yevtushenko – گەورەترین شاعیری زیندووی ڕووسییەو لەو شاعیرانەیە، کە لە پاش شاعیرانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر پێی ناوەتە گۆڕەپانی شیعر و شاعیرییەوە لە ڕووسیا، ئەو گەواهی گۆڕانکارییە گەورەکانی دوای مردنی ستالین بوو، ئەگەرچی ئەو بۆ خۆی وەك شاعیرێك لە نەوەییێکەوە هاتۆتە سەر پێ ، کە چەندین خواست و مەبەستی جیاوازی هەبوو لەوەی حزبی کۆمۆنیست پەروەردەی دەکردن.

لە مێژووی شیعری هاوچەرخی ڕووسیدا دوو قۆناغی شایانی باسکردن هەن:

قۆناغی یەکەم: شاعیرانی وەك (پۆشکین، لێرمەنتۆف، لە ساڵی ١٨١٠-١٨٤٠ پێکی دێنن).

قۆنــاغی دووەم: پێوەنــدی بــە ســێ دەیــەی ســەرەتایی ســەدەی بیســتەمەوەیە، ئــەو قۆناغــە لــە بــەرەو پێشــبردنی ئــەدەبیاتی هاوچــەرخی رووســیادا ڕۆڵێکــی دیــاری هــەبوو، لـــەم دەورەیـــە ڕێبـــازی جۆراوجـــۆری وەك ســـیمبۆلیزم، ئاکەئیســم و پێکهاتــە خــوازی و وێنەگــەرایی و، شــاعیرانی وەك: (بلـــۆك، برســـۆڤ، پاســـتێرناك، مایکۆفســـکی، ئاخماتۆڤـــا، مندلشـــتام، باگریتســـکی، خلبنیکـــۆڤ، یەســـەنین) کاریگـــەری زۆریـــان چ لـــە پـــێش و چ لـــەدوای شۆڕشی رووسی هەبوو.

ئـــەوان ئامانجـــەکانی شۆڕشـــیان قـــەبووڵ کـــرد، بـــەڵام ڕەزامەنـــدیان بـــۆ کـــار و کردەوەکـــانی حزبـــی کۆمۆنیســـت دانەنوانـــد، بـــەجۆرێك، کـــە هەریەکـــەیان بـــە ڕەوشـــتێکی تایبــەتی خــۆی کاردانــەوەی بەرامبــەر بــە حــزب نیشــاندا، لــە دوای ئـــەم قۆناغـــە درەوشـــاوەیە شـــیعری ڕووســـی ڕووبــەڕووی کزبــوون و ئــاوابوون بــۆوە، تــاکو ســاڵی ١٩٣٤ هــەموو ئــەو شــاعیرانە هەریــەك بــە شــێوەیەك لــە ژیانــدا نــەمان( مردنــی سروشــتی، کــاری زۆرەملێــی ئۆردوگاکــان، خۆکوشــتن، لــە ســێدارەدانی ئاشــکرا و نهێنــی)، بێجگــە لــە ئاخماتوڤــاو مندڵشــتام و پاســتێرناك، لــە دەیــەی ســیدا ئــەو ســێ شــاعیرە ڕێیــان پــێ نــەدرا هــیچ کۆمەڵــە شــیعرێك چــاپ بکـــەن، حکومـــەتی ئـــەو کاتـــەی ڕووســـیا سانســـۆرێکی توونــدی ئــەوتۆی داهێنــا، کــە خەســڵەتی جــۆش و خــرۆش و ئـــەزموونی ئـــەدەبیاتی دەورەی پێشـــووی کـــۆنترۆڵکرد.

ئـەدەبیات دەبوایـە لـە ژێـر خواسـتی حزبـدا کـاری بکردایـە، ئەگەرچـی شـاعیرانی بـەتواناى دیکـەش هـەبوون، کـە نـەیانتوانی لـەو دەیـەدا شـیعرەکانیان چـاپ بکـەن ، لەوانە: تڤاردۆڤسکی، زابۆلۆتڤسکی، مارگاریتائەلیگیر.

لـەماوەی جـەنگی دووەمـی جیهانیشـدا چ شـاعیرانی تـازە و چ ئەوانـەی کـە نووسـینیان لـێ قەدەغـەکرابوو، شـیعری چـاکیان خسـتە ڕوو، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٤٨ ڕژێمـی تۆقێنـەری ژیـدانۆف وەزیـری ڕۆشـنبیری سـتالین نیشـانیدا، کـە هەلومـەرجی شـیعر سـەبارەت بـە دەیـەی (سـی) زۆر خـراپترە، کەچـی سـاڵەکانی دوا دوای ژیـانی سـتالین هاوکـات بـوو لەگـەڵ چـاپی یەکـەمی کتێبـی شـاعیرێکی گـەنجی بـەتوانا بـە نـاوی (یـەڤگینی یەڤتەشـینکۆ)،ئەو لـە سـاڵی ١٩٣٣ واتـا پـاش سـاڵانێکی زۆر لـە دوای شـۆڕش و شـەڕی نـاوخۆ و کۆچـی دوایـی لیـنین، لـە خێزانێکـی لادێیـی لـەدایك بـوو. لەسـەر ئـەم بنەمایـەوە، کـە ڕووداوەکـانی وەك دەورانـی ئیحساسـی سـاڵەکانی رابـردوو نـەیانتوانی سەرچـاوەی شـیعرەکانی ئـەو بتەقێننـەوە، یەڤتەشـینکۆ لـەبارودۆخێکی تـەناهی کـە بەسەر رووسیادا سەپابوو پێی نایە مەیدانەوە.

لەبـەر ئـەوە لـەم جـۆرە فەزایـەدا قسـەکردن لـە جیـاوازی نێـوان کۆمـەڵگای کـۆن و نوێـدا بـووونی نـەبوو. وەڵامێکـی کـە بـۆ ئـەو کاتـە هێنابوویانـە ئـاراوە، پێوەنـدی بـە کەڵکەڵـەکانی شـاعیرانی نـەوەی یەکـەمی شۆڕشـەوە بـوو،

بەلاّم کەڵکەڵەکانی یەڤتەشینکۆ و نەوەی ئەو زۆر جیاواز بوو، ئەو نوێنەری نەوەیەك بوو،کە راستییە کۆنەکانی لە قووڵایی چاوی تازەدا دەبینی، بە هەمان ئەو شێوەیەی، کە هەر نەوەیەکی تازە دەبوو ئەوەی بکردایە. ئەو بە چاوپێداگێڕانەوەی بە شیعر و بە تێگەیشتن لەوحەقیقەتە رۆحیەی وەك زمانحاڵی شاعیرانی گەنج ناسراو، توانی شیعری هاوچەرخی رووسی لەو بنبەستییەی، کە دووچاری هاتبوو رێگای لەبەردەمدا بکاتەوە. یەڤتەشینکۆ ژیانی هەر شاعیرێکی دەگەڕاندەوە بۆ شیعرەکەی، بۆ ژیانی نووسەرێکیش دەبێ لەبەرهەمەکەیدا بۆی بگەڕێی، هەروەك خۆی لە یەکەمین دێری کتێبی سەرگوزشتەکەی بەناوی (یەڤتەشینکۆ) دەنووسێت:

(سەرگوزشتەی هەر شاعیرێك هەمان شیعرەکەیەتی). ئەو لە دوورە شارێکی بە ناوی (زستان/Zima) لە کەناری هێڵی ئاسنینی سێبیریادا گەورە بوو، ناوچەیەك کە گەلانی جیاوازی وەك: ئۆکرانی، رووسی، تاتاری، تێدا دەژین، لەم بارەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ شیعرە بەرزەکەی بەناوی وێستگەی زستان ( Stantsiya Zima). لەو شیعرەیدا باس لەخۆی و بنەماڵە و باپیرانی و رووداوەکانی وڵاتەکەی دەکات، باوکی زەویناس بوو، بۆیە یەڤتەشینکۆ بەهۆی باوکییەوە لە (١٥-١٦)ساڵییەوە بۆ دۆزینەوەی زەویناسی رووی

کــردە (کازاخســتان و ئالتــایی). دوای ئــەوەی وەك قوتــابی زانکــۆ لــە دامــەزراوی ئــەدەبی مۆســکۆ خــەریکی دەرس خوێنــدن بــوو، لــەو شــوێنەی کــە نــەیتوانی هــیچ ســەرکەوتنێك وەدەس بێنــێ. ئــەو هــەر لەمنداڵییــەوە هــۆگری شــیعر بــوو، ئامــادەیی خــۆی زۆر زوو بــە دیارخســت، یەکــەمین کۆمەڵــە شــیعری لــە ساڵی ١٩٥٢ بــە چــاپ گەیانــد و دووەمــین کۆمەڵــە شیعریشــی لــە ســاڵی ١٩٥٥ بــە نــاوی (سـێیەمین بــەفر) چــاپ کــرد و لــە ســاڵانی ١٩٥٥-١٩٥٧ لــە شــێوازی شــیعردا گەیشــتە لوتکــە، ئــەو قۆناغــە بــۆ ئــەو، قۆنــاغێکی پــڕ کــار بــوو، بەرهەمــەکانی یــەك لــە یــەك چاکتر بــوون، بــەڵام ناوبــانگی تــازە مەترســی خــۆی هەیــە. زۆر لــە رەخنــەگرانی رووســی، کــە لــە پــاش مــاوەی ســەردەمی نــاخۆش و نالــەباری ســتالین مابوونــەوە، لــە زەمــانێکی کــە شــیعر بــە شــێوەیەکی گشــتی ببــووە قوربــانی ژێــر پێــی دۆگمــاتیزمی سیاســی، بــە گــوێرەی شــاعیرانی گــەنجی ئامــادە و تــازە نەفــەس و پێگەیشــتوو، لــەوەدا بــوون، کــە خۆیــان راســتییەکان بەدەســت بێــنن، نــەك ئــەوەی کــە لەســەرەوە بۆیــان دیــاربکرێ، کاردانــەوەی تونــدیان نیشــاندا، لەوکاتــەی یەڤتەشــینکۆ رووبــەڕووی وتــاری دوژمنکارانــە بــۆوە، دوای بەچــاپگەیاندنی شــیعرە بەرزەکــەی ( Stantsiya Zima) ناچــار بــوو لــەو دەزگــا ئەدەبییەوە بکشێتەوە.

لــە ســاڵی ١٩٥٩ هەڵبژاردەیــەك لــە كورتــە شــیعرەكانی و هــــەروەها پاشــــكۆیەكی (ســــانتزیازیما)ی بەناونیشــــانی خــەڵكی كــوێی، بــە تــیراژی بیســت هــەزار دانــە چاپكرد و یەكسەریش فرۆشرا.

شــــیعرەكانی دوایــــی كــــەمتر درامــــایی بــــوون، زیــــاتر تەمومــژاوی و فیكــری بــوون، وا پێدەچــێت رووییێكــی دیكــە لــــە توانایییەكــــەی لــــە خــــاڵی خۆوەدەرخســــتن بــــن، وەك شــیعرەكانی (بــابی یــار) و (خــەڵك) نیشــانی دەدەن، كــە بــە هــیچ شــێوەیەك سەرچــاوەی سروشــتی لــە كۆتــایی دەیــەی بیســت ســاڵی وشــك نــەبوو ئەوشــتەی، كــە لەمــەڕ زۆربــەی شاعیرانی پیشەیی روو دەدەن.

ڕەنگــە هۆكــارێكی زۆر هــەبێت لــە بــە دیاركــەوتنی شــیعری نــوێ لــە یەڤتەشــینكۆ، ئــەو لــە ســاڵی( ١٩٦٠) ســەفەرێكی دوورودرێــژی بــۆ فەرەنســا و ئــەفریقیا و ئــەمریكا و كوبــاو ئینگلســتان كــرد، ئاســۆی بــیری فــراوان بــوو، هەوڵــدانی ســــەخت، هــــۆگری زۆری بــــە خــــەڵك، ئاوێتــــەی ئــــەو ســەفەرانەی بــوون، كــە لــە ئاكامــدا ئــەویان وەك شــاعیرێك و تاكێــك بــە هــەمان شــێوەی كــە لــە ســاڵەكانی گەنجیــدا لــە گەشــتوگوزاری كۆمــاری جۆرجیــا بــە هەڵچــوون و ســروش وەدەستی هێنا بوو، خستبووە ژێر كاریگەری خۆیان.

یەڤتەشــــینكۆ لــــە ســــاڵی ١٩٥٤ ئاشــــنایی لەگــــەڵ (بلاخمادولینــا)ی تەمــەن ١٨ســاڵە پەیــدا دەكــات، هــەر ئــەو

ساڵە زەماوەند دەکەن و (بلا) کە ((خۆشی شاعیرێکی گەورەیە)) دەبێتە یەکەم هاوسەری یەڤتەشینکۆی بیست و یەك ساڵە، هەرچەندە ئەم هاوسەرییەش هەتا سەر نەبوو.

لە ساڵی ١٩٦٢ هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانی یەڤتەشینکۆ بە تیراژی سەد هەزار دانە چاپکرا، لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەمڕۆکە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی شاعیرێك پێوەندی بە خواستی گشتییەوە هەیە، نەوەك دەستە و دەستپێکردن و پلەکانی (فەرمی و دەسەڵات)، چالاکییەکانی زۆر بەرچاون سەرەڕای دنیای شیعر، ئەو لە بورای سینەما، ڕۆماننووسی، کێشە سیاسییەکان زۆر بە چالاکی لەکاردا بوو. شایانی باسکردنە ئەو لە هەڕەتی گەنجیدا وەرزشوانێکی شارەزاش بوو لە پایسکل سواریی و پینگ پۆنگ و فوتبال، وەك (گۆڵچی). ساڵی ١٩٤٩ یەکەمین شیعریشی لە گۆڤارێکی وەرزشیدا بە چاپ گەیاندووە، تۆوی شیعر و شاعیری هەر لەو کاتەی منداڵییەوە لە ناخیدا چەکەرە دەکات، لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا منداڵیی خۆی بەخوێندن و سەماکردن و شیعر خوێندنەوە بەسەر دەبات، لە پاشاندا شیعرێکی بۆ گۆرانی نووسی، ئاوازێکیان بۆ دانا، کە ببووە وێردی سەر زمانی تەواوی خەڵك.

کـاتێ لەمـەڕ کـارە جۆراوجۆرەکـانی لێـی دەپرسـن، دەڵـێ: (مـن نووسـەری ئـەو کەسـانەم، کـە خۆیـان ناینووسـن، ئـەوەی گـرنگ ئەوەیـە کـە مـرۆڤ توانـای هـەبێت کـە بـیری بـەلای ئەوانـدا وەپـێش بخـات، ئـەو کـارەش دەتـوانری بـە وێنـەی فـیلم، یـا شـیعرێك بێـت، ئـەو گرانااییـە کـاری منـە، بـەو ئەندازەیـەی، کـە بتـوانم خـۆمی تێـدا ئاشـکرا بکـەم، جۆری کار جیاوازی نییە).

لـە سـاڵی ١٩٦٥ لـە (٢٥٠)شـوێن داوایـان لێکـرد شـیعر بخوێنێتـەوە، شـیعری ئـەو خـاڵی هاوبەشـی زۆری لەگـەڵ شـیعری مایکۆفسـکی و یەسـەنیندا هەیـە، هـەروەکو مایکۆفسـکی هەسـتی شۆڕشـگێڕی هـەبووە، لـە بێـدەنگی و بەندایەتی و دووڕوویی بێزار و زاتەن ئازادیخوازە.

ئـەو لـە شـیعردا جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، کـە بـە کۆتاییـەکی نـاخۆش تـەواو نـەبێت، لەلایـەنی شـێوازەوە قـەرزداری مایکۆفسـکییە، هـەروەها داکـۆکی لەسـەر ئـەوە دەکـات، کـە دەبـێ شـیعر بـە دەنگـی بـەرز بخوێندرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی کاریگـەری خـۆی هـەبێت، هـەروەکو یەسـەنین لادێییـە و پێـی ناوەتـە شـارەوە، لەبەرامبـەر ئـەوەدا نۆسـتالیژیای زێدەکـەی لـە شـیعرەکانیدا بوونیـان هەیـە. نـەوەی پێشـووش ئـەویان بـە تێکـدەر و ڕەوشـت نـزم تۆمەتبار دەکرد.

((ئەگەرچی ئەو داواکارێکی پڕ شەوق و ئەوین بە دوای حەقیقەت و عەدالەتی ئەخلاقیدا))، بەڵام ناتوانرێ لە روانگەی پێشینانەوە وەسف بکرێ، بەڵکو دەبێ لە روانگەی شیعری لاوی رووسیدا لێی بکۆڵرێتەوە، بەرهەمەکانی بە چاکترین شیعری رووسی دەژمێردرێت، کەسێکە لە توانای دایە بابەتە کۆمەلایەتییەکان تا شەخسی، کێشە گشتی و ئەوینییەکان هەموو لە بۆتەی شیعرێکدا بگونجێنێ، ((کاتی دەربارەی خەڵك دەنووسیت، دەبێت بە جۆرێك بیت تێبگەن.، بەڵام کاتێك بۆ رۆشنبیرێك دەنووسیت دەبێ نووسراوەکە لەگەڵ مەزاجی ئەو رۆشنبیرە بگونجێت، هەڵبەتە من کەمێ رۆشنبیرم)).

ئەو لەو گفتوگۆیەیدا کە لە ساڵی (٢٠٠٠) لەگەڵیدا کراوە، گوتویەتی: (شیعر لە زەمانی ستالین و شەڕی ساردا بە پلەیەك گەیشتبوو، کە ئیدی شاعیر قسەیەکی لەعیشق نەدەکرد، وشەی (من)ی بەکار نەدەهێنا، ئەگەر بیویستایەش بیڵێ، دەیگوت: ( ئێمە عیشق دەکەین هەر وەك عیشقێ بۆ نیشتمان)، بەڵام شیعرێ کە یەڤتەشینکۆ لەمەڕ عیشقەوە دەیویست لە تەنیایی و تاکە کەسیدا نەشئەی دەگرت. ((شیعری رووسی هەر لە رۆژگاری کۆنەوە لە قۆناغی پۆشکیندا لە دوو حەوزەی شیعری زۆر بەهێزدا بوو، لە حەوزەی شیعری عاشقانەو لە حەوزەی شیعری سیاسی یا

شــــاری)). یـــەڤگینی لـــە سەرگوزەشـــتەنامەکەی خۆیـــدا ئامـاژە بـە خاڵێـك دەکـات، کـە خـاڵی وەرچـەرخان بـووە لـە ژیانیـدا، لــە (٥)ی مارســی ١٩٥٣دا، ئــەو کاتــەی ویســتیان ستالین بـە خـاك بسـپێرن ، ئـەویش وەك ملیۆنـەها رووسـی بـۆ ئـەو رێورەسمـە دەچـێ. ئـاپۆڕەی خـەڵك ئەوەنـدە زۆرو پـــڕ پاڵەپەســـتۆ بـــوو، کــــە خـــەڵکانێکی زۆر کەوتنـــە ناخۆشـــییەوە، لـــە هـــەمان ئـــەو شـــوێنەی، کـــە تـــا چـــەند خولـەکێك لەمـەوپێش بـەهۆی مردنـی ستالینەوە زۆر گێـژو خـەمبار بـوو، بـەڵام لـەوە تـەریق بـووەوە، کـە دەیـدیت ئـەم خەڵکـە بـەبێ هـیچ بیانوویێکـەوە دەخرێنـە ژێـر پێـوە، تـا ئـەو کاتـە هێشـتا تاوانـەکانی سـتالین بـەدیار نەکـەتبوو. (بـۆ یەکـەمین جـار لـە ژیانمـدا هەسـتم بـە نـەفرەتکردنی مرۆڤێـك کـرد کـە خـەریکبووین بـە خاکمـان دەسـپارد). ئـەو نـەیتوانی لـە گونـاهی ئـەو کارەسـاتە دوورەپـەرێز بێـت، رێورەسمەکـەی بەجێهێشـت و بـۆ شـوێنی لـە دایکبـوونی گەڕایـەوە، کـاتێ کـە دایکـی لێـی دەپرسـێ: ئایـا سـتالینی بـینی؟ لـە وەڵامـدا دەڵێـت: (هەڵبەتـە بەڕاسـتی ئـەوم دیـت)، (لـە پـاش مردنـی سـتالین .. دیـتم مـافی ئـەوەم نییـە بـاخی ژاپـۆنی و تایبەتمەنـدی شـیعری خـۆم پـەروەردە بکـەم)) لـە رووسـیادا وشـەی شـاعیر واتـا ((جـەنگاوەر)). شـاعیری رووســـی هەمیشـــە بـــۆ داهـــاتووی وڵاتەکـــەی و بـــۆ دادپـەروەریی لـە شـەڕدایە، شـیعر کۆمـەکی ئـەو دەکـات تـا

بـیر بکاتـەوە، شـیعر بـە فریـای رووسـیا دەگـات تـا لـە بەرامبەر زۆرداریدا بوەستێ.

جارێکیـان لێیـان پرسـی کامـە شـیعرت بـە چـاکترین شـیعر دەزانـی؟ گـوتی: قسـەکردن دەربـارەی شـیعر ئەسـتەمە... بـەڵام شـیعرێکم هەیـە لـە بـارەی خۆکوژییـە، کـە لـە ((هـوتێلی کـاررا)) لـە سـانتیاگۆی شـیلی ئـەو خۆکوژییـەم بینیـوە، کـوڕێکی (١٨) سـاڵی خـۆی لەسـەربانەوە فڕێـدابووە خـوارێ... دایکـی ئـەوکوڕە بـەهۆی وێنەیـەکی منـەوە کـە لـە ژووری کوڕەکـەی بەردەسـتی کـەتبوو هاتـە لای مـن، نەیـدەزانی، کـە مـن شـایەدی خۆکـوژی کوڕەکـەی بوویمـە، لـە مـنی ویسـت شـیعرێك لـە بـارەی مـەرگی کوڕەکـەی بنووسـم، تـاکو پـێش لـە خۆکـوژی گەنجـەکان بگیرێـت. سـەیرەکەی لەوەدایـە ئـەوە لـە کاتێکـدابوو، کـە مـن لـەبیری لـەناوبردنی خـودی خـۆم بـووم، ئـەوە خـاڵێکی تـاریکی ژیـانی مـن بـوو پـڕ لـە سەرزەنشـت و لۆمـەکردن... بەهـەرحاڵ شـیعرەکە هـەروەك شـتێکی زۆر تایبـەتی بڵاوبـۆوە، کـاتێ لـە سـاڵی ١٩٧٨ چـاپکرا زیـاتر لـە (٣٠٠) کـەس لـە نـۆرەی خۆکوژیـدابوون، گوتیـان یـاخود نووسـیان کـە ئـەو شـیعرە ئـەوانی رزگـار کـرد و شـیعرەکەش بـەناوی (کۆترێـك لـە سـانتیاگۆ) بـوو، یەڤتەشـینکۆ شـاعیری ئاشـتییە، ئـەو شـاعیرەی کـە لـەبارەی فیسـتیڤاڵی گـەنجانی مۆسـکۆ لـە سـاڵی ١٩٥٧ ئامـادە بـوو، بـەم شـێوەیە باسـی دەکـات: (خـەڵك خۆشـحاڵبوون و هەسـتیان دەکـرد کـە

ئەنـــدامێکن لـــە بـــەرەی مرۆڤایـــەتی، ئەندامێتییـــەك کـــە لـــە ئێمە دزرا بوو..)

ئـەو فیسـتیڤاڵە پەیوەنـدی بـە زەمانێـك بـوو، کـە پەیوەنـدی رووسـیا و ئـەمریکا لەوپـەڕی ناخۆشـیدا بـوو، بـەرپاکردنی فیســـــتیڤاڵێکی ئاوەهـــــا دروســـــتکردنی پێوەندییـــــەکی ئاشـتییانه لـە نێـوان دوو وڵاتـدا بـوو، لـە هـەمان کاتـدا ئـەو لـــەو بڕوایـــە دایـــە: (دادپـــەروەریی شـــەمەندەفەرێکە، کـــە هەمیشه درەنگ دەگاتە وێستگە.)

سەرچاوە:

ئـــەم بابەتـــە لـــە گۆڤـــاری کـــاروان، ژمـــارە (١٩١)ی شـــوباتی ســـاڵی ٢٠٠٥ بڵاوبۆتەوە.

جامعه نو، سال اول، شماره (١٢) بهمن،١٣٨١.

## میهرنۆش مزراعی:

## سـێکس، سیاسـەت، ئـایین، بـەبێ بوونیـان وەك زەروورەتێـك بـۆ چـیرۆك، ناتوانـێ بەرهەمهێنـەری ئەرزشی ئەدەبی بێت.

میهرنـۆش مزراعـی لـە سـاڵی ١٣٣٠ لـەتاران هاتۆتـە دنیـاوە سـاڵانی منـداڵی و گەنجایـەتی لـە شـیراز و بەنـدەرەکانی باشـووری ئێـران گوزەرانـدووە. لێسانسـی لـەتاران وەرگرتـووەو لەسـاڵی ١٣٥٨ بـۆ درێـژەدان بەخوێنـدن چـۆتە ئـەمریکا. لەسـاڵی ١٩٩١ لەگـەڵ یـەکێ لـە هـاوەڵانی خـۆی لـە لـۆس ئـەنجلۆس دەبنـە بناغەدانـەری وەرزنامـەی ئـەدەبی فـروغ و ئـەم بڵاوکراوەیـە تایبـەت بـووە بـە ناسـاندنی ئـەدەبیاتی ژنـان و لەسـاڵی ١٩٩٣ چـاپ کـراوە، هـەر لـەو سـاڵانەدا هەڵبژاردەیـەك لەشـانۆکانی داریۆفـۆ وەردەگێـڕێ و لەکۆمەڵەیەکـدا بـەناوی (( ژنێکـی تـەنیا)) بـڵاوی دەکاتـەوە. ئـەو لـەحاڵی حـازردا نیشـتەجێی لـۆس ئەنجلۆسـەو گـەورە راوێـژکاری نەخشەکێشـان و بەرنامەنووسـی سیسـتەمەکانی کۆمپیوتـەرە، سـێ کۆمەڵـە چـیرۆکی چـاپ کـردووە، کـە بریتین لە:

١. (( بڕینـــەکانی ڕوونـــاکی)) پێشـــەکی نووســـینی مـــنیرو ڕوانـــی پـــور، بڵاوکـــراوەی ری را ، بـــەهاری ١٩٩٤ ، لـــۆس ئەنجلۆس.

٢. (( خۆڵەمێشـــــی )) بڵاوکـــــراوەی ری را، کـــــانوونی دووەمی ٢٠٠٢، لۆس ئەنجلۆس.

٣. من و کلارا.

ئەمـــەش دیمانەیەکـــە لەگـــەڵ میهرنـــۆش مزراعـــی، کـــە ســـــەبارەت بـــــەخۆی و چـــــیرۆکەکانی، لەئینتـــــەرنێت وەرگـــیراوە و لـــە فارســـییەوە وەرم گێڕاوەتـــە ســـەر زمـــانی کوردی.

**• پـــێش خوێندنـــەوەی چـــیرۆکەکانی " بڕینـــەکانی ڕوونـــاکی " و " خۆڵەمێشـــی " حـــەزم دەکـــرد بـــزانم نووســـەرێکی ئـــەودیوی ســـنوورەکان کـــاتێ بـــە فارســـی دەنووســێت بۆچـی دەنووســێت، بـە بۆچـوونی تـۆ خوێنـەر لەچـیرۆکەکانتدا، دەسـتی بـە چ شـتێکی جیـاواز لـەوەی، کە نووسەرانی ناوەوەی ئێران دەینووسن، دەگا؟**

– ئەمـــە پرســـیارێکە وەڵامەکـــەی دەبـــێ خـــودی خـــۆت یـــان کەســـــانی دیکـــــە، کـــــە چـــــیرۆکەکانی مـــــن لەئێرانـــــدا دەخوێننـــــەوە بدەنەوە،بـــــەڵام ئەگـــــەر مەبەســـــتتان لـــــەو پرسـیارە ئـەوەبێ، کـە ئایـا لـە چیرۆکەکانی منـدا شـتێکی نـــوێ بـــوونی هەیـــە، دەبـــێ بڵـــێم لـــەوەی کـــە فـــەزای چـــــیرۆکەکانی مـــــن دوو فەرهەنگییـــــە. لـــــە زۆربـــــەی

چـيرۆكەكانی منـدا قارەمانـەكان، بەتايبـەتی چـيرۆكەكانی كتێبـی ((كـلارا و مـن )) كەسـانێكن لـە گـەلانی جياجيـا بـە فەرهـەنگی جيـاوازەوە. ڕاوی ئـەم چـيرۆكانە، كـە بـە ئاسـايی ژنێكـی ئێرانييـە، كـارو كاردانـەوەی خـۆی لەگـەڵ ئـەو مرۆڤانـە و ئـەو مرۆڤانـەش لەگـەڵ دنيـای نـوێ يـا لەگـەڵ يـەكتردا بـەيان دەكـات، مـن بـۆ خـۆم وا فكـر ناكـەم لـە نووسـينەكانی نووسـەرانی نـاو ئێرانـدا بـاس لـە فەزايەكی ئاوا كرابێت.

- **نووسـەری نـاوەوەی وڵات بـە هـۆی سـنوورداری و سانسـۆرێكی كـە هەيـە هەميشـە بانگەشـەی ئـەوە دەكـات، كـە سـێ ڕەگـەزی: سـێكس، سياسـەت و ئـايين بوونەتـە بەربەسـتێك لەبـەردەم مـانۆڕكردنی ئـەو لـە چـيرۆكدا، تـۆ كە ئـەو سنووردارييەت نييـە، بۆچـی باسـی ئـەو بابەتانـەت نەكردووە؟**

– هـەروەك دەزانـين باسـكردنی راسـتەوخۆی سـێكس، سياسـەت و ئـايين ( ياهـەر بابـەتێكی ديكـە ) بـەبێ هـەبوونی زەرورەتيـان بـۆ چـيرۆك، وەكـو پێويسـت ناتوانـێ بـەهای ئـەدەبی بەرهـەم بێنـێ. مـن بـۆ خـۆم بـەو ئەندازەيـەی، كـە بابـەت و پێكهاتـەی چـيرۆكم ڕێگـا دەدات هـەوڵم داوە سـنووردارييەك بـۆ خـۆم دانـەنێم، هەرچـەندە كـە خـۆ سانسـۆركردنيش نسـبييە. بەهـەرحاڵ زۆر لـەژيان و كەسـايەتی مـن لـە ئێرانـدا لـەژێر هـەمان ئـەو فەرهەنگـەی كـە نووسـەرێكی نـاوەوەی وڵات هەيـەتی، شـێوەی

وەرگرتــووە. بــەڵام خســتنەڕووی ئــەو پرســیارە لەلایــەن تــۆوە بــۆ مــن سەرنجڕاکێشــە، چــونکە کەســانێکی زۆر، دروســت پێچــەوانەی بۆچــوونی تۆیــان هەیــە. لەبابــەت سیاســەتەوە ســەرنجی تــۆ بــۆ دوو چــیرۆکی (( دوو پیــاو ))و (( خۆڵەمێشــی )) رادەکێشــم، کــە زەمینــەی سیاســیان هەیــە، رۆمــانێکی دیکــەم لەبەردەســت دایــەو دەینووســم، وا بــیر دەکەمــەوە زەینیــەتی مــن لەبابــەتی سیاســەت و ئاینەوە زیاتر ئاشکرا دەکات.

لەگــەڵ ئەوەشــدا بڵــێم کــە هەرچــەندە ژمارەیــەك لــە چــیرۆکەکانم لــەبڵاوکراوەکانی نــاوەوەی ئێرانــدا چاپکراوە، بــەڵام هەمیشــە دڵڕەنجــانی مــن لــەو بارەیــەوە پەیوەنــدی بــەو بەشــانەوە دەبێــت، کــە لەچــیرۆکەکانمدا لابــراوە یــا دەســکاری کــراوە، تەنانــەت لەبابەتێکــەوە سانســۆری نــاوی چــیرۆك کــراوە (( چــیرۆکی غەوارەیــەك لەپێخــەفی منــدا )) بــەناوی ((غــەوارە )) چــاپ کــراوە. زۆربــەی چــیرۆکەکانم، وەك: چــیرۆکی (( برینــەکانی روونــاکی )) و (( بەخشــیش )) ،((هەڵایســان )) ، (( کــاوە )) یــا هــەتا چــیرۆکی (ســیلۆیا ) و (( دوو پیــاو )) مــن لــەو بڕوایــەدا نــیم ، کــە لــە بڵاوکراوەیــەك لەئێرانــدا چــاپ بکرێــت. ئەگــەر شــوێنێك پێــدەزانی تکایــە ناونیشــانەکەیم پێ بدە.

- **بــە بۆچــوونی جــەنابت ئــازادی لەنووســیندا لەبنەڕەتــدا چ مانایەکی هەیە؟**

- نـــەبوونی ئـــازادی لەنووســـیندا یـــەکیٚ لـــەگرنگترین هۆکارێکـــە، کـــە نووســـەر (( بەتایبـــەتی نووســـەری ژن کـــە هەمیشـــــــە لەنـــــــەزەری فەرهـــــــەنگی و ئـــــــەخلاقی ســـــنووردارییەکی زیـــاتری بـــووە )) لەبەرهـــــەمهێنانی نووسینی بنچینەیی و ناکلێشەیی ڕێی لێگیراوە.

وا فکـــر دەکـــەم ئـــازادی لـــە نووســـیندا، ئـــازادی لـــە هەڵبـــژاردنی فـــۆرم و نـــاوەڕۆکیش دەگرێتـــەوە، ئـــازادی لـــە نەنووســـین فـــۆرم و ســـەلیقەی بـــاویش دەگرێتـــەوە، ئـــازادی لەبەر پیٚ نەدانی فۆرمۆلە دیاریکراوەکانیش دەگرێتەوە.

- **میهرنـۆش مزراعـی لـەناوەوەی وڵاتـدا دەتـوانریٚ لەگـەڵ چ نووسـەرێك بـەراورد بکرێـت؟ ئایـا بـۆ خۆتـان بیرتـان لـەو بابەتە کردۆتەوە؟**

-مـن بـۆ خـۆم حـەز دەکـەم نووسـینەکانی مـن تـەنیا بـە نووســـینەکانی خـــودی خـــۆم بـــەراورد بکرێـــت نـــەك بـــە نووســـینی کەســـێکی دیکـــە چ لـــە ئێـــران بێـــت یـــان لـــە دەرەوەی ئێـــران، ئەمـــەش بـــە هـــیچ شـــێوەیەك بـــیٚ ڕێـــزی و بـیٚ ئەرزشـی نییـە بـۆ کـاری کەسـانی دیکـە، واقیعـەت چ پێویســـت دەکـــات، کـــە نووســـینەکانی کەســـێك تـــۆ بخاتـــە بـــیری نووســـــەرێکی دیکـــــە؟ ســـــەرنج بدەنـــــە زۆر لـــــە چـــــیرۆکەکانی کتێبـــــی (بڕینـــــەکانی ڕوونـــــاکی) و (خۆڵەمێشـــی) کـــە تـــۆ ئـــەوانت خوێندۆتـــەوە، نزیکـــەی دە دوازدە ســـاڵ لەمـــەوپێش نووســـراون، مـــن بـــۆ خـــۆم

کەسێکی کەمم دیوە لەناوەوەی ئێراندا لانی کەم لەو سەردەمەدا کە بەو سەبکە بنووسێت. ئەوە بەو مانایە نییە، کە بەرگری یا سەنگ و بەهادانان بێت بۆ ئەو چیرۆکانە، تەنیا وەڵامێکە بۆ پرسیارەکەی تۆ.

- **بۆچی بە زمانی ئینگلیزی نانووسیت؟**

ـ نووسین بۆمن کاتێك دەکەوێتە قۆناغی کارکردنەوە کە شێوەیەك یا هەستێك یا دیمەنێك ئەوەندە من بخاتە ژێر کارپێکردنەوە، کە زەینی من بۆ ماوەیەك خەریك بکات و پاشان لەو لەحزەیەدا کە ئیدی جگە لە نووسین چارەیەك نییە، پەنا بۆ قەڵەم دەبەم، فۆڕم و وشەی سەرەتای نووسین لەزەینمدا شێوە وەردەگرێت پاشان دێتە سەر ڕووی کاغەز. تەواوی ئەو نووسینانەی کە تا ئێستا چاپم کردوون بە وشەی فارسی بەزەینم گەیشتوون، وا بیردەکەمەوە مرۆڤ هەر بەو زمانەی کە بیر دەکاتەوە دەنووسێت. ئەگەر ڕۆژێك بە ئینگلیزی بیربکەمەوە بێگومان بە ئینگلیزیش دەنووسم، یەك دوو چیرۆکی نیوە چڵ و ژمارەیەك شیعری هەتیوم بە ئینگلیزی هەیە، لەوانەیە ڕۆژێك دابێ چاپ بکرێت و لەوانەشە چاپ نەکرێت. بەڵام چەندین چیرۆکی من تا ئێستا وەرگێڕدراوە، کە دەرئەنجامێکی خراپیشی نەبووە. وەرگێڕدراوی ئینگلیزی (دوو پیاو) و (چیرۆکی خەماوی جینایەتێکی ترسناك) لە پێشبڕکێیەکدا، کە زیاتر لە یازدە هەزار بەشداربووی هەبوو، ( writter's

Digest) چەند ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕیزبەندی ۲۲ و ۸۲ جێی گرتبوو. چیرۆکی پیرەژنی فاحیشەی باری ئینسینادا لە ژمارەیەکی گۆڤاری ئەدەبی ( The Literarg Review) چاپ کراوەو پاشان لە ڕێگای دەستەیەکی داوەران بۆ سایتی ئینتەرنێتی هەڵبژێردران و چەندین ساڵە لەو سایتەدا ماوەتەوە.

چیرۆکی (دیداری جوان، کە پێشتر لە گۆڤاری کارنامە لە ئێران چاپکراوە) وەك یەکێ لە نموونەکانی چیرۆکی تاراوگە هەڵبژێردراوەو بڕیارە لە کۆمەڵەیەکدا، کە لەلایەن زانکۆی نیویۆرك بڵاودەبێتەوە چاپبکرێت، ڕۆمانێکی دیکە کە لەبەردەستم دایەو بە فارسییە دەینووسم ، بەڵام پێش تەواوکردنی نوسخەی کۆتاییەکەی، هیوادارم دەست بە وەرگێڕانی بکەم یاخود دووبارە بە ئینگلیزی بینووسمەوە.

- **زۆر لە نووسەرە دیارەکانی عەرەب بە زمانەکانی: (فەڕەنسی، ئینگلیزی و ئەڵمانی دەنووسن و زۆربەشیان لەوانە دیارتر کە بە عەرەبی دەنووسن، وەك تاهیر بن جەلون کە بە فەڕەنسی دەنووسێت، یا ڕەفیق شامی کە بە ئەڵمانی دەنووسێت؟**

ـ قسەکەتان ڕاستە، بەڵام من هێشتا لەبەرخاتری خۆ دەرخستن نانووسم، بۆ ئاسوودەکردنی خۆم لە بەرامبەر خراپی زنجیرەیەك بیروباوەڕی موزاحیم دەنووسم

هەروەك لە پێشیشدا وتم، چونکە بە فارسی بیر دەکەمەوە چیرۆکەکانیش بە فارسی لە دایك دەبن.

قسەی تۆ لە بارەی نووسەرانی ئێرانیش ڕاستە، بەداخەوە زۆر لە نووسەرە باش و دیارەکانی ئێرانی لە جیهانی ئەدەبیدا بە تایبەتی لە ئەمریکادا نەناسراون، بەڵام نووسەرانێك هەن لە دەرەوەدا کە بە ئینگلیزی یا بە زمانەکانی دیکە دەنووسن و ناوبانگێکی (نسبی) یان هەیە، لەوانەیە یەکێ لە هۆکارەکانیشی لەدەمی وەرگێڕانی، جوانییەکانی زمان لەدەست بدرێت یا گەڕانەوەی زۆر لەدەرەوەی ناوەڕۆك و لەهەندێ شوێندا کەڵك وەرگرتن لەو فۆڕم و پێچ و پەنایانەیە لە کاری زۆر لە نووسەرانی ئێران دەبینرێت کە لە وەرگێڕاندا یا بەهای خۆی لەدەست دەدات یا لە بنەڕەتدا لە دەرەوەی ئێراندا کڕیاری نییە.

- **فەزای زۆر لە چیرۆکەکات گوزارشی و وێنەیی فیلمنامەییە، ئایا هیچ ئەنقەستێك لەو کارەدا هەیە؟**

ـــ باشە ئەوە شێوازی منە، ئەوە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی نووسینی منەو هەڵبەتە لە بنەڕەتدا من مرۆڤێکی ئیحساساتی نیم، لایەنی کەم لەکاتی نووسینی چیرۆکدا من نیم، زەینێکی لۆژیکیم هەیەو بە وتەی ئەمریکییەکان زیاتر بەسەر زەویدا بەڕێدا دەڕۆم تا بەسەر هەوردا، وا تێدەگەم ئەوانە بەسەر فەزاسازی،

پێکهاتەو زمانی چیرۆکەکانم کاریگەری دادەنێن، ئەمانەش بە نێگەتیڤ نابینم، هەرچەندە لەوانەیە تۆ ئەوە وەك خەسڵەتێکی نێگەتیڤ ببینیت.

- **لە ڕاستیدا خەبەرێك لە یاری زمانەوانی، فۆڕم و تەکنیك لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی تۆدا نییەو چیرۆکەکان بەسادەیی و ئاسۆیەکی تەواوە دەگێڕدرێنەوە.**

ـ ڕاست دەکەیت، من بەدوای یاری کردن بەزمان و فۆڕمەوە نیمە (هەرچەند لە چیرۆکی خۆڵەمێشی و ئارامی، ئەو تاقیکردنەوەم کردووە) زمان و فۆڕم بە بەشێك لە چیرۆك دەزانم نەوەکو ئامانجێك. دڵنیام کە زۆر کەس لەگەڵ ئەو بۆچوونەی مندا نیین، مەسەلەیەك نییەو من ڕێز لە بۆچوونەکانیان دەگرم و هەندێ کات لە خوێندنەوەی یارییەکانیان لەزەت دەبەم، بەڵام ئەوە شێوەی من نییە بۆچوونی تۆ تەواو ڕاستە، سوپاست دەکەم لەوەی کە ئاماژەو سەرنجت پێداوە.

- **جگە لە چەند چیرۆکێك لەو دوو کۆمەڵە چیرۆکەت کە جێی باسن، ئەوانی دیکە تەنیا چەخماخەیەکە، یا ساتەوەختێك، یا بیرەوەرییەکە.**

ـ ئەو بۆچوونەتانم قبووڵ نییە، زۆر کەس دەناسم کە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی تۆدا نییە، من نازانم تۆ لەسەر بنەمای چ فۆرمۆل یا بڕیارێك بەو ئاسانییە دەتوانیت نووسینێك بە چیرۆك و یەکێکی دیکە تەنیا

بەچەخماخەیەك بزانی؟ ئایا ئەمە سەلیقەیەكی كەسیی نییە، كە تۆی بەو ئەنجامە گەیاندووە؟ دڵنیام

ئەگەر خوێنەری ڕۆشنبیری ئێمە دەست لە خوێندنەوەی كلێشەیی و سوود وەرگرتن لە فۆرمۆڵە كلاسیكییەكانی چیرۆك خوێندنەوە هەڵگرێ و خۆی ئازاد بكات، تا بەبێ قەزاوەت كردنی خێرا لەزەت لە خوێندنەوەی چیرۆك وەرگرێت دنیایەكی پان و فراوانتر لەبەرامبەر خۆیدا دەبینێت.

- **كەسایەتییەكان لەكاتی ئازادیدا، فەزای سنووردارییان هەیەو لەوانەیە نووسەر ئەنقەست بوونێكی لەو كارەدا هەبێ لە نیشاندانی یان بە تەنیایی و دڵتەنگییان.**

ـ من هیچ ئەنقەستییەكم لە نیشاندانیان بە تەنیایی و دڵتەنگ بوونیان نەبووە، كەسایەتییەكانی من لەو چیرۆكانەدا دروستم كردوون، لەوانەیە بە بۆچوونی تۆ تەنیاو دڵتەنگ بێنە بەرچاو (من دژایەتییەكم نییە، دەتوانرێ لەم گۆشەنیگایەوەش سەیر بكرێن) بەڵام دەتوانرێ لە گۆشەنیگای دیكەوەش تەماشای ئەو كەسایەتیانە بكرێت. ئەگەر زۆربەی ئەوانە بەقسەی تۆ (تەنیا و دڵتەنگ) بن لەناخەوە نائومێدو بێكار نینە،

زۆربـــەیان بـــە دوای پەیـــداکردنی ڕێگایـــەکن بـــۆ ناســـینی خودی خۆیان و ناسینی دنیای دەوروبەری خۆشیان.

- **چـــوار چـــیرۆکی: (برینـــەکانی ڕوونـــاکی، دووپیـــاو، غەوارەیـــەك لـــە پێخـــەفی منـــداو ســـنگام) لـــە چـــاکترین چـیرۆکەکانی تـۆن، لـەبارەی ئـەزموونی سـنگام زیاترمـان بـۆ بـاس بکـە، کـە هـەم سـەربردەی هەیـە، هـەم پێکهاتـەو هەم زەمان؟**

ـ مـن لەبـەر خـاتری جـۆری کارەکـەم لەگـەڵ زۆر لـە ژنـانی خـــاوەن کـــارو خوێنـــدەوارو پیشـــەیی پەیوەنـــدیم هەیـــە، چـیرۆکی سـنگام پێوەنـدی بـەو سـەردەمەوەیە، کـە لەگـەڵ خـانمێکی هینـدی، کـە ژمێریـاری بەشـی خـواردن بـوو، لـە کۆمپانیایـــەکی ئـــەمریکی کـــارم دەکـــردو هـــاوڕێی یـــەکتر بـووین، ئـەم خانمـە وەکـو (شـالیا) (کەسـایەتی سـەرەکی چـــیرۆکی ســـەنگام) پیاوەکـــەی مردبـــوو، کەچـــی پـــاش چـــەندین ســـاڵ کـــە بەســـەر مردنـــی ئـــەودا تێدەپـــەڕێت، هێشـــتا وێنـــەکانی ئـــەو لـــە دەوروبـــەری دایـــەو هەمیشـــە لەمـەڕ ئـەو و سـەلیقەو خۆشەویسـتی ئـەو قسـەی دەکـرد. لـەپڕ مـن تێگەیشـتم، کـە منـیش کەمـە کەمـە خـەریکم هـــۆگری ئـــەو پیـــاوەو تایبەتمەندییـــەکانی دەبم، هـــەر لـــەو کاتـەدا کـە ئـەو چـیرۆکە بـە بیرمـدا هـات، کـە منـداڵ بـووم زۆرم حـــەز لـــە فیلمـــی هینـــدی بـــوو، ئێســـتاش ســـەماو مۆســـیقای هینـــدیم زۆر خـــۆش دەوێـــت، فیلمـــی ســـنگامم چـەند جـار دیتـووە. سێگۆشـەی عیشـقێك کـە لـەو فیلمـەدا

هـەبوو منـی خسـتە سێگۆشـەی عەشـقی ئـەو چـیرۆکەوە. سـنگام بـە مانـای یەکێتییـەو نـاوی شـوێنێکە لـە هیندسـتان، کـە سێ ڕووبـار تێیـدا تێکـەڵی یەکـدی دەبـن و پاش دوورییەکی کەم لەیەکدی جوودا دەبنەوە.

- **هـۆی چـییە کـەڵك لـە وشـەی ئینگلیـزی وەردەگـری، لـە کاتێکـدا بـە ئاسـانی دەتوانیـت بەرامبـەری فارسـییەکەی بەکاربێنی؟**

ـ ئەگـەر مەبەسـتتان ڕسـتە ئینگلیزییەکانـە، ئـەو ڕسـتانە ئەگـەر سـەرنج بـدەی دەبینـی پەیوەنـدی بـە دیـالۆگی ئێرانییێـك و کەسـێکی بیانییەوەیـە، کـە ڕوو دەدات. بەشـێوەیەکی ئاسـایی ئـەو ڕسـتانە بەهـەمان شـێوەی بـە بیرمـدا دێـت دەیاننووسـم و وا فیکـر دەکـەم یارمـەتی فەزاسـازی چـیرۆك دەدات. بەداخـەوە هەمیشـە لەتوانامـدا نییـە ڕەچـاوی ئـەم مەسـەلەیە بکـەم (هەرچـەندەش حـەز دەکـەم) بـۆ نموونـە لـە چـیرۆکی (سـیلویا) کـە بەشـێکی لـە زمـانی پیرەمێردێکـی ئەمریکییـەوە بـەیان دەکرێـت، زۆرم حـەز دەکـرد ئـەو بەشـانە بـە ئینگلیـزی بنووسـم، چـونکە تـەواوی ڕسـتەکانی بـە ئینگلیـزی بـە بیرمـدا دەهـات، بـەڵام ناوەڕۆکەکـەی درێـژبوو، بۆیـە نیگـەرانی بـێ حەوسـەڵەیی خوێنـەرێك، کـە ئینگلیـزی نازانێـت بـووم. هەرچـەندە کـە لـە ئێرانـدا زۆر فیلمـی ڤیـدیۆیی ئـەمریکی بـە زمـانی ئەسـڵی دەبینرێـت) پاشـان هەوڵمـدا ئاهـەنگ و قسـەکردن تـا ئـەو جێگایـەی بـە ئاهـەنگ و قسـەکردنی کەسـایەتی وەك بێـل

(پیرەمێـــردی ئـــەمریکی) نزیـــك بکەمـــەوە، لـــەو نێـــوەدا ســـوودوەرگرتن لـــە وشـــەی زمـــانێکی بیـــانی لـــە ئـــەدەبیاتی ئێمـــەدا تـــازە نییـــە. بـــۆ نموونـــە هەڵبەتـــە دەزانیـــت، کـــە زۆر لـــە وشـــەی فەڕەنســـی (بـــە پیتـــی فارســـی) لـــە زمـــانی ئێمـــەدا ئەوەنـــدە جـــێ کـــەوتووە، کـــە ئێمـــە فـــەرامۆشمان کـــردووە، ئـــەم وشـــانەش فارســـی نـــین، هـــەروەها عـــەرەبی و تـــورکی و مەغۆلیش، کە شوێنی خۆیان هەیە.

- **ژمارەیـــەك لـــە چـــیرۆکەکانی دووەم کۆمەڵـــە چـــیرۆکی ئێـــوە، دووبـــارە نووســـینەوەی کۆمەڵـــە چیرۆکی یەکـــەمن، وا دێتـــە بەرچـــاو بـــە پێداچـــوونەوەی دووبـــارەی ئـــەو چیرۆکانە مەبەســـتتانە (بڕینـــەکانی ڕوونـــاکی) نەچـــێتە بەرنامـــەی کارتانەوە.**

- بۆچـــوونتان لەمـــەڕ پێداچـــوونەوەی چـــیرۆکەکانی کتێبـــی (بڕینـــەکانی ڕوونـــاکی) دروســـتە. مـــن ئـــەو چـــیرۆکانەم بـــە دیقـــەتێکی زیـــاترەوە دووبـــارە خوێندۆتـــەوە، هەرچـــەندە هەنـــدێ کـــات لـــە ڕاســـتیدا نیگـــەران بـــووم، کـــە ئـــەو دووبـــارە نووســـینەوەیە لـــەو هەڵچـــوون ئەســـاڵەتەی کـــە لـــەو بڕوایـــەدام چـــیرۆکەکانی ئـــەو کتێبـــە زیـــاتر بوویانـــە، کـــە بێتـــەوە، بـــەڵام ئـــەو کـــارەم کـــرد بـــەو هەولـــەی کـــە ئاســـتەنگێك بـــە پێکهاتـــەی چـــیرۆکەکان نەکـــەوێت. بـــەڵام ئـــەوەی کـــە مـــن بمـــەوێت ئـــەو کتێبـــەم لەبەرنامـــەی کـــاری منـــدا نـــەبێت ڕاســـت نییـــە، بـــە پێچـــەوانەوە لەبەرئـــەوەی مـــن چـــیرۆکەکانی ئـــەو کتێبـــەم زۆر خـــۆش دەوێ، دڵـــم نەیویســـت، کـــە لـــە بەرنامـــەی کـــاری

ئـەدەبیم بچـێتە دەرێ و دانـەی دیکـەی ئـەو کتێبەشـم نییـە، توانـای دووبـارە لـە چـاپدانەوەی کتێبەکـەم نییـە، بڕیـارم دا کـە ژمارەیـەك لـەو چـیرۆکانە لەتـەك چـیرۆکە نوێیـەکان چـاپ بکەمـەوە، لـە داهاتووشـدا ئەگـەر کۆمەڵـە چـیرۆکێکی دیکـە چـاپ بکـەم، لەوانەیـە ئـەو چـیرۆکانەی (کتێبـی بڕینـەکانی ڕوونـاکی) کـە ماوەتـەوە لەوێـدا بیگـونجێنم و جێگای بۆ بکەمەوە.

- **چـەندە ئاشـنایيت لەگـەڵ ئـەدەبیاتی چـیرۆکی ناوەوەی وڵاتدا هەیە؟**

ـــ زۆر لـە چـیرۆکەکانی نووسـەرانی نـاوەوەی وڵات و نووسـەرانی ئێرانـی لـەدەرەوەی وڵات دەخوێنمـەوە، بـە تایبـەتی بـەدوای کـارە چـیرۆکییەکانی نووسـەرانی ژنانـەوەم، خۆشـبەختانە هەنـدێ کـات کـاری زۆر درەخشـاوە دەخوێنمـەوەو لـە خوێندنەوەیانـدا لـە زەتـی زۆر دەبـەم. جیـا لـەو لەزەتـەی کـە وەك خوێنـەرێکی ئـەدەبیات دەیبـەم. وەك نووسـەرێکیش کـەم و زۆر بـەدوای کارەکانەوەم و شتێکیان لێوە فێردەبم.

هەڵبەتـە هەمیشـە ناچـارم ڕێژەیـەکی زیـاتر لـەو کاتـەی کـە بـۆ خوێندنـەوەم هەیـە تایبـەت بکـەم بـۆ خوێندنـەوەی کاری نووسەرە ئەمریکییەکان، کە پێیانەوە هۆگرم.

- **لــەبارەی ئــەو چیرۆکنووســانەی لــە دەرەوەی وڵات بــە فارســی دەنووســن، بــە تایبــەتی لــە لــۆس ئــەنجلۆس، قسەمان بۆ بکە؟**

- خـــانم مەلیحـــە تیرەگـــوڵ کتێبێکـــی هەیـــە بەناوی:(پێشــەکییەك لەســەر ئــەدەبیاتی دوورخراوەیــی)، وای بــۆ دەچــم دەســپێکردنێکی باشــە، هەڵبەتــە ئەمــەش تایبــەت نابێــت بــە نووســەرانی لــۆس ئــەنجلۆس، یــا هــەتا بــە نووســەرانی ئــەمڕۆش. ئــەو کتێبــە قۆنــاغی ســاڵانی ١٣٥٧ تــا١٣٧٥ لــەخۆدەگرێ و هــەروەك کــە بــۆ خۆشــی لــە پێشــەکییەکەیدا ڕوونــی دەکاتــەوە، لەوانەیــە لــەکاتی ئامــادەکردنی کتێبەکــەدا دەســتی بــە تــەواوی ئــەو کتێبانــەی کــە تــا ئــەو کاتــە چاپکراوە نەگەیشــتبێ، بــەڵام دەستپێکردنێکی باشە.

لــە لــۆس ئەنجلۆســدا چیرۆکنووســانی باشمــان هــەن، کەســانی وەك: یاســار ئەحمــەد صــارمی، خەســرەو دوامــی، فریبــا ســدیقی، بێــژەن بیجــاری، مرتضــی مــیرا میلاٌفتابی و ناصر شاهین پور.

زۆربــەی ئــەو کەســانەی نــاوم بــردن ئەنــدامی گروپێکــی ئــەدەبین بــەناوی: (دەفتــەرەکانی شــەممە) کــە لــە مــاوەی نزیکــەی ســێزدە ســاڵی ڕابــردوودا هــەر مانگــەی (شــەممەی یەکــەمی هــەر مــانگ) یــك لــەماڵی یــەکێ لــە ئەنــدامان لــە دەوری یەکــدا خڕدەبنــەوە (هەڵبەتــە بــە ڕێکــەوت

ژمارەیـــەکی زیـــاتر شـــاعیرو ڕەخنـــەگرو لێکۆڵـــەرەوەن) و بەرهـــەمی خۆیـــان دەخەنـــە بـــەر ڕەخنـــەو لێکۆڵینـــەوەی کەسانی دیکە.

## د. یووسف ئیدریس :

## با ئێمە لە نووسەران بگەڕێین خۆیان ئەفراندن بکەن.

دەمێکــە لــە دەزگــاو نێوەنــدە رۆشــنبیرییەکانی جیهــانی مشــتومڕو دەمــەقاڵێ لەســەر وەرگرتنــی پاداشــتی ( نۆبــل ) و بەخشــینی بــە نووســەری نــاوداری میســری ( د.یووســف ئیــدریس ) گفتوگــۆی لێوەدەکرێــت و لەلایــەن توێژەرانــەوە لێــی دەکۆڵرێتــەوە، کــە چــەند جارێکــە بــە مەبەســتی وەرگرتنــی خــەڵاتی نۆبــل – لــە لایــەن دەســتەی بــاڵای بەخشــینی ئــەم خەلاتــەوە هەڵدەبــژێردرێت، هــەروەها ئەوەشــی راگەیانــدووە، کــەوا لەسەرچــاوە (ســویدییەکان )ی زانیـوە، کـە نـاوی لـەنێو ئـەم لیسـتە تۆمـار کرابـوو، کـە بــە تــەنیا نــاوی پێــنج نووســەری جیهــانی تێدایــە، ( د. یووســف ) لەبــەردەوامی قســەکانیدا دەڵێــت: (لــەم پێشــبڕکێیەدا خــەریك بــوو خەڵاتەکــە بەدەســت بێــنم، چــونکە زۆرینــەی دەنگدانــەکان، لەبەرژەوەنــدی مــن بــوو، بــەڵام مخـابن کـە سـکرتێری بـاڵای لیژنەکـە دوور لـە گشـت دابونــەریتێکی دیمــوکراتی، بــۆ هێنانــەوەی چــەند هۆکــار و بیــانووییێکی دوور لــە حەقیقــەت، یاســای دەنگــدانی پێشــێل کــردو بــەم شــێوەیە خەڵاتەکــە بــە ( جۆلــدنج )ی ئینگلیــزی بەخشــرا، بــەر لــە هەڵبژاردنەکــەش لیژنەیــەکی

تایبــەت بــە بەخشــینی خــەڵاتی نۆبــل ســەردانی شــاری قــاهیرەی کــردو هــەموو نووســراوەکانی (د.یووســف) و تەنانــەت گشــت ئــەو لێکۆڵینەوانــەش، کــە لەســەر ســەرجەم بەرهەمــەکانی (د. یووســف) کرابــوون، لەگــەڵ خۆیــدا کــۆی کردنـــــەوەو بردنـــــی، هـــــەروەها چـــــەندین دیـــــدار و چاوپێکەوتنیشــیان لەگـــەڵ ســـازدا، وێـــڕای وەرگێڕانـــی چەندەها کتێبی نایابی ئەم نووسەرە.

- **بەمەبەســتی زیــاتر ئاشــنابوون لــەکار و ســەلیقەی ئـــەم نووســـەرە مەزنـــە لـــە پرســـیارێکدا ســـەبارەت بەرەزامەنـــدی وەرگرتنـــی خـــەڵاتی نۆبـــل یـــاخود رەتکردنەوەی ( د. یووسف ) بەم شێوەیە هاتە گۆ:**

- بــەڵێ رازیــم بــە وەرگرتنــی خــەڵاتی نۆبــل، بــەو مەرجــەی کــە هــیچ بەنــدێك لەســەر وەرگرتنــی دانــەنرێت، چــونکە بــۆ نموونــە ئەگــەر مــەرجی سیاســیم بــۆ دابنــێن، ئــەوا بــێ ســێ و دوو رەتــی دەکەمــەوە، لەبەرئــەوەی مــن بــەئارەزووی خــۆم و لــەو شــوێنەی، کــە خــۆم دەمــەوێت و بــەو شــێوازەی کــە بــە خــۆم خواســتم لەســەریەتی دەنووســم.. هــەردەم و هەمیشــە لەنووســینەکانمدا دژایــەتی ئیمپریــالیزمی جیهــانی دەکــەم و لە دژ رەوتی سەهیۆنیزم دەنگ هەڵدەبرم.

***دەمانـــەوێ ئاشـــنای هیـــواو خواســـت و ئـــێش و نەهامەتییـــەکانی تـــافی لاوێتـــی (د. یووســـف ئیـــدریس ) بین ؟**

- لەراســتیدا لەســەرەتای پەنجاکانــدا ( میســر بــەنیازی ڕزگــار بــوون لەژێردەســتی و پەڕینــەوەو هــەنگاو نــان رووەو ســەربەخۆیی سەرتاســەری لــە جموجۆلــدا بــوو، بیرۆکــەی ئــەم خواســتەش خزیبــووە نێــو ســەرجەم چــینەکانی گەلــەوە. نــەك بــە تــەنیا بــە مەبەســتی سەربەســتی، بــەڵکو لــەپێناو بــە دەســتهێنانی گۆڕانکــاری لــە ڕەوتــی سیســتەمی سۆســیۆلۆژی کۆمــەڵگای میســرییەوە، لەهەمانکاتــدا دەرچــوون لــە چــەرخی کۆیلایــەتی و ســەرمایەداری بێگانــەکانیش بــۆ چــەرخێکی نیشــتمانی بنیاتنەرانــە، رۆشــنبیرو نووســەرو بیریــارە لاوەکــان- کــە منــیش یــەکێك بــووم لــەو کۆمەڵــە- شۆڕشــێکی رۆشــنبیری نیشــتمانیمان دەخواســت، کــە ئامانجــەکانی ناســینی ناســنامەی دۆزی نیشــتمانی و پاکژکردنــەوەی ئــەدەبیات بــوو لــە هــەموو ئــەو چەواشــەکاریانەی تێیکــەوتبوو و گەڕاندنــەوەی ڕۆحیــەتی بنچــینەیی خۆی..لــە میســردا نزیکــەی ســێ شۆڕشــی (ئــابووری و رامیــاری) لــە ئــارادا بــوو، کــە ســەرۆك (جــەمال عەبدولناســــر) ســــەرکردایەتی دەکــــردن، هــــەروەها شۆڕشــێکی ڕۆشــنبیریش لــە کایــەدا بــوو، کــە یــەکێك لــە ڕۆشنبیرانیشــی مــن بــووم، کــە تێیــدا مــوکڕ بــووین لەســەر برەوپێــدانی ئــەدەبی عــەرەبی وەکــو ئــەدەبیات و زمــان، بــەواتای ئــەوەی ئــەو کەســەی زمــانێکی پــاراوی عــەرەبی، دەزانێــت یــان دەرچــووی دانیشــگای (ئەزهــەر)ە ئــەو کەســە مــافی ناونــانی نووســەری راســتەقینەی پــێ دەبەخشــرا،

ئـەوكات ئـەز هـاتم و شۆڕشـێكی زمـانیم بـەرپا كـرد، نـەك زمـانی بـازاڕی، بـەڵكو زمـانێكی هونـەری، بـەم شـێوەیەی خوارەوە:

**یەكـەم:** هەوڵمـدا نهێنـی ڕۆمـان و چـیرۆكە میسـرییەكان بدۆزمـەوە، نـەك ئـەو چـیرۆكانەی پشـتیان بـە تـەكنیكی سیستەمی ئەوروپی بەستووە.

**دووەم:** دۆزینـەوەی كەسـێتی مرۆڤـی میسـری لـە دۆزی خۆیـدا لـە گونـد و گـەڕەك و كوچـەكان، بـە مەبەسـتی ئاشنابوون بە بنەچەی ئەو كەسێتییە.

**سێیەم:** دۆزینـەوەی زمـانی هونـەری نێـو كۆمـەڵگا، نـەك زمانـە بازاڕییەكـەی. ئـەوكات پێویسـت بـوو كـە گەشـە بـە زمانەكـە بـدرێت بـۆ ئـەوەی هەماهەنگییـەك لەگـەڵ زمـانی ڕۆژانـەدا بەدەسـت بێـت، بـەمجۆرە زۆر لـە مۆسـیقا و زنـاك و زاراوەكـان ئاخنرانـە نـاو زمانـەوە، هـەر بۆیـە پێشـترو ئێسـتاش لەگـەڵ ئـەو بڕوایـەم، كـە ئـەدەبی عـەرەبی خـۆی لە دوو تەوەرەدا دەبینێتەوە.

**یـەك:** چـەرخی نـەفامی (عصـر الجـاهلی) تـاوەكو دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەردەوام بوو.

**دوو:** ئـەو دوو هـەنگاوە زۆر تازەیـەی كـە لـە پەنجاكانـەوە تا ئێستا بەردەوامە.

ئـــەم هـــەنگاوە مۆدێرنـــەش لـــەم چـــەند خاڵانـــەی خـــوارەوە ڕەنگی داوەتەوە:

أ- هەنگاوی بنچینەیی.

ب- هەنگاوی دۆزینەوە (اكتشاف).

ج- هـــەنگاوی گـــەڕان بـــەدوای خـــودێتی تـــاكی میســـری و عەرەبی.

د- هـــەنگاوی گوزارشـــكردن لـــە خواســـت و هیـــواو ژانـــی گەلێكی تازە، كە تا بە دۆزی خۆی گەیشت تێكۆشا.

دەتـــوانین بڵـــێین كـــە هـــەموو ئـــەو خـــەون و حەزانـــە، ئـــەو هیـــواو ئازارانـــە بـــوون كـــە لـــەكاتی منـــداڵیم، بەســـەرم بردوون.

***ڕۆڵی خوێندنـەوە تـا چ ئاسـتێك هاوكاریـان لـە بنیادنـانی ئەدەبیات و ڕۆشنبیری (د. یووسف ئیدریس) كردووە؟**

-فێربـــوون، بەخوێندنـــەوەی زۆرینـــە، بـــۆ نموونـــە كەســـانێك هـــەن دەڵـــێن هـــەزار كتێـــبم خوێندۆتـــەوە.. نـــەخێر.. خوێندنـــەوە پێویســـتییە- بـــە واتـــای هـــەر كاتێـــك هەســـتت كـرد كـەوا شـتێك نـازانی لـە بابـەتێكی دیـاری كـراودا، ئـەوا دەگەڕێیتـــەوە ســـەر كتێبێكـــی تایبەتمەنـــد لـــەو بـــوارەدا.. بێگومـــان پێویســـتە مـــرۆڤ پەنابەرێتـــە بـــەر خوێندنـــەوە بـــەنیازی كـــارتێكردنی و لێفێربـــوونی، نـــەك خوێندنـــەوە لـــە پێنـــاو خوێندنـــەوە، بـــەڵكو خوێندنەوەیـــەك بەمەبەســـتی

گــۆڕینی خـــودی خـــۆت لـــەناوەوە، بەمـــەش چـــۆنییێتی بیرکردنـــەوەو فەلســـەفەو هەڵوێســـتە سیاســـییەکانت و... تاد دەگۆڕێت.

***ئەو کتێبانە چین کە ڕەوتی ژیانتیان گۆڕیوە؟**

_ ئـەوەی لەیادمـە، ئـەو کتێبانـەی رەوتـی ژیانمـان گـۆڕی بێـت، چـەند کتێبێکـی کـەمن.. بـۆ نموونـە ئەوکاتـەی لەناوەنـدی بـووم کتێبـێکم لەسـەر زانسـتی گـەردوون و کتێبێکیشـم لەسـەر ئەتۆمـە سروشـتییەکان خوێنـدەوە، هـەروەها کتێبێکـی فەلسـەفی لـەژێر نـاوی (چـۆن بـەختیار دەبیـت، بـەلآم وەك مرۆڤێـك)، هـەروەها کتێبێـك لەسـەر (شـیعر) کـە (عـەقاد) نووسـی بـووی، ئـەو کتێبـە ئەندێشـەمی بـۆ شـیعر و جـۆرە تازەکـانی شـیعر کـردەوە، هـەروەها کتێبـی (رۆژەکـان) و (ئـازار چەشـتووەکانی زەمـین) و (شـیعری جـاهیلی) ی (تـەها حوسـێن)، کتێبـی (پـەروەردە) ی (سـەلامە موسـا)، کتێبـەکانی (یـەحیا سـدقی) و (نـەجیب مـەحفوز)، زۆربـەی خـەڵکی بـە نـەجیب مـەحفوزم دەچـوێنن، بـەلآم ئـەوەی راسـتی بێـت جیاوازییـەکی زۆرمـان لەگـەڵ یـەکتردا هەیـە، کـە ئـەو نزیکـەی بـە (٢٠) سـاڵێك بـەر لـە مـن دەنووسـێت، هەرچـۆنێك بێـت – مـن – بـڕوام بـەوە هەیـە، کـە مـرۆڤ تـەنیا ئەگـەر پێویسـتی بەخوێندنـەوە بـوو ئەوسـا بخوێنێتـەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی کاری تیٚ بکات.

***ڕوانین و تێگەیشتنتان لە بابەتی چیرۆکی کورت چۆنە؟**

- باوەڕم پێ بکە.. توانای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەتم نییە هۆیەکەشی ئەوەیە، کە هەرچەندە چیرۆکێك دەنووسم هەوڵی ئەوە دەدەم، کە چەمکی چیرۆکی کورت بزانم، بەڵام بێهودەیەو بۆم ناچێتە سەر.. لەو بڕوایەدام، کە ئەو وەڵامدانەوەیە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و لێکۆڵینەوەی درێژی لەسەر ئەنجام بدرێت.

***ئایا چیرۆکی کورت و فۆرمی کۆن و نوێ هەیە؟**

- نەخێر، بەڵکو بابەتی نوێ و بابەتی کۆن هەیە.. وەختێکیش کە هاتم بۆ ئەوەی پەرە بە چیرۆکی کورت بدەم یاخود لەچیرۆکێکی تەقلیدییەوە، کە لەسەر شێوازی مەتەڵ و گێڕانەوەیەکی ڕۆژنامەییەوە بیگۆڕم بۆ چیرۆکێکی هونەری، بابەتی تازەم لەبەر دەستدابوو بۆ ئەوەی لە چیرۆکەکاندا دایانڕێژم.. بۆ نموونە بەرایی ئەو چیرۆکانەی کە نووسیبووم، چیرۆکی ( هەرزانترین شەوانی تایبەت بەو پیاوەی کە نازانێت چۆن شەو بەسەر بەرێت )، ئەمەیان بابەتێکی تازە بوو، کە پێشتر نەنووسرابوو یاخود نەدەنووسرا.

چیرۆکنووسی ئەوکاتە (مەحموود کامل)بوو، کە چیرۆکەکانی باسیان لە خۆشەویستی کوڕ و کچێك

لەکەناری داری زەیتووندا دەکرد، هەموو چیرۆکەکان لە چوارچێوەی ئەم بابەتانە دەسوڕانەوە، هەمان بابەت فۆرمی نوێی خولقاند، بۆ نموونە چیرۆکی ( ئەو کچە خزمەتکارەی سینی پەتاتەی هەڵگرتووە..) هەر لەم تەوەرەیەوە چیرۆکی کورت چەمکی پێشکەوتن و نوێکاری بەخۆیەوە دەبینێت

***ڕۆڵی چیرۆکی کورت لە ( شارستانی ) مرۆڤدا چییە ؟**

– ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕێت، یەکێك لە خەسڵەتەکانی چیرۆکی کورت ئەوەیە، کە لە بیرناچێتەوە یاخود لەئەندێشەمان ون نابێت، بۆ نموونە بەخۆتدا بچۆوە بزانە، کە چەندەها ڕۆمان و چیرۆکت خوێندۆتەوە. کەچی ناوەڕۆکیت تەنانەت ناوی بابەتەکانیت لەیاد نەماوە، بەڵام چیرۆکی کورت ڕۆدەچێتە ناو پێکهاتە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ و دەبێتە بەشێك لەو پێکهاتانەی... بەم جۆرەش هەرگیز بابەتی چیرۆکی کورت لەبیرناچێتەوە. جیاوازیش لەنێوان چیرۆکنووسێك و چیرۆکنووسێکی دیکە ئەوەیە وەختێك پێت دەڵێن: فلانە چیرۆکنووس تابڵێی بەرهەمەکانی دانسقەو شاکارن، ئەوا هەوڵ بدە کەناوی چەند بەرهەمێکمان لە بەرهەمەکانی بۆ بژمێریت، بۆیە ئەگەر بتوانیت ناوی بەرهەمەکانی بەگشتی بەریت هەڵبەتە ئەوە بە چیرۆکنووسێکی بلیمەت دەناسرێت، بەڵام ئەگەر ناوی چیرۆکەکانیت بەبیر نەیەتەوەو نەیزانی، ئەوا

ڕەنگــە وەکــو نوێکەرەوەیــەك نــاوی ببرێــت. ئــەمڕۆ گرفتــی لاوە چیرۆکنووســـەکانی چـــیرۆکی کـــورت ئەوەیـــە، کـــە زۆربـــەیان چـــیرۆکی کـــورت دەنووســـن. مـــن زۆر بەمـــە خۆشــحاڵم، ئەوکاتــەی مــن دەســتم دایــە نووســینی ئــەو جــۆرە چــیرۆکانە ژمــارەی چیرۆکنووســەکان لــە هــەموو نیشــتمانی عەرەبیــدا لــە پێــنج کــەس تێنەدەپــەڕی، کەچــی ئــەمڕۆ خــۆی زیــاتر لــە پێــنج هــەزار کــەس دەدات. بێگومــان ئــەم زیادییــە لەبــەر ئەوەیــە، کــە – مــن – ئاســانکاریم خســتە نێــو ئــەم چەشــنە چــیرۆکەوە، لەهــەمان کاتیشــدا ئاســانی دووره دەســت ( السـهل الممتنـع )م پــیّ بەخشــی، بۆیــە بــە ڕەهاییــەوە دەیڵــێم، کــە ئــەم جــۆرە چــیرۆکە ئاســان نییــە، بگــرە گرانترینیانــە. لەبــەر ئــەوە ئەگــەر بەهرەیــەکی قــووڵ و، بــرەودان بــەو بەهرەیــە بــەردەوامی لەســەر نــەبێت و... تــاد، زۆر گرانــە یــەکیّ قەڵــەم بگرێتــە دەســت و بنووســێت ( دنیــا بەهــەور تــەنرا.. ڕۆژ تیشــکەکانی پڕانــدو.. تــاد ( نــازانم چــی و چــی ) تــەواو بــوو ؟! نــەخێر: ئەمــە هونــەرێکی زۆر قورسە؟!

هەڵبــژاردنی بابــەتی چــیرۆکی زۆر کــورت یــەکجار گرنگــە.. ئــەم بابەتــە دەنووســرێت یــاخود ئــەوە نانووســرێت، بــۆ نموونــە بەدرێــژایی ڕۆژگــار بیرۆکــەی چــەندین چــیرۆکم بــۆ دێــت، کەچــی هــیچ کامیــان پەســەند ناکــەم، گــرنگترین شــت هەڵبـــژاردنی بابەتەکەیـــە... دەبێـــت بپرســـی ئایـــا ئەمـــە

بابــەتی چــیرۆکی کورتــە؟ یــا نــە؟ ڕەنگــە بابەتەکــە رۆمــان بێت یاخود تەنیا هەر خاتیرەکی ئاسایی.

***ئــەو هونــەرەی بەمەبەســتی نووســینی چــیرۆکی کــورت پێویستە بۆ ئەوەی نووسەرێکی سەرەتایی دەستی پێوە بگرێت چییە ؟**

– تاڕادەیــەکی زۆر چــیرۆکی کــورتی خــۆش بوویــت، بەدرێــژایی تەمــەنی وەکــو قوتابییــەکی چــیرۆکی کــورت بمێنێتــەوە، هــەرگیز هەســت بــەوە نــەکات، کــە رۆژێــك لەرۆژان بۆتە مامۆستایەك یاخود نووسەرێك.

***بابـــەتی چـــیرۆکەکانت بەگشـــتی بەســـتراونەتەوە بەگۆڕانکارییــەکانی ریــالیزمی ( واقیعــی ) لــە چــیرۆکی کورتــدا – ئایــا پێناســەی قوتابخانــەی ریــالیزمی لەچیرۆکدا چییە؟**

– قوتابخانــەی ریــالیزمی لــەلای مــن وجــودی نییــە... مــن لەســەر واقیــع نانووســم، بــەڵکو واقیعێکــی هونــەری دەنووســم، کــە زۆر جیــاوازە لــە واقیعــی حــەقیقی.. ڕەنگــە ســیماکانی پاڵــەوان و رووداوەکــان و... تــاد لەشــێوەی واقیــع بچــێت.. واقیعــی تایبــەت بــەخۆم، نــەك واقیعــی ژیان.. (( واقیعێکی هونەری )).

- **چۆن هونەرو واقیع لێك جیا دەکەیتەوە ؟**

- راستە هونەر لەواقیع وەرگیراوە، بەڵام جیهانێکی تەواو جیاواز لە جیهانە واقیعە راستییەکەی بنیاد دەنێت، جیهانێك تەنیا نووسەر دەیبینێت و خەڵکی نایبینن، بۆیە نووسەر بۆ ئاسانکاری کۆپلەیەك لەواقیع وەردەگرێت، بەڵام بەشێوەو تەکنیکی نوێی زۆر دوور لە واقیعە راستەقینەکە دایدەڕێژێت ، کەچی لەهەمان کاتدا بەراستی تەعبیر لەبابەتەکەی خۆی دەکات.

- **ئایا بەرهەمی نووسەرە تازە پێگەیشتووەکان دەخوێنیتەوە ؟ ناوی هەندێکمان پێ نالێیت .؟**

- بێگومان زۆر زۆر بە خۆشحاڵییەوە دەیانخوێنمەوە، بەم شێوەیەش سەیری شتەکان ناکەم، کە تۆ بەم چەشنە باسی لێوە دەکەیت، کەسی وا هەیە دەنووسێت، بۆ ئەوەی هەر پێویستە بنووسێت، ئەگەر نەبێتە نووسەرێکی ناوداریش.

تاکەپەیامێکم بۆ یارمەتیدانی نووسەرە پێگەیشتووەکان ئەوەیە کە پێم راگەیاندی. من چیرۆك دەنووسم بەو نیازەی، کە هەموو خەڵك بیخوێنێتەوە. ئەویش پەیوەندی بە ناو هێنانی نووسەرانەوە هەیە، من بە کارێکی چاکی نازانم! بەکورتی چیرۆکم خۆش دەوێت نەك ناوەکان!! ناوهێنان بە بۆچوونی خۆم نووسەران (( سڕ)) دەکات، واتە ئەگەر ناوی یەکێك لەو نووسەرانە بێنم و ستایش بکەم و بڵێم بەراستی فلانە نووسەر

بلیمەتـــە، یـــاخود شـــتێك لـــەم بابەتـــەوە، ئـــەوكات ئـــەم نووســەرە دووچــاری ڕاڕایــی و لــەخۆبایی بــوون دەبــێ. بــا ئێمـــە لەنووســـەران بگـــەڕێین خۆیـــان ئەفرانـــدن بكـــەن، نووسـەر هەیـە تەمـەنی تـەنا یـەك چیرۆكەو هـی واش هەیـە تەمەنی هەزار چیرۆكە..تاد..

- **لەهەنـدێك لـە كـارە ئەدەبییـەكانت پـەنات بردۆتـە بـەر ڕەمـز – سـیمبۆل – بـە ڕای بـەڕێزتان كـەی نووسـەر پـەنا دەباتە بەر بەكارهێنانی؟**

**– بـــە ڕەهاییـــەوە دەیڵـــێم كـــە هـــیچ ڕەمزكارییـــەك لەچیرۆكەكانمدا نییە.**

- **ئـــەی باشـــە چـــی بـــە چـــیرۆكی ( ســـەرەكە – ڕاس ) دەڵێیت؟**

– چـیرۆكی ( سـەرەكە ) ڕەمـز نییـە بـۆ هـیچ كەسـێك، كـاتی بڵاوبوونـــەوەی هەنـــدێك وای بۆچـــوون، كـــە مەبەســـت لـــەو (ســـەرە ) ( جـــەمال عەبدولناســـر ) بێـــت. هـــەروەها ( محەمـەد حوسـێن هەیكـەل ) پێمـی گـوت: كـە مەبەسـت لـە ( ســـەرەكە ) فیكـــرە.. ڕەنگـــە هـــەر ئـــەو مەبەســـتەش بگەیەنێت!

- **ئەگەر وا بێت، كەواتە مەبەستت هێزێكی نادیارە!؟**

– بـەڵێ، هێزێكـی نادیـار كـە بـەردەوام خـۆی دەخاتـە نێـو بابەتەكەوە.

- **ئایا مەبەست لەوە هەرەس هێنانێکی سیاسی نییە ؟**

**– ڕەنگە شتێك بێت لەم بابەتانە.**

- **کۆمەڵێکی زۆر لە ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە بەڕێزتان بە چیخۆف کاریگەرن؟**

**– بەداخەوە هاوڕێ، ئەم دەستەواژەو رایە بەمەستی کەمکردنەوە لەکەسێتی من بەکاریان هێناوە، ئەگەر ئەوان کاریگەری بوون بە چیخۆف بەکەموکورتی بزانن، ئەوا ( ئەز ) بەشەرەفێکی بەرزی دەزانم، چونکە(چیخۆف و گۆرگی و موپاسان و ئادگار ئالان پۆ ..تاد )، هەموو ئەمانە مامۆستای هەرە بلیمەتن. بەڕاشکاوییەوە دەیڵێم کە من هەر تەنیا بەوانەوە کاریگەر نەبووم، بەڵکو بە چیرۆکی (( هەزار و یەك شەوە )) و (( عەنتەرەی کوڕی شەداد )) و (( سەیف کوڕی ذی یەزن )) و هەروەها ئەو چیرۆکانەش کە داپیرەم بۆی دەگێڕامەوە.. تاد کاریگەریش بوومە.**

**هیچ کەموکوڕییەك لەمەدا نابینم، کە مرۆڤێك کاریگەر بێت بە یەکێکی دیکەوە، چ جای ئەوەی ئەوکەسە بلیمەتێکی وەکو(چیخۆف ) بێت.**

*** ئەم بابەتە لە کۆڤاری کاروان ژمارە (١٣٦) بڵاوبۆتەوە.**

**ژێدەر**

**مجلة الاقلام العدد الثاني / السنة الثانية والعشرون لا ١١٤- ١١٩**

## شاعیری (لە سێشەممەدا بەفر دەبارێت)

## کۆچی دوایی کرد

نــازەنینی نیزامــی شــەهیدی، شــەوی شێشــەممە"٢٩"ی بەفرانبار لە تەمەنی ٥٠ساڵی کۆچی دوایی کرد، نازەنین ساڵی ١٩٥٤ لەشاری تاران لەدایکبووە، لەبواری زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی لەزانکۆی تاران ماستەر وەردەگرێت"مانگەکە، دووبارە رووناك كەوە"یەکەمین کۆمەڵە شیعری شاعیر بوو، کە لەلایەن خوێنەران و رەخنەگرانەوە کەوتە بەر باس وقسە لەسەرکردن. شاعیر بەر لەمەرگی خەریکی چاپکردنی کۆمەڵە شیعرێکی تازەی بوو، کەهێشتا ناوونیشانی بۆ هەڵنەبژاردبوو، بەم دواییانە لەنێو ئەو دیوانەیدا چەند شیعرێکی لەگۆڤاری"نیوسیرین"لە ئەڵمانیا وەرگێڕدراو بڵاوکرایەوە.

بەرهەمە شیعرییەکانیشی بەپێی ساڵی بڵاوبوونەوەو دەزگاکانی:

١- مانگەکە، دووبارە رووناك كەوە، شیوا، ١٩٨٠.

٢- لەسێشەممە بەفردەبارێت، نیکا، ١٩٩٣.

٣- من هاوچەرخی بایەکانم، نیکا، ١٩٩٨ .

ئەمەش دوا هەڤپەیڤینە لەگەڵ نازەنینی نیزامی شەهیدی:

* گوایە خاتوو نازەنینی شەهیدی خەریکی ئامادەکردنی دیوانە شیعرێکە، شیعرەکانی ئەم دیوانە بۆ چ قۆناغێك دەگەڕێنەوە؟

- ئێستا خەریکی ئامادەکردنی کۆمەڵە شیعرێکم، کە ئومێدەوارم تا کۆتایی ساڵ چاپ و بلاوببێتەوە. ئەم شیعرانە بۆ ساڵەکانی ١٩٩٨ بەدواوە دەگەڕێنەوەو دەوری"١٠٠"پارچە شیعرێکن.

* ئەو رووداوانەی لە دەیەی نەوەدەکان بەشێوەی جۆراو جۆر دەرکەوتن، هیچ شوێن پێیەکیان بەسەر کتێبی"بەلاَم من هاوچەرخی بایەکانم"ەوە دیارنییە؟

- من لە حەوزەی شیعردا تێڕوانینێکی تایبەتی خۆم هەیە. ئەوە بەشێوەی شیعری پۆست مۆدێرن دەخرێتە روو، یان شێوازێك بەجۆرێکی رچەشکێنی لەشیعردا دەرکەوتووە، کە پەیوەستە بەخودی شیعرەوە، لە بەرهەمەکانی خۆمدا بابەتگەلێك لە رچەشکێی بەرچاو دەکەوێت. یەکێك لە شێوازەکان، کە من لە شیعردا بەکاری دێنم رچەشکێنییە. لەکۆتاییدا لەرێگای ماناو فیکر و خەیاڵەوە بۆ کارێکی لەمجۆرەی دەبەم. بۆ ئەم رچەشکاندانە رێگایەکی گونجاو هەیە. ئەوەی کە تەنیا کۆمەڵێك تیۆرو پێشنیاز یەکسەرە لە کۆتایی

کتێبەکاندا.دەخرێتــــــــە روو، ئێســـــــتا بۆچـــــــی بەشـــێوەی"کۆتایی"لەدواوەی کتێبەکـــەدا دێــت، نـــازانم. چــونکە کـاتی خـۆی شـاعیرەکان پێشـنیازە تازەکانیـان لـە پێشـەکی کتێبـەکانیان دەنووسـی، لەمسـالأنەدا واباوە، کـە لەشـێوەی کۆتـایی ئـەم پێشـنیازانە بخەنـە روو و بڵـێن: "دەبـێ شـیعر ئاوابێـت". کەواتـە ئـەوانی دیکـە دەبـێ هەوڵبدەن بەم شێوازە شیعر بنووسن.

مـن وای بۆناچـم هـیچ عـەقڵێکی دروسـت بەمـە رازی بێـت. چونکە خودی تیۆرەکان لەناخی شیعردا دێنە دەرەوە.

* لێــرەدا گوایــە شــیعرەکان لــەناخی تیۆرەکانــەوە دێنــە دەرێ؟

- بەرێکـەوت ماوەیـەك لەمـەو بـەر شـاعیرێك لێـی پرسـیم: ئایــا ئــەو تیۆرانــە دەخوێنیتــەوە، قبوڵتــە؟ گــوتم بــە دڵنیاییـــەوە دەیانخوێنمـــەوە و قبوڵمـــە، هەنـــدێ جـــار ســـروش لەوانـــە وەردەگـــرم. چـــۆن شـــاعیر بـــۆی هەیـــە فیزیـــاش بخوێنێتـــەوە و ئیلـــهامی لێ وەربگرێـــت. شـــاعیر لەهـــەموو شـــتێ ئیلـــهام وەردەگرێـــت و لەشـــێوەی چـــاڵێکی رەش و تاریــك هــەموو شــتەکان بۆخــۆی کــێش دەکــات. بزانــە، شــیعر واتــە تاکگــەرایی، بــەڵام ئەگــەر ببێتــە حــزب و گـــروپ و دەســـتە ئـــەوە شـــیعر نییـــە، مـــن وای بۆدەچـــم رووداوەکـــانی وەك شـــیعری"حجم"و شـــیعری نایـــاب و شـــەپۆلی ســـێیەم، لەکۆتاییـــدا دووچـــاری شکســـت هـــاتن.

مەگــەر تاکێـك لــەمیانی ئــەم کۆمەڵــە، هێـلْ و گــەمارۆی ئــەم دەســـتەیە ببـــەزێنێت و دواتـــر خـــۆی بگەیەنێتـــە پانتـــایی شیعرەوە.

* هەڵســـەنگاندی ئێــوە کــە لــەژێر کاریگــەری ئــەم تیۆرانــە هۆنراونەتــەوە، چین؟ چـونکە کەسـانێك لـەو بـاوەڕەدان ئـەم شیعرانە بوونەتە ئەگەری ئەوەی خوێنەران لێی رابکەن؟

- یارییــەکانی پۆســت مــۆدێرنیزم کــە بۆتــە هــۆی ئــەوەی خوێنـــەران لێـــی رابکـــەن مـــن ئـــەوەم قبوڵـــە. مـــن وابـــیر دەکەمــــــەوە، کـــــە ئـــــەم بزووتنەوانـــــە وەك چێشـــــتێك دەمێنێتــەوە، کــە دەبێتــە هــۆی ئــەوەی ئــادەمیزاد هەســت و تێگەیشـــتنی جوانناســـی لەدەســـت بـــدات. ئـــەم هـــەموو کتێبــە شــیعرییە چـاپ دەکـرێن، بــەڵام دەبــێ هەرســالْ بڵـێین خۆزگەم بەپار.

لــەناو هــەموو ئــەو کتێبانــەش، ســەرکەوتووتر ئــەو کەســەیە کــە بــاس لــە تاکگــەرایی و فەردییــەت دەکـات. ڕەنگــە ســەرت بســوڕمێنێ، مــن ئەمســالْ کتێبێکــی شــیعریم بــەدڵ بــووە، کە هیچ لە کتێبەکانی دیکەی نەکردووە.

ئەمەش نموونەی شیعرێکی شاعیرە:

لە سێشەممەدا بەفر دەبارێت

بەفر پاککەرەوەکان

دەستیان رادەوەشێنن

لەسێشەممەدا بەفر دەبارێت

دەستم رادەوەشێنم

"خودا حافیز"

بەفر پاککەرەوەکان

لەسەر رووی تۆ

بەفری سێشەممە

لادەدەن

من دەستم رادەوەشێنم

رووخساری تۆ پاك دەکەمەوە

"خودا حافیز"

لەشەقامی چۆڵدا بەفر دەبارێت و

بەفر پاککەرەوەیەك

شێت ئاسا

لەملاو لەولای دیواری گەروو دەکوتێ

لە گەروومدا بەسەر ناوی تۆوە بەفر دەبارێ

## ئیمی تۆن:
## ئەدەبیاتی چینی بەرهەم ناهێنم!

ئیمی تۆن: لە ئەمەریکا لە دایکبووە و کچی یەکێك لە کۆچبەرانی چینییە، ناوە چینییەکەی (ئان- می)یە، سەردەمی مندالی زۆر نەبووە، هەمیشە مالباتەکەی لە حالەتی کۆچکردندابوونە، تا لە ئاکامدا لە (سانتاکلاری کالیفۆرنیا) نیشتەجێ دەبن.

وەك خۆی دەڵێت: (ئێمە هەر ساڵێ بۆ شوێنێك کۆچمان دەکرد، لە بەرامبەر ئەوەدا من لەگەڵ ئەو بارودۆخە تەواو خۆم راهێنابوو، بە تێڕوانینەکانی خۆم دەژیام. هەر ئەو تێڕوانینانەش بوو، کە ئەوی لە پێشبڕکێی وتارنووسیدا لە تەمەنی هەشت ساڵی سەرکەوتووکردبوو، هەر لەو کاتەدا بوو بە شێوەیەکی جدی بڕیاری ئەوەی دابوو نووسەرێکی ئەفسانەیی لێ دەرچێت.

دایکی تۆن بەو بڕیاردانەی ئەوەندە دڵخۆش نەبوو، کاتێکیش تۆن لە کۆلێژی زماننناسیدا دەستی بەخوێندن کرد دایکی شەش مانگ قسەی لە گەڵدا نەکرد. چونکە دایکی حەزی دەکرد کچەکەی لە زانستی مرۆڤایەتی

بەدووربێت. ئیمی لەو باوەڕە دابوو، کە دایکی دەیەوێت تا ئەو جێگایەی دەتوانێت لە ژیانیدا سنووورداری بکات. دوای ماوەیەك وەك نووسەرێکی سەربەخۆ دەستی بەکار کرد، کارێك کە پێویستی بە هیچ سەرمایەیەك نەبوو. ئەو لەسەرەتادا وەك کارێکی سەلیقەیی دەستی بە چیرۆکنووسی کرد و لەماوەی چوارمانگدا بەناوبانگترین کتێبی بەناونیشانی (یانەی بەخت و شادی) نووسی.

ئیمی لە (١٩)ی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ لە (ئوکلاند کالیفۆرنیا) لەدایکبووە و لە (سان فرانسیسکۆ قۆناغی گەورەبوونی بەسەر برد). لە پاش ئەوەی خوێندنی ئامادەیی تەواوکرد، درێژەی بە خوێندن داو پلەی ئوستادیشی لە زمانناسی لە زانکۆی ویلایەتی (سەن خوزە) لە شارێك لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بەدەست هێنا.

بەرهەمەکانی ئەو بۆ (٢٠) زمان وەرگێڕدراون، بەهۆی یەکەمین کتێبیشییەوە (یانەی بەخت و شادی) ناوبانگی دەرکرد و خەڵاتی میللی بەدەست هێنا.

٢١ ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ (لوی دەمتی) زەماوەندی کرد و ئێستاش بەیەکەوە لە (سان فرانسیسکۆ) دەژین. ئەمەش دەقی گفتوگۆیەکی کورتە لە سایتی کلتووری چینی لەگەڵی سازدراوە، رۆژنامەی شەهرەزادیش کردوویەتی بە فارسی.

*** چ کاتێك هەستت کرد، کە دەتوانی بنووسیت؟**

- کاتێکی دیاری کراو نەبووە. ئەو ساتەی گەنج بووم لە (کلاسی) فێرکردنی نووسەری بەشداریم کرد، وتاری کورت و شتی لەو بابەتانەم دەنووسی. کاتێك کە تەمەنم لە هەشت ساڵ زیاترنەبوو، وتارێکم بەناونشانی (what the library means to me) (کتێبخانە بۆ من چ واتایەك دەگەیەنێ) نووسی. زۆر ساکار بوو، ئەوان وتارەکەمیان بڵاوکردەوە و نزیکەی حەڤدە سەنت و رادیۆییێکیان بەخەڵات دامێ، ئیدی لەوساتەوە نووسین لە زەینمدا چەخماخەی دا، کە هەستم کرد لە بواری نووسیندا دەتوانم سەرکەوتن بەدەست بهێنم. هەنووکە کە لەچاوی گەورەساڵێکەوە سەیری رابردوو دەکەم و هەوڵدەدەم شتگەلێك بێنمەوە یادم. لەراستیدا هەست دەکەم دایك و باوکم نەیاندەزانی کە من کێم و ئەوان نەیاندەزانی بچووکترین پشتگیری تا چ رادەیەك بۆ من کاریگەری چاکی هەبوو، بچووکترین رەخنەش دەیتوانی منی تێکبشکاندایە.

*** دووەمین کتێبت بەناونیشانی: پشیلە چینییە بەیەکچووەکان، یان جمکەکان( The Chinese Siamese cats)بوو ئەم کتێبەت بۆ منداڵان نووسیوە، ئایا مەبەستتان تەنیا سەرگەرمکردنی منداڵان بوو، یان بەدوای ئامانجێکی بەربڵاوتردا دەگەڕان؟**

- هیوادارم بتوانم منداڵان هۆگری خوێندنەوە بکەم، دەمویست ئەوان بە ئەندازەی من خوێندنەوەیان خۆش

بوێت. خوێندنەوە و وێنەو پەیڤەکان بەیەکەوە، توانای بیرکردنەوە و پێکهاتەشیان پەرە دەسێنێت.

*** بەرهەمەکانتان تا چ رادەیەك گوزارشت لە رۆشنبیری ئێوە دەکات؟**

- من تا ئەو شوێنەی، کە دەگونجێت دەبێت وردبم ئەگەر بڕیارێك بدەم، بۆ نموونە بڵێم ئەو چیرۆکە دەنووسم تا بە جۆرێك فەرهەنگی ئاسیایی- ئەمەریکایی نیشان بدەم، شتگەلێك کە چیرۆك سەرسوڕهێنەرتر و گشتی تر دەکات لە دەستم داوە ئەوەیە، کە دەڵێم نووسەرێکی ئەمەریکاییم، بۆیە سروشتی چیرۆك گێڕانەوە و شێوازێك، کە من لە نووسینی چیرۆکەکانم گرتوومەتەبەر زیاتر رەگی لە ئەدەبیاتی ئەمەریکایی دایە، هەوڵ نادەم ئەدەبی چینی بەرهەم بهێنم. بەرهەمی ئەدەبی من هەروەك بەرهەمی ئەدەبی سوننەتی چین بەڕەوشی کەسی سێیەم نەنووسراوە، بەڵکو بە رەوشی کەسی یەکەم نووسراوە، کە زۆر ئەمەریکاییە: زەماوەند، ئەشق کە مرۆڤ ژیانی لەسەر بنەڕەتی ئەوان شێوە دەگرێ، هەمووی ئەمریکاییە.

*** لە کۆتاییدا ئێوە بۆ نووسەرە گەنجەکانی هۆگر و پەیوەندار بە ئەدەب چ پێشنیارێکتان هەیە؟**

- هەڵبەتــە دەبــێ ئــارەزووی ئێــوە بــۆ نووســین گــەورەتربێت لـــــە ئارەزووتـــــان بـــــۆ بڵاوکردنـــــەوەی نووســـــین و بەرهەمــەکانتان، بــە ئەمانەتــەوە بنووســن، زۆر بخوێننــەوە و دەبــێ بــزانن کــە چــی دەخوێننــەوە. ڕێچــکەی تایبــەتی خۆتــان هــەبێت، هــەرگیز لاســایی کەســانی دیکــە نەکەنــەوە، بــەدوای ئــەو بابەتانــەوە بــن، کــە پــەنگخواردووی تــاکن و چــۆنییەتی سەرنجیشــتان بــۆ جیهــان لــە دیــدو ڕوانگــەی خۆتانەوەبێت .

**ســـــەرچاوە:**

لەسایتی www.china calture.com وەرگیراوە.

# کانت و مۆدێرنیتەو پۆست مۆدێرنیتە

ن.د. حەمید عضدانلو

ئەمرۆ لەبیری رەخنەییدا کە هاوکێشەیەکە بۆ باسە مشتومڕ ئامێزەکان کە لە بواری مۆدێرنیتەو پۆست مۆدێرنیتەدا، لەگشت لایەکەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ (کانت): چ ریچارد روتی (Richard Roty) کە لە کتێبەکەی خۆیدا (ئاوێنە) پێشبینییەکانی مۆدێرنیتەو شوێن پێکانیان لە (فوکۆ) وە تا (کانت) شیدەکاتەوەو راڤەدەکات یان دریدا (Derrida) یان لیۆتارد (Lyotard) کە پێکهاتەیەك لە کانت و (ویتگنشتاین) (Wittgenstein) و ئەرستۆوە وەبەردێنێ، یا (ستانلی فیش- Stanley Fish) کە لە توێژینەوەکانی خۆیدا هەموو جۆرە تیۆرێك دەداتە دواوە یاخود (ریچارد هوارد- Richard Howard) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (لە مارکسەوە تا کانت) یان (لوك فێری – Luc-Ferry) لە کتێبە سێ بەرگییەکەیدا سەبارەت فەلسەفەی ماڤ مرۆڤ.

بەلام بۆچی کانت؟ بۆچی گەڕانەوە؟ بۆچی ئێستا؟ ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە دەتوانن لە مێشکی هەر خوێنەوارێکدا لێکدانەوەو تێڕوانینێك دروست بکەن.

ئــەم گەڕانەوەیــە لەبــەر خــاتری (ئیســتاتیکا)ی (١) کانــت نییــە، بــەڵکو لەبــەر ئەوەیــە کــە گوایــە بــۆ یەکــەمین جــار لــە رەخنــەگرتن لــە مۆدێرنیتــە هەلەیــەك روویــداوە. ئیــدی گەڕانــەوە بــۆ کانــت، بــە رواڵــەت گەڕانەوەیــە بــۆ سەرچــاوەی ئــەو هەلەیــە. دەتــوانریٚ ســوود لــە (دومــان – Deman) و کتێبەکــەی (ئایــدۆلۆژیای ئیســتاتیك) (٢) وەربگــیریٚ، کــە لــــەڕەوەتی موتــــالای جێگــــاو شــــوێنی ئیســــتاتیکدا، ئاگــاداری نــەبوونی ســـەربەخۆیی کــارکردنی ئیســـتاتیك دەبێتەوە.

لــەبیری کانتــدا بونیــادی مۆدێرنیتــە، کــە لــە واقیعــدا راستییەکەی بەم شێوەیەیە:

Aesthetic praxi Theory

تیۆری پراکتیك ئیستاتیك

ئــا لــەم بونیــادە، بەشــێك لــەو شــتە بــەخۆوە دەگرێــت، کــە ئــەمڕۆ بــە مۆدێرنیتــە ناســراوە. لــەم بونیــادەدا لــە نێــوان تیــۆرو پراکتیکــدا پەیوەندییــەکی دەروونــی هەیــە، بــەڵام پراکتیــك تــەنیا لــەناو حەشــارگەی تیــۆردا هەیــە. لــەم بونیــــادەدا ئیســــتاتیك لەگــــەڵ تیــــۆردا هــــیچ جــــۆرە پەیوەندییــەکی نییــە. لــە راســتیدا دەتوانرێــت بگوترێــت کــە لــە شــوێنێکدا تیــۆری قەڵــەمڕەو و بــەرپرس و عەقڵانییــە، ئیســــتاتیك قەڵــــەمڕەوی نابەرپرســــی، قەڵــــەمڕەوی ئارەزووەکان داخوازییەکان و قەڵەمڕەوی ناعەقڵانییە.

(دومـــان) بـــە گەڕانـــەوە بـــۆ زمـــانی یۆنـــانی و شـــیکردنەوەی زمانەوانیانـــــەی زاراوەی (تیـــــۆر) و (ئیســـــتاتیك) بـــــەوە گەیشـــتووە، کـــە تیـــۆرو پراکتیـــك و ئیســـتاتیك لـــە بـــیری یۆنانیـــدا پەیوەندییـــەکی جیاوازیـــان هـــەبووە لەگـــەڵ ئـــەوەی کـــە لـــە ســـەردەمی مۆدێرنـــدا هەیانـــە. بەواتایـــەکی دیکـــە، بونیـــــادی بـــــیری یۆنـــــانی جیاوازییـــــەکی زۆری لەگـــــەڵ بونیادی بیری سەردەمی مۆدێرندا هەیە.

لـــە لێکۆڵینـــەوەی (دومـــان)دا (تیۆریـــا Theoria) (نـــاوێکی کۆیـــە) کـــە لـــە وشـــەی (تیـــۆرین) (Theoren)ی یۆنـــانی وەرگـــیراوە، کـــە مانـــای تەماشـــاکردن (To look)و ســـەرنجدان (To glance) ی گەیانـــدووە، کـــە بـــە گروپێـــك لـــە کەســـەکان یـــاخود بـــە نوێنـــەرەکان دەگـــوترا. (Theros) یـــەکێك بـــووە لـــە کەســـەکان و ئیســـتاتیکیش Aesthetic بەرامبـــــەر بـــــووە بـــــە داواکردنێـــــك، یـــــان داوایـــــەك، جیاکردنەوەیـــەك، ئیحســـاس و هەســـتکردنێك، ســـەیرکردن و پـــــەی پێبردنێکـــــی تاکـــــە کەســـــی. لەســـــەر بنـــــەمای پێناســـــەکردنی ســـــەرەوە، هـــــەتا گازەکـــــانیش توانـــــای ئیستاتیکیان هەیە.

یۆنانییێـك کـە هەسـتی بەلێپرسـراوێتی دەکـرد لـەو بـاوەڕەدا بـــوو، کـــە ئێمـــە نـــاتوانین بنچـــینەی کـــاری خۆمـــان لەســـەر تەماشـــاکردن و پـــەی پێبردنـــی کێشـــەکە ڕەوانـــە بکـــەین، واتـــا یـــەك (Theoria) کۆمەڵـــە تاکێکـــە لـــە نێـــوان (٥–١٣) کـــەس، ئـــەم تاکانـــە واقیعەکـــە لـــە نزیکـــەوە دەبیـــنن و

گــەواهی و شــایەتی دەدەن و دواتــر دەڵــێن: (ئێمــە کــە چـاوەکانی ئێـوە بـووین، بینیمـان)، لێـرە کـە دەتوانرێــت بگوترێــت واقیعەکــە روویــداوە، لێرەدایــە مشــتومڕێك یــان لێکۆڵینەوەیــەك، یــان هەڵســەنگاندنێك، یــان راوێــژێکی (پراکتیــك) دەســت پێــدەکات. بــۆ یۆنــانییێکی بــەرپرس کــاری ئــەم پراکتیکــە بەتــەواوی جــودا بــووە لــە کــاری تیۆریــا. لەســەر ئــەوە دەتوانرێــت بوترێــت بونیــادی بــیری یۆنانییــەکان شــتێکی وێچــووی ئــەم نموونــەی خــوارەوە بووە:

Theoria  Asthetic Praxis

پراکتیك  ئیستاتیك  تیۆریا

یۆنانییــەکان نــەوەك تــەنیا بــۆ بەیەکــەوە گرێــدانی پێوەنــدی نێــوان ئیســتاتیك و تیۆریــا بەبایــەخێکی زۆر قایــل بــوون و بــۆ زاڵبــوون بەســەر بــێ ســوود تێــڕوانینی ئیســتاتیك هــەوڵیان دەدا، بــەڵکو ئاگایــان لــە ســەربەخۆیی قەڵــەمڕەوی پــراکتیکیش هــەبووە. ئــەوەی دەبێتــە ئەگــەری جیــاوازی فیکــر لــە ســەردەمی مۆدێرنــدا ئەوەیــە، کــە لــە ســەدەی هەژدەمــدا ئیســتاتیکی پــەراوێزخراو ســەربەخۆیی خــۆی بەدەســت هێنایەوەــ تیــۆرو پــراکتیکیش بەیەکــەوە گــرێ دەدرێـن. کانـت وەك دیـارە ئـەم گۆڕانـەی لـە کتـێبی (رەخنـە سـیانییەکان) تۆمـار کـردووە. هـەمان گۆڕانیشـە کـە بۆتـە ئەگـەری هاتنەکایـەوەی بـاس و مشـتومڕەکانی مۆدێرنیتـە لــە بەرامبــەر پۆســت مۆدێرنیتــەو ئامــاژە کــردن بــۆ ئــەو

خاڵەش بایەخدارە، کە (دومان)، (کانت) بە بەرپرسیار لەو گۆڕان و وەرچەرخانەی کە لە بونیادی هزردا هاتۆتە ئاراوە دانانێت. بە بۆچوونی ئەو تێگەیشتنی نادروستی شیلەر (Schiller) لە نووسراوەکانی کانت، بەرپرسی ئەو گۆڕانە هزرییەیە. دومان پێی وایە کە سەربەخۆیی ئیستاتیك بە هۆی شیلەرەوە بەسەر ئێمەدا سەپێنراوە، ئەگەرنا لە چوارچێوەی بیری (کانت)دا ئیستاتیك هێزی هەڵوەشاندنەوەو گۆڕانی تیۆری هەیە.

بەهەرحاڵ ئەم سەردەمەمان بەسەردەمی مۆدێرن پەسەندکرد. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، کە ئایا دەتوانین کۆنترۆڵی بکەن یاخود لە دەروونیدا زیندانین؟ مەرجی کۆنترۆڵ بەسەر ئەم سەردەمەدا (وەکو کۆنترۆڵ و بەبەرهێنانی سروشت لە سەردەمی مۆدێرندا) ئەوەیە: کە خۆمان لە دەرەوەی مۆدێرنیتە جێگیربکەین. هەوڵدان بۆ جێگیربوون لە دەرەوەی ئەم سەردەمە و کۆنترۆڵکردنی ئەوەیە کە پۆست مۆدێرنیتە لە بەرامبەر مۆدێرنیتەدا دابنێین.

## پۆست مۆدێرنێتە لە بەرامبەر مۆدێرنیتە

مشتومڕی نێوان ئەم دووانە بە وتارە پڕ بایەخەکەی (هابرماس) لە ساڵی ١٩٨١ دەستی پێکرد، هابرماس لەم وتارەدا شمشێری تیژی خۆی بەرەو رووی لایەنگرانی پۆست مۆدێرنیتەو بەتایبەتی (لیوتارد)ی

پـێش قـەرەوڵی ئـەم بـیرە بەدەسـتەوە گـرت و ئەمانـەی بـە (پارێزگـارانی نـویێ) و تیۆرەکەشـیانی بـە تیـۆری قۆنـاغی پـێش مـۆدێرن (Premodern)لــە قەڵــەم دا. هابرمــاس لــەو بیریارانەیــە کــە پەیوەندییــەکی مکــومی بــە پــرۆژەی مۆدێرنیتـــــە، کـــــە هـــــەمان پـــــرۆژەی رۆشـــــنگەرییە (Enlightenment) هـــەبووەو نایـــــەوێت مۆدێرنیتـــــە پەراوێز بخات.

عــەقڵ لــەم مشــتومڕەدا هــەم جێگــای هەمەلایەنــەی پێــك گەیشــتنەو هــەم دادوەری ئــەو کێشمەکێشــە فەلســەفییەیە. هەڵبەتــە ناتوانرێــت دەیــەی ســاڵی ١٩٨٠ بــە دەســتپێکی هێرشــی پۆســت مۆدێرنیتــە بــۆ ســەر مۆدێرنیتــە دابنرێــت. بــەڵکو نیچــەو هایدگــەرو فرۆیــد دەســتپێکەری ئــەم پــەلامارە بــوون" بــە تایبــەتی وتــارە بەناوبانگەکــەی هایدگــەر بەناونیشـانی چـەرخی وێنـەگرتنی جیهـان Wettbildes Die zeit des (٣)کــە ســاڵی ١٩٢٦ بڵاوکراوەتــەوە. وەکــو ئــەو وێناکردنــەی هایدگــەر لــە تەکنــەلۆژی بــە بزووتنەوەیــەکی ئاشــکرا دابنرێــت لــە دژی رەهــاکردنی هــەر جــۆرە کارێــك کــە لەســەر بنــەمای عــەقڵ بونیــاد نرایــت. بەجورئەتــەوە دەتوانرێــت بگوترێــت هــەموو نووســینەکانی (فۆکــۆ) کــە تــەنیا جارێــك نــاوی هایدگــەری تیاهــاتووە، پــەراوێز نووســینێکە لەســەر ئــەو وتــارە. بــەدەربڕینێکی دیکــە، فۆکــۆ لــە واقیعــدا دەبێتــە (هایدگەرییــەك) بــە قســەی خــودی فۆکــۆ: (هەمیشــە هایدگــەر بــۆ مــن فەیلەســوفێکی

گەورە بووە.. هۆکاری تەواوی پێشکەوتن و فراوانبوونی فەلسەفەی من، خوێندنەوەی نووسراوەکانی هایدگەرە) ((٤)). بۆ چوونە نێو ئەم مشتومڕە فۆکۆ هەوڵ دەدات بیر لە بیرلێنەکراوەکان بکاتەوەو بیانهێنێتە کایەوە. قەڵەمڕەوی هەمان بیرلێنەکراوەکان پاڵ بە فۆکۆوە دەنێت راڤە و شیکردنەوەی ئەبستمۆلۆژی لەکاتە جیاوازەکاندا، بەبۆچوونی فۆکۆ ئەوەی کە بیرکردنەوەی مۆدێرن لە بیرکردنەوەی سکولاستیکی سەدەکانی ناوەڕاست جیادەکاتەوە، ئەمەیە: کە لێکۆڵینەوە لە بارەی بوون، واتە خودا، شوێنی خۆی بە لێکۆڵینەوە لە بارەی کەسێك کە بوون موتالاّ دەکات، واتە مرۆڤ دەسپێرێت. لە هەمان کاتدا کە جیهانی خۆی لە بەرامبەر کەسێکدا دادەنێت، ئەم پرسیارە سەر هەڵدەدا، کە ئایا دەتوانرێت بۆ بینینی ئەم کەسە (ئیستاتیك یان تیۆر) بایەخێکی هەبێت یان نا؟ فۆکۆ هەوڵدەدات دوو بەرابەر بیربکاتەوە- بۆ نموونە هەم لە کۆجیتۆکەی دیکارت و هەم ئەوەش کە کۆجیتۆکە بیری لێنەکردۆتەوە. بەڵگەی ئەم دوو بەرامبەر بیرکردنەوەیە لە بیری فۆکۆدا ئەوەیە: کە هەردووکیان بوونیان هەبووەو خێرایی بەلێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی چۆنیەتی دەدەن. بەرهەمی کێشمەکێشی نێوان ئەم دوو قەڵەمڕەوە هەمان ئەو شتەیە کە فۆکۆ بایەخی پێدەدات. لەبەر ئەوەی

مەسەلەیەك كە لێرەدا دێتە پێشەوە ئەوەیە: كە بیركردنەوە تێدەكۆشێت بەشتێكەوە خەریك بێت كە بیرلێنەكراوەیە. پرسێكی فەلسەفی گرنگ كە لێرەدا بە مێشكدا دێت ئەوەیە كە بیركردنەوە چۆن دەتوانێت شتێك بێت كە جیهانی خۆی لە بەرامبەر بیرلێنەكراوە ئاشكرا بكات؟ بۆچی بیركردنەوە لە بەرامبەر خۆیدا بیرلێنەكرایەوە؟ بەدەربڕینێكی دیكە خودی بیركردنەوە لە قۆناغی یەكەمدا لە جۆری بیرنەكراوەكانە. بیركردنەوە لەمەڕ هزر نەریتێكی مۆدێرنی رۆژئاواییە.

یەكێك لە سیماكانی مۆدێرنیتە ، بیركردنەوەیە لە بارەی هزر، بەدەربڕینێكی دیكە، فەلسەفەی بیر یەكێكە لە دیاردەكانی مۆدێرنیتە، كۆجیتۆكەی دیكارت (من بیردەكەمەوە كەواتە من هەم ) ئەم دیاردەیە بەتەواوی روون دەكاتەوە. لەبیری (جان لاك)دا هێماو نیشانەی بیركردنەوە (پەڕەیەكی سپی) یان (سندوقێكی رەش)ە. ئەم هێمایەش ئەو مانایە دەدات كە بیر ناتونێت لەسەر بنچینەی ئەزموون پەی پێببرێت. بەدەربرینێكی دیكە، ئەو زانستەی كە سەرچاوەی لە ئەزموونەوە وەرگرتووە، رێگایەكی بۆ ناسینی هەڵومەرجی خۆی، واتە بیر پێ نییە. هەڵبەتە كانت بەشێوازە پێشڕەوانەكەی خۆی (Transcendental method) واتە چۆنێتی كاركردنی بیرمان پێ نیشان دەدات، بەلاْم ئەو تا ئەو سنوورە فێرمان دەكات كە چ شتێك دەتوانرێت بیری لێ

بکرێتەوە. ئێمە ناتوانین لەمە زیاتر بزانین. خودی هزر، بیر لێنەکراوەیە لەبەر ئەوەی کاتێک کە لە حاڵەتی بیرکردنەوەداین ناتوانین کاردانەوەمان لەسەر خۆمان هەبێت. لەگەڵ کانتدا تەنیا دەتوانین تواناو بەرهەمی زانست هەڵسەنگێنین، بەلاَم هەرگیز ناتوانین کاروکاردانەوەی زانست دەستەمۆ بکەین. لەسەر ئەم بنەمایە ناتوانین وەلاَمی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە چۆن ئەم کاروکاردانەوەیە رێنماییکراوە، کاریگەری هەبووەو چ کەسێك بووەتە هۆکاری ئەم کاریگەرییە. فۆکۆ ئەم گرفتەی بەباشی دەناسی و پێی ئاگادار بووە. لە دواکتێبیدا (The order of Things) دەڵێت: ئەوەی بە مێژوویی ناودەنێن، بەشێکە لە پۆلینکردنی بیر، کەواتە بە هۆی بە نەناسراوی مانەوەی خودی بیر) بیر ناتوانێت ئەمە هەڵسەنگێنێت. لەم رووەوە هەرگیز ناتوانین پەی بەوە بەرین کە رووداوەکان چۆن روودەدەن ((٥)). لەم بارەدا ئێمە لە بەرانبەر هێڵێکی ئاسۆیی مەیدانی زانستێك داین، کە نە سنوورو نە سەرچاوەکەی نابینرێت. پەیدابوون و دەرکەوتنی کینایەی هێڵی ئاسۆیی ئەو مانایە دەدات، کە ئێمە هەرگیز ناتوانین شوێن پێیێك لە سنووری مەیدانی بوون وەدەست بێنین. لەبەر ئەوەی رێك ئەو ساتەی گەرەکمانە ئەندازەگیری ئەم هێڵە ئاسۆییە بکەین، ئەم هێڵە دەگۆڕێت و گۆڕان بەخۆوە دەبینێت هەر لەبەر هەمان هۆ

بــەکارهێنانی چــەمکی ئاســۆیی نیشــاندەری بونیــادێکی نامومکینــە. ئەمــە هــەمان بیرلێنــەکراوەو هــەمان ئــەو شــتەیە کــە نــاتوانین لــە بارەیــەوە قســە بکــەین. بەبۆچــوونی فۆکــۆ بــیری مــۆدێرن توانــای ســەقامگیری و بونیادنــانی ئــەخلاقی نییــە. هــەر سیســتەمێك جێگــەی وەرگــرتن و پەســەند کــردن بێــت هەمیشــە بەمــەرجێکی دیــاریکراو ســنووردار دەبێــت. ئەمــە بــەمانای ئــەوە نییــە کــە هــیچ بایــەخ و بەهایــەك لــە ئــارادا نییــە. بیرکردنــەوە لــە هــەمان کاتــدا ئازادکــەرو کــۆت و بەندکێشیشــە. بــیری مــۆدێرن پــەی بەکاروکاردانــەوەکان نابــات، بــەڵام خــودی کاروکاردانــەوەکان دەگەیــەنێت. لــەم رووەوە بــیر هەمیشــە بایەخــدارە. ســەبارەت بــە کتــێبی (سیســتەمی شــتەکان)ی فۆکــۆ پێویســتە ئامــاژە بــە دوو خــاڵ بکــەین: یەکــەم ئــەوەی کــە بــە بۆچــوونی (هابرمــاس) فۆکــۆ کەوتۆتــە هەڵــەوە. هابرمــاس بــۆ گواســتنەوەی زانســت، لێکۆڵینــەوە ســەبارەت بــە شــێوازە پێشــڕەوەکانی دەکــات. بــە بۆچــوونی هابرمــاس بناغــەی بوونناســی لەســەر تیــۆرێکی کۆمەڵایــەتی دامــەزراوە. هابرمــاس بنچــینەی کارەکــانی خــۆی لەســەر تیــۆرێکی کــۆی حەقیقەتــەکان بونیــاد دەنێــت و ، پێــی وایــە مەســەلەی ئــەخلاقی و کۆمەڵایــەتی و سیاســییەکان لــە تیــۆری حەقیقەتــەوە سەرچــاوەیان گرتــووە. بــە دەربڕینێکــی دیکــە هابرمــاس هــەوڵی پاراســتنی رەســەنایەتی تیۆرەکــەی داوە. رەخنــەی ئــەو لــە فۆکــۆ پــتر پێوەنــدی بــە راڤــە و شــیکردنەوەی

(هێـــز)ەوە هەیـــە. خـــاڵی دووەم: دەرککردنـــی خـــودی کارەکـــانی فۆکۆیـــە. ئایـــا ئـــەویش هەوڵیـــداوە بـــیر لـــە بیرلێنـــەکراوەکان بکاتـــەوە؟ لـــە زۆر لاوە وا دەردەکـــەوێ کـــە فۆکـــۆ رووبـــەڕووی بـــیری مـــۆدێرن دەبێتـــەوە- (زانســـت هێـــزە) ئیـــدی فۆکـــۆ بایـــەخ بـــە ئامانجـــەکانی بـــیری مـــۆدێرن نـــادات، بـــەڵکو بایـــەخ و گرنکـــی فۆکـــۆ بـــۆ سیســـتەمی نیشانەکان (Sign System) و هێزی ئەمانەیە.

گرفتێـــك کـــە پۆســـت مۆدێرنیتـــە بـــەرەو رووی دەبێتـــەوە، ئەوەیـــە کـــە ئێمـــە نـــاتوانین بـــە کـــاری خواســـتن خۆمـــان لـــە شـــەڕی مۆدێرنیتـــە رزگـــار بکـــەین، لەبەرئـــەوەی کـــە لەلایێکـــەوە کـــاری خواســـتن خـــۆی پەیوەســـتە بـــە مۆدێرنیتـــە و لەلایـــەکی دیکەشـــەوە حـــەزکردن لـــە کـــاری نـــائیرادی شـــێتییە. ئـــەم مەســـەلەیە گـــرفتی خـــودی مۆدێرنیتەیشـــە، لەبەرئـــــەوەی مۆدێرنیتـــــە خـــــۆی لـــــەنێو تەونێکـــــدا دەبینێتـــەوە، کـــە خـــۆی چـــنیویەتی و لـــەم رووەوە ئـــازادی کـــارکردنی زۆر ســـنووردار دەبێـــت، ئایـــا پەســـەندکردنی حەقیقـــەتێکی وەهـــا ئـــازادی کـــاری ئێمـــە زیـــاتر دەکـــات، یـــان دەمانخاتـــــە ژێـــــر فشـــــارێکی زۆرتـــــرەوە؟ یـــــاخود هـــەردووکیان؟ حەقیقـــەتێکی وەهـــا زانســـتی موتـــاڵاکردنی مێـــژوو و رەگـــەزەکان بـــە شـــێوەیەکی تراژیـــدی و کۆمیـــدی دەردەخـــات، لەبەرئـــەوە لەلایێکـــەوە ئـــەوانی دیکـــە بـــەهۆی تێگەیشـــتنی خۆمـــان دەرك پێدەکـــەین و لەلایـــەکی دیکـــەوە زانســـتی ئێمـــە کـــە لەســـەر ئـــەم تێگەیشـــتنانە مکـــوم بـــووە،

دەرهاوێشتەیەکی کۆمەڵایەتی بووەو، تاك بە تەنیا بێ توانا و دەسەڵات ماوەتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکان حاڵەتی جیهانگیری خۆیان لەدەست داوەو تەنیا لە چوارچێوەیەکی دیاری کراو بە کۆمەڵێك مەرج دەتوانرێت لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ. لەسەر بناغەی ئەم راڤە کردنانە، میتۆدی (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم) ئیدی توانای جارانی نییەو ئێمە تێناگەین چ شتێك دەزانین و چۆنیش. مەبەستی بیری مۆدێرن لە بیرکردنەوە سەبارەت بیر لێنەکراوەکان ئەوەبوو: کە کۆتایی بە نامۆیی مرۆڤ بێنێت. بەلاّم ئەم نامۆییە لە دیدی پۆست مۆدێرنیتەوە هەر لە شوێنی خۆیدایە. هایدگەر بۆ دەربازبوون لەم گیروگرفتە پەنا بۆ چەمکی (Gelassenheit) دەبات و دەخوازێ لێمان شتەکان بە حاڵی خۆیانەوە رەها بکەین (٦). پەنا بردنە بەر ئەم چەمکەش هایدگەر یەکەمین هەنگاو بەرەو لای پۆست مۆدێرنیتە هەڵدەگرێت. وەلاّمی هایدگەر بۆ ئەم پرسیارەی، کە ئایا شتێکی پۆزەتیڤە درێژە بەبیرکردنەوە بدەین سەبارەت بیر لێنەکراوەکان. بەلاّم ئەو وای بۆ دەچێت کە دەبێ ئەم کارە لە رێگایەکی دروستەوە بە ئەنجام بگات. بە بۆچوونی ئەو بیرلێنەکراوە بەتەواوی جۆرە بیرێك نییە، کە هێشتا لە بارەیەوە بیرنەکرابێتەوە، بیرلێنەکراوە رێگایەکی تایبەتییە بۆ بیرکردنەوە، کە ئاگاداری هاوبەشی خۆی

بووە لە حەشارگەی بیرو دەزانێت کە هەرگیز ناتوانرێت پەی بە گشت ڕێگاکانی بیرکردنەوە ببرێت. نەك ناتوانرێت بەو مەسەلەیە  رازی بین، کە تەنیا ڕێگایەکی تایبەتی بۆ بیرکردنەوە سەبارەت بیرلێنەکراوەکان لە ئارادایە، بەڵکو بەڵگەیەکی دیکەش بەدەستەوە نییە باوەڕبکەین تەنیا یەك بیرلێنەکراوەبوونی هەیە، هیچ بیرلێنەکراوەیەك نییە، کە بتوانرێت تەنیا لەیەك ڕێگاوە راڤەو شی بکرێتەوە.

ئێستا ئەم پرسیارانە دێنە پێشەوە: کە چۆن دەتوانرێت بیر لە بیرلێنەکراوەکان بکرێتەوە، دەتوانرێت چ کارێك سەبارەت بەوان بکرێت؟ دیارە خۆلادان لە بیرکردنەوە سەبارەت بە بیرلێنەکراوەکان مەحاڵە. دەبێ لە ڕێگای جیاوازەوە بەشێوەی بیری رۆشنگەری (کە هێشتا هابرماس  بایەخێکی زۆری پێدەدات) بجوڵێین و بچینە پێشەوە. پۆست مۆدێرنیتە ئەو باوەڕە دەداتە دواوە، کە بیر بە  تەواوی شەفاف و روون بێت و پێی وایە ئەگەر بایەخی زیاتری پێ بدەین مەسەلەکان ئاڵۆزو دژوارتر دەکەین لەوەی کە هەن. بە پێچەوانەوەی (دیکارت) و (نیوتن) کە لەو باوەڕەدا بوون کە لێکۆڵینەوەی زانستی دەتوانێت بە کۆتایی خۆی بگات، بەڵام لە بۆچوونی (کانت)دا ئەمە شتێکی نەشیاوبووە (ڕەنگە هەر بەم هۆیەشەوە کە هەم لایەنگران و هەم بەرهەڵستکارانی پۆست  مۆدێرنیتە بۆ کانت گەڕانەوە). تەنانەت

(هایدگـــــەر) بـــــالأتر لــــــە نیوکانتییــــــەکان (Neokantains)و هۆســــــــــــــرلییەکان (Husserlians)ڕۆیشـتوەو پــێ وابـووە کـە ئێمـە هـەرگیز نـــاتوانین وێنەیـــەکی دروســـت و ڕۆشـــن لـــەجیهانی دەوروبەرمان بەدەست بێنین.

لای (لیۆتــارد) تەنانــەت زانســتیش ناتوانێــت ڕەوشــتێکی جیهـانگیری نیشـان بـدات، چـونکە زانسـت پـتر بـە موتـالأی ناجێگیرەکانـــــەوە ســـــەرقاڵە تـــــا شـــــتە جـــــێگیرو هەمیشــــەییەکان. بەبۆچـــوونی ئـــەو زانســـت زیـــاتر بەرهەمهێنـــەری نەزانراوەکانـــە تـــا زانراوەکـــان. پۆســـت مۆدێرنیتــە، ســەبارەت بــە هــەموو گوتــارە گشــت لایەنــەکان بــە گومانــە. ئــەوەی ئێمــە لــە داهــاتوویێکی نزیکــدا لــە نووســـینەکانی لایـــەنگرانی دێتـــە پێشـــمان و دەیـــانبینین ئەوەیــە: کــە تــەنیا یەکڕەوشــی گوتــار لــە ئارادایــە، کــە دەتوانێــت هــەموو گوتارەکــان لــە خۆیــدا کۆبکاتــەوە. ئــەو ڕەوشـــەش پەخشـــان و قســـەی پەخشـــاناوییە (Prose). بەهـــەرحاڵ ئێســـتا کەوتووینەتـــە نێـــوانی مۆدێرنیتـــە و پۆســـت مۆدێرنیتـــە. بۆچـــی بـــۆ (کانـــت) دەگەڕێینـــەوە؟ لەبەرئــەوەی ئەمــە دەرکەوتــەو ئەنجامــەکانی مۆدێرنیتەیــەو (کانــت) پێشــبینی کردبــوون. (لیۆتــارد) بــەم دەرکــەوت و ئاکامــە خۆشــحاڵەو (هابرمــاس)یش لێــی بێــزارە. هــەردوو بیریـــاریش بـــۆ کانـــت دەگەڕێنـــەوە، یـــەکێکیان بـــۆ

دەستخۆشــی لێکــردن و ئــەوی دیکــەیان بــۆ ئــەوەی بزانــیٚ لە کویٚ هەڵەیەکی کردووە.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

١- ئـــەم زاراوەیـــە لـــە چـــاوگی (aisthetikos) وەرگــیراوەو لــە یۆنانیــدا بــە مانــای هەســتیاری یــا ئیــدراکی هەســتی هــاتووەو لــە زاراوەی فەلســەفی نوێــدا واتــای بنەڕەتییەکــەی پەیوەســتە بــە چــێژ وزەوق و جــوانی و ناســینی بــەهای خولقانــدنی هونــەری. بــەلاٚم هەمیشــە ئامــاژەکردن بــۆ واتــای بنــەڕەتی یۆنــانی وشــەکە، واتــا ئیــدراکی هەســتی، لەبەرابــەر ئیــدراکی گشــتی و عــەقڵی و لوژیکیــدا. کانــت ئـــەم زاراوەیـــە وەکـــو مانـــا بنەڕەتییـــە یۆنانییەکـــە بـــەکاردێنێت و (هیگـــل) یـــش لـــە نووســینەکانی خۆیــدا ســەبارەت بــە هونــەر لــە ژێــر نــاوی (Asthetik) بــەمانای هەنووکەییەکــەی بــە واتــای جواننــاس یــاخود هونەرناســی تۆمــاری کردووە.

٢- ئـــەم کتێبـــە تـــا ســـاڵی ١٩٨٦ ز چـــاپ نـــەکرابوو. دەستنووسی کتێبەکەی دیوە.

3- Martin Heidegger، (The Age of the world Picture) in the question concerning Technology and other Essays، Harper & Row 1977.

4- Michel Foucault ،((Final Interview)) Raritan، Summer، 1985،P. 8 Le Retour de La morale، interview conducted by Gilles Barbadette، Les Novelles، June 28، 1984.

5- Michel Fiucult، The order، of Things، Random Hous، 1970.

6- See. Martin Heidegger، The Age of the world Picture. Op.cit.

## بیــــــــر

## ن. رجاء النقاش

ئـەو کیـژێکی جوانــە.. ئــەوەش دەزانێــت کــە دەتوانێــت لــە هـــەر کاتێکـــدا پیاوێـــك هەڵبـــژێرێت، بۆیـــە (گـــریّ)ی سـەرەتایی ژیـانی ئـەوە نییـە کـە چاوەڕێی پیاوێـك بکـات و ترســـی ئــــەوەی هـــەبیّ شــــەمەندەفەری نــــەمری، شەمەندەفەری شووکردن، جێی بێلێت..

کچێکی نـەدار نییـە، لەبـەر ئـەوە هـەموو رۆژیّ رووبـەڕووی جــەنگ نابێتــەوە... گــەڕان بــە دوای لوقمــە نانێــك یــان ئەزیـەتی گواسـتنەوە ئارەقـەیان پـیّ نەڕێشـتووە، مـاڵێکی تەنگیش تەنگی پیّ هەڵنەچنیوە.

بـەلاّم هـیچ کـام لـە رووە شـیرین و جوانەکـەی و، ڤێللاکـەی کـــە تێیـــدا ئاکنجییـــەو، ئۆتۆمبێلەکـــەی کـــە رۆژانــــە دەیگەیەنێتــــە زانکـــۆ، ســـەرکەوتنی بـــەردەوامی لـــــە وانەکانیشدا کچەیان نەگەیاندۆتە وەلاّمێك.

کـە دەپرسـێت واتـای ژیـان چـییە؟ ئایـا وەکـو کچێکی تـر شــوو بکـا، ئـەویش وەکـو ئـەو ژیانـە ئاسـایی و رۆتینــەی زۆربــەی خــەڵك بـژی؟.. نــەخێر قەناعــەتی بــەو چارەنووســە

نییەو رەتی دەکاتەوە... حەتمەن دەبێ ژیان لەوە قووڵتر بێت و لەم رۆتینە هەمیشەییە مەزنتر بێت کەوای کردووە وەك خەڵك ئاوازێکی سواوو دووبارە بووەوە بێت و هەرگیز نەگۆڕێت.

ئیدی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و خەم باڵیان بەسەر رووە جوانەکەیدا کێشابوو... بەدوای رێگایەکدا دەگەڕاو، پەنای بۆ هەر رێگاچارەیەکی شیاو بوایە دەبرد... دەستی دایە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆك و زانستەکان و گوێی لە مۆسیقا دەگرت و ماوەیەکی زۆر دەگەڵ فەیلەسوفاندا دەژیا.

تا هەنووکەش لە ژیانیدا بە دوای رێگاچارەیەکدا وێڵە، بڕیاری داوە لە رێگای هۆکارێکی بنچینەییەوە کە مەعریفەت و رۆشنبیرییە، هەرگیز چۆك دانەدات هەتا شتێك وەدەست نەهێنێت.

مەعریفەت بیرێکی قووڵەو هەزاران ساڵە سروشت هەڵیکەندووەو.... سروشت بۆ هەڵکۆڵینی ئەو بیرە هەموو ناڕوونی و نهێنییەکانی خۆی بەکاربردووە، لەبەرئەوە بۆتە بیرێکی تۆقێنەرو کەس نزیکی نابێتەوە، تەنیا ئەوانە نەبن کە بوێرن و هێزی شیمانەیان هەیە.

گشت ئەو چرایانەش کە لە نێو ئەو بیرە دانراون تەواو رووناکی نابەخشن و، تا ئێستەش هەرچەندە ئەو بیرە

چــرایێکی زۆری تیایــە، کەچــی نارۆشــنەو، نیشــانەکانی پرسیارو نهێنییەکان گەمارۆیان داوە.

هــەموو ئەوانــەی چــوونەتە بــیری زانینــەوە گەڕاونەتــەوە دەڵێن: هەرگیز ناگەینە ناخی ئەو بیرە!

پێغەمبــەرەکان، ئەوانــەی کــە خــودا لەســەر کێــوان دڵــی رووناک کردوونەتــەوە، یــان لــە خــەونێك لــە خەونەکانیانــدا، یــان لــە خورپەیــەك لــە خورپــەکانی سروشــدا دڵــی روونــاك کردوونەتــەوە دەڵــێن: هــەوڵ مــەدەن لــە هــەموو نهێنییــەکان بگــەن، چــونکە ئەمــە لــە رێ لادانــە... بــەڵام ئەگــەر مەبەســتتان راســتەڕێیە، ئــەوا دەبــێ بــاوەڕ بــەدڵ و هەستەکانتان بێنن.

کــاتێ ئەنیشــتاینیش تیــۆری رێــژەیی دۆزییــەوەو بــە هۆیــەوە ئــەتۆم لەیــەك هەڵوەشــایەوە، گــوتی: هێشــتا جیهــان نهــێنی زۆری تیایــەو کــاتێکیش کتێبــە ناودارەکــەی دەخوێنینــەوە کــە نــاوی (گــەردوون وەکــو دەیبیــنم)ە، دەڵــێ: وا هەســت دەکــەین لەگــەڵ یــەکێ لــە دەروێشــە سۆفییەکاندا بین، نــەك یــەکێ لــە زاناکــان کــە نهێنییــەکانی گــەردوونیان بــە کلیلــی عــەقڵ کردۆتــەوە.دروشمی دەیــان فەیلەسوفیش تەنیا وشەی (نازانم) بووە.

شــاعیرو ئەدیبــەکان بەدرێــژایی مێــژوو زیــاتر خــەم و هەســت کــردن بــە تــرس و بــارگرانی ژیــان و نــاڕوونی

دنیایـــان پێشـــکەش کـــردووین، نـــەك چارەســـەری یـــان ڕێگایەك بۆ دەرباز بوون.

زۆرن ئەوانـــەی لـــە بـــیری مەعریفەتـــدا ون بـــوون و گەلێکیشیان ئازار دەکێشن..

تۆلســتۆی: کۆنتێـك بـوو سـەر بـە بنەماڵەیـەکی دەرەبـەگ و بـاری تەندروستیشـی زۆر بـاش بـوو، لـە تەمـەنی پـەنجا سـاڵیدا بـوو، کـە بـە ئاسـوودەیی لەگـەڵ جـوان و چـاکەکەیدا دەژیـاو ناوبانگیشـی دنیـای پڕکردبـوو، سـامانێکی زۆریشـی هـەبوو کـە هـەرگیز ڕۆژێـك پێویسـتی بـە هـیچ شـتێك نـەدەبوو.. لـە ناکـاو بـەرەو بـیری مەعریفـەت خـزی. شـەوێك لـە نیوەشـەودا قیـت دەبێتـەوەو دەڵـێ: مـن دەمـەوێ نهـێنی و ئامـانجی راسـتەقینەی ژیـان بـزانم! تۆلسـتۆی چـووە نێـو بـیری زانـین و تێیـدا گـوم بـوو. بـەڵام چـیرۆکی دڵنیـایی و هـێمنی ئـەو تـا هەتایـە ڕەوتـی خـۆی گرت.

هەنـدێ خـەڵك لـە بارەیـەوە دەیـانگوت: (قـەدیس)ە، هەنـدێکی دیکـەش دەیـانگوت: شـێتە! خێزانەکـەی پێـی دەگـوت: تۆلسـتۆی قوربـانی خۆشەویسـتی ئـافرەتێکی دیکەیە.

قەیسـەریش پێـی دەگـوت: ئـەو پیـاوە لـە گـوێ و حەمـدی مـن دەرچـووە. بـەڵام تۆلسـتۆی هەسـتی بـە سـۆزێکی سەرسـوڕهێنەر دەکـرد، کـە شـتە نادیارەکـانی ئـەم ژیانـەی

دەردەخست... ئەو لەو بڕوایەدابوو سەروەت و سامان، دەوڵەمەندی ناکەن و قیت و قۆزی خێزانەکەی و منداڵەکانیشی واتایەکی تەواوی ژیانی پێ نابەخشن، ناوبانگیشی زێتر سەرناخەن، بەڵکو تەنیا ئازاری زیاد دەکەن.

ئەو شتێکی دوورترو سەرتاپاگرتری دەویست.. شتێکی دەویست ئەو شەش پرسیارەی بە روونی بۆ راڤە بکا:

١- بۆ دەژیم؟

٢- هۆی بوونی من و بوونی هەموو مرۆڤەکانی دیکەش چییە؟

٣- هۆی ناکۆکی نێوان چاکەو خراپە لە ناخمدا چییە؟

٤- دەبێ چۆن بژیم؟

٥- مردن چییە؟

٦- چۆن رزگارم دەبێ؟

ئەم شەش پرسیارە سەرەکییە وایان کرد تۆلستۆی بیر لە یەکسانی و ستەم و ئێش وئازار و بێ دەرەتانی خەڵك بکاتەوە..

کەوتە نێو بیری مەعریفەتەوەو.. دواتر هەندێ چرای وەك ئایین و رەوشت و دادەوەری کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی هەڵکرد و .... بەڵام هەر هەموو ئەو شتانە بەرەنگاری بوونەوەو.... رێگایان بۆ رۆشن نەکردەوە!

ئـەوەی لەســەر لاپــەڕەکانی مێــژووش بـۆی مایــەوە بــەهای ئـەو (هەوڵــە مــەزن)ە بـوو. وێـڕای شەکەتبوونیشــی .. بــەڵام لـە هــەمان کاتـدا هەسـتی بـە جـۆرێکی تایبـەتی ڕەزامەنـدی لەخودی خۆیدا دەکرد.

لـــە جیهانـــە جــێگیر بـــووە وەهمییەکـــەی تێیـــدا دەژیـــا دەرچــوو، ســەرەتا هەسـتی بــە گرفتــەکانی خــەڵك دەکــرد، کــە ئــەو کــارە دزێوانەشــی دەبـینی دنیایــان ســیخناخ و پــیس کــردووە، هــاواری لــێ هەڵدەســتاو داوای گۆڕینیــانی دەکـــــرد، خوازیـــــاری شـــــوێنێکیش بـــــوو دادوەری و خۆشەویستی و جوانی تێدا بەرقەرار بێت.

تۆلســتۆی بــە خــۆی لــە قۆنــاغی ئاســودەییەوە بــۆ قۆنــاغی مـــــەزنێتی (العظیمـــــة) پەڕییــــەوەو... ژیــــانی خۆشـــــی و ئــارامی جێهێشــت و تێکــەڵ بــە گــەورەیی ژیــان بــوو کــە هێمنی و کپی ناناسێ.

زۆربــەی شۆڕشـــە مرۆڤایەتییــەکان لـــە ئــەوروپا یـــا لـــە ڕۆژهــەڵات کـە لــەدوای تۆلسـتۆوە هـاتوون بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان بـە کەسـایەتی مـەزنی تۆلسـتۆی کاریگـەر بـوون، نەك کەسایەتی شادومانی تۆلستۆی.

لـــە مێـــژووی ڕۆژهەڵاتـــدا چـــیرۆکێکی دیکـــەی لـــەو بابەتـــە هەیــە، کــە کەســەکە خۆشــی و ئــارامی جــێ دێلێـت لــە پێنــاو زانــین و حەقیقەتــدا ڕوو لــە دنیــای شــەکەتی و مانــدووبوون

دەکـا ، کــە بــە بۆچــوونی ئــەویش مەعریفــەت و حەقیقــەت هەر دادوەری و خۆشەویستییە.

ئـــەو کەســـە (بـــودا)ی پێغەمبـــەری هیندســـتانی کۆنـــەو، بـاوکی یـەکێك بـووە لـە گـەورەترین مـیرە دەوڵەمەنـدەکان ، بـــوداش تاقانـــەی بـــاوکێتی و تاکـــە میراتگـــری ســـامانە زۆرەکەشیەتی.

خــودی وشــەی (بــودا)ش واتاکــەی: (ئــەو کەســەی دەزانــێ) دەگەیــەنێ. کــاتێ بــودا گەیشــتە هــەڕەتی لاوی لــە مــەڕ کێشــە گــەورەکانی ژیــان و کۆمــەڵگا لــە پرســیاران رۆچــوو، کـــە لەولاتەکەیـــدا خـــەڵکێکی زۆر هـــەژاری دەبـــینی و خـــەڵکێکی دیکـــەش زۆر دەوڵەمەنـــد، یـــان کـــە مـــەرگ و نەخۆشـــی و پـــیری، مرۆڤایـــەتی لـــەناو دەبـــەن، پرســـیاری دەکـــرد..، هەڵبەتـــە دەیتـــوانی بـــە دەوڵەمەنـــدی و ئاســـوودەییەکەی، خـــۆی لەمانـــدووبوونی دنیـــا بـــە دوور بگـــرێ و ... دەیتـــوانی بـــەختیاری تـــەواوی دەســـتکەوێ ئەگـــەر رێـــی بـــەو پرســـیارانە نەدابوایـــە کـــە دەربـــارەی نەگبـــەتی و مرۆڤایـــەتین لـــە جیهانەکـــەی بخـــزێن... بـــاوکی بـــودا ســـەرنجی هۆکارەکـــانی خـــەم و نیگـــەرانی و واق ورمـانی کوڕەکـەی دەدا، کـە تـا دەهـات لـە کەسـایەتییەکەی تەشـەنەیان دەکـرد، هەولیشـی دەدا بـە هـەر جـۆرێ بێـت وا لــە کوڕەکــەی بکــات، بــۆ ئــەوەی لــەو جیهانــە تازەیــەی جیهـــانی مەعریفـــەتی قـــووڵی مرۆڤایـــەتی ...دنیـــای پرسیارو گومان، کە دەگلایە ناویەوە دووری بخاتەوە.

بەلاّم بودا پشتی لە هەموو شتێك كرد.. خەزێنەو سامانی باوكی جێهێشت.. ژنە جوانەكەی و كوڕەكەی بە جێ هێشت... ڕۆیشت تا ئەویش وەك ئەوانی پێش خۆی لە بیری مەعریفەتدا نقوم بێت، لە یەكێ لە ئەشكەوتە نوتەك و ناخۆشەكاندا دەیخوێندو دەیخوێندەوەو... دواتر هاتەوە ناو خەلّك بۆ ئەوەی پەندو حیكمەتی خۆی و تێگەیشتنی نوێی لەمەڕ بەختەوەرییان پێڕابگەیەنێت.

(هەموو ئەو كەسانەی حەق دەبینن بەختەوەرن و گشت ئەو كەسانەیش ئاسوودەن كە خۆیان لە نیاز خراپی پاك دەكەنەوە).

(پێویستە بەسەر هۆكارەكانی فەنابوون لە ژیاندا، مەرگ و هەژاری و نەساغی و پیری زالّ بین).

بودا ژیانی میرایەتی باوكی بە (ساختەو ناڕاست و گەوجێتی دەزانی، دەق وەك ئەو چیرۆكەی گەمژەیەك بیگێڕێتەوە).

ئامانجی ئەوە بوو: هەول بدات خەلّكانی ماندوو بحەسێنێتەوەو دلّ بەخەمانیش ئاسوودە بكاو ئۆخژنیش بەو دلاّنە ببەخشێ، كە بەدەست بارگرانی ژیانەوە دەنالّێنن، هانی ئەو كەسانەش بدات كە متمانەیان بە خۆیان كزبووە یان نییە).

جل و بەرگێکی شڕو ناڕێکی دەکردە بەرو لە هەژارترین شوێن دەژیاو زۆر بە ئاشکرا بەرەنگاری هەر جەورو ستەمێك دەبووەوە، کە دەهاتە پێشی، زۆر بە توندیش هێرشی دەبردە سەر ئەو هۆکارانەی کە بۆ مرۆڤایەتی کلۆڵی و بەدبەختی بوون و..ئەو هۆکارانەی مرۆڤ بەدەستی خۆی بەسەر خۆی هێناون، نەك ئەوانەی سروشت یا ڕێکەوت بەسەری هێناون.

ئەوانەی وەکو کۆیلە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکەن و ئەوانەی وێڵی دوای پارەو سامان کۆکردنەوەن، ئەگەر بە زۆری و دزیش بێت، هەروەها ئەوانەی کاتێ ئینسان دەبینن ئازار دەکێشێ بەلایانەوە ئاساییەو وەك ئەوەیە شتێکی خۆش چاو لێ بکەن! هەر هەموو ئەوانە چارەرەشی و کوێرەوەری دادەهێنن و تۆوی ئازار لە دنیادا دەچێنن.

بەم شێوەیە بودا کاری دەکردو هیلاك و شەکەت دەبوو.. پەندو قسەی حەقی بەخەڵك رادەگەیاند و ژیانی خۆشی و بێ ئەزیەتی رەت دەکردەوەو.. هەموو کات هەستێکی قووڵ پاڵی پێوەدەنا، بۆ وەی لە نێو بیری مەعریفەتدا بژی، هەرچەندە ئەگەر ناو ئەو بیرەش تاریك و ترسناك بێت..

بە درێژایی تەمەنی ئازاری چەشت، بەڵام خەندەی بۆ سەر لێوی زۆر بەدبەخت و چارەڕەشان گێڕایەوەو

توانـــای بەدڵـــە بێهێزەکـــان بەخشـــییەوەو ورەی ئەوانیشـــی بـــەرز کـــردەوە، کـــە تەمـــەن و دنیـــا هیلاکـــی کردبـــوون و بارودۆخی کۆمەڵگا پلیشاندبوونییەوە.

*** ***

ئەمـــە دوو نموونـــە بـــوون لـــە مێـــژوودا.. کـــە بڵێســـەی مەعریفـــەت لـــەلایان بۆتـــە گـــڕو ســـووتانێکی زەبـــەلاح، ئـــەم ســـووتانەش هاتۆتـــە نێـــو شـــانۆی بـــەربلاوی ژیـــان و کاریگەرییـــەکی دیـــاری بەســـەر ژیـــانی خەڵکـــەوە جێهێشووە.

ئـەم گـڕۆ ئـاگرە سـەبارەت بـە تۆلسـتۆی و بـودا سەرچـاوەی ئـێش و ژانـی خـود و کەسـایەتیان بـوو، نەیانـدەتوانی لـەم ئـــازارە هەمیشـــەییە خۆیـــان بـــەدوور بگـــرن و... نەیاندەتوانی...

تۆلســـتۆی و بـــودا گـــەڕان و شـــت فێربـــوون و .. خۆشەویسـتی بـێ بـەزەیی بـەرەو نـاخی مەعریفـەت پـاڵی پێوەدەنـــان و .. هـــەردەمیش سەرشـــێتانە دژی تـــاریکی تێدەکۆشان بێ ئەوەی ماندووش بن.

بـەڵام تێکۆشـانەکەیان بـێ ئاکـام نـەبوو.. تۆلسـتۆی ئـەم هـــاوارو دەنگـــە بـــەرزە بـــوو، کـــە شۆرشـــە سۆشـــیالیزمە هاوچـــەرخەکان لـــە باوەشـــیدا چـــاویان هـــەڵهێناوەو.. بـوداش یەکێکـە لـەو کەسـایەتییانەی لـە بـەرایی هـەموو رۆژهەڵاتییـەك دەرگـای کۆشـکی خـوا پێـداوانی لەبـەردەم

هـــەژاران خســـتۆتە ســـەر پشـــت و فـــەرمووی لێكـــردوون.. پێـــی دەگـــوتن: مـــافی خۆتانـــە بـــژین و.. بەوێنـــەی خـــەڵكانی دیکە شادومان بن..

ئـــەوان لـــە خـــودی خۆیـــان مەشـــخەڵی مەعریفـــەتیان هـــەڵگرتووەو بـــە ســـۆزو خۆشەویســـتییەکی زۆرەوە ژیـــانی رۆتـــینی رەت دەکەنـــەوەو.. وێـــڕای ئـــارەق رشـــتن و شەکەتیشـــیان هەمیشـــە نەخشـــەو ئاســـتی جـــوان بـــۆ ژیـــان دادەنێن..

ئـــەم کچـــە قشـــت و جوانـــەش، کـــە بـــیری مەعریفـــەت پەلکێشـــی کـــرد .. بۆخـــۆی.. ئـــەویش بـــە هـــەموو ناســـکی و روونـــی و بەرائەتـــەوە تێیخـــزا.. تەنانـــەت بـــەدوای تـــەرزێکی تـــازەی ژیـــانی ئافرەتـــدا دەگـــەڕێت و .. بـــەدوای واتـــای قـــووڵی خۆشەویســـتیدا دەگـــەڕێت.. کـــە پـــێش شـــووکردن دەکـــەوێ و دەبێتـــە فاکتـــەرێك بـــۆی و .. دەیـــەوێ رۆڵێـــك لـــە کۆمـــەڵگادا بگێـــڕێ لەســـەرووی رۆڵـــی (کـــەیبانوو)ی ماڵـــەوە بێـــت .. بـــە دوای جۆرەکـــانی دیکـــەی چـــێژی بـــالأدا دەگـــەڕێت.. نـــەك هـــەر تـــەنیا ئاســـوودەیی مـــاڵ و جێگیربـــوونی ژیـــان بـــەڵکو ئـــەم چـــێژە نوێیـــە بریتییـــە لـــە: ئاوازێـــك، بیرۆکەیـــەك، قەســـیدەیەکی شـــیعری، برادەرایەتییـــەکی قـــووڵ یـــا کـــارێکی جـــوان کـــە رایدەپەڕێنێ.

مەعریفــەت نیگــەرانی و ئــازارە... بــەڵام شــا ڕێگایــە بــۆ شـــۆڕبوونەوە بـــۆ نـــاخی بـــیری مـــرۆڤ و پێکهێنـــانی پێوەندییــەکی بــەرفراوان لــە نێــوان خــۆی و دنیــاداو، لەهــەر چـرکەیەکیش لــە ژیانــدا چـێژێکی تایبــەتی پــێ دەبەخشــێ، ئــەو چـێژەش هەرچـۆنێك بێــت چـێترە لــەو چـرکانەی بــەبێ تام و چێژ تێپەڕدەبن!

ئــەو کەســانەی کــە بــیری مەعریفــەت لــە باوەشــیان دەگــرێ ڕەنگــە ســەرکەوتوو بــن و لەوانەشــە هــەرەس بێــنن.. بــەڵام هەمیشــە ئــەوەی بەدەســتی دێــنن بــاڵاترە لــەوەی مــرۆڤ لــە فیکــرو ســۆزدا دەســتی دەکــەوێ. ئەوانــەی لــە نێــو بــیری مەعریفەتـــدا ون دەبـــن وەکـــو ســـەرکەوتووەکان... هـــەر هــەموویان پاڵــەوانن و بــۆ جــوانی و قــووڵی و شــیرینی و مەعقولیەتی ژیان تێدەکۆشن.

* ئــەم بابەتــە لــە ژمــارە"١٢٨"ی گۆڤــاری کــاروان، ســاڵی ١٩٩٨ بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوە :

رجاء النقاش، تأملات في الانسان. بغداد، ١٩٨٠.

# گومان و بەدگومانی لە ژیانی هاوسەرێتیدا

## ن: مهردادی شەهیدی

لـــــەنێو ئەزموونـــــە پزیشـــــکییەکانی نەخۆشـــــخانە دەروونییەکانـــدا، یـــەکێك لـــە بەرچـــاوترین بابەتـــەکانی هاوســـەری نێـــوان ژن و پیـــاوە گەنجـــەکان و تەنانـــەت جوامێرەکـــانیش بـــەدگومانی هاوســـەرانە لـــە هەمبـــەر یەکدیـــدا، تارادەیـــەك زۆربـــەی ژیانـــە هاوســـەرییەکان بـــە جۆرێـــك دیـــاردەی (دڵنیـــا نـــەبوون) و گومـــان و دوودڵـــی و هەنـــدێك جـــاریش بـــەدگومانی لـــە بەرامبـــەر وەفـــاداری و خۆشەویســـتی دێتـــە ئـــاراوە. لەســـەر ئـــەم بنەمایـــە کـــە ئـــەم دیاردەیـــە شـــڵەژان و شکســـتی پەیوەندییـــە هاوســـەرییەکان دروســـت دەکـــات، لێـــرەدا بـــە نیـــازین بنـــەماکانی گومـــان و بـــەدگومانی لـــە هاوســـەریدا لـــە روانگـــەی دەروونزانـــی راڤەکردنـــەوە (Psychody namic) شـــیبکەینەوە. لـــەم رووەوە بـــە پێشـــەکییەك درێـــژە بـــە لێکۆڵینەوەکـــەمان دەدەین:

١-گومـــان لـــە خۆیـــدا نـــەك هـــەر کـــارێکی ستایشـــکراوە، بـــەڵکو سەرەتایەکیشـــە بـــۆ گەیشـــتنە راســـتی (یقـــین)، وەك دەبیـــنین هەنـــدێك لـــە فەیلەســـوفەکان بنـــەمای فەلســـەفەکەی

خۆیان لەسەر گومان ڕۆناوە. (رینە دیکارت)ی بیرمەندو فەیلەسوفی ناسراو دەڵێت: یەکەمین بنەچەی فەلسەفە ئەوەیە کە ((بۆ تاقیکردنەوەی گەیشتنە حەقیقەت، پێویستە هەر کەسێك لە ماوەی ژیانی خۆیدا هەتا ئەو شوێنەی دەکرێ گومان لە هەموو شتێك بکات، ئەگەر بۆ جارێکیش بێت)) لەم ڕوانگەیەوە گومان پایەی تیۆری زانستییە، گشت تیۆرە زانستییەکانیش لە گومان و دوودڵییەوە دەست پێدەکەن. ئەم پرسیارە کە ئایا دیاردەی (X) لەگەڵ دیاردەی (y) دا پەیوەندی هەیە؟ جۆرە گومانێکە کە لە شێوەی پرسیاردا دێتە بەرچاو. پرسیارەکانی توێژەرەوەیەك و ڕۆشنبیرێك چ لە گریمانەکانی پێشووی ئەودا پەیدا بووبێ چ لە لێکۆڵینەوە کۆنەکانی یان لە تیۆرەکانی پێشتردا، جۆرێك لە نیشانەی پرسیار هەیە. ((پرسیار)) یش پێوەری ڕاستەقینەی بابەتیانەی گومانە.

٢- زانستیش بێ قبوڵکردنی گریمانەکان و پرسیارە گوماناوییەکان، بزاڤ و پێشکەوتن بەخۆوە ناگرێت، ئەو کاتەی کە لێکۆڵەرەوەیەك دەست بە تاقیکردنەوەی گریمانەکەی خۆی دەکات، یەکەمین هەنگاوی بە گومان دەست پێدەکات، ئەگەر کەمێك وردتر بڵێین سەرەتای (فیکر)ێك و بزاڤی فیکرێك لە مرۆڤیشدا لە نەزانراوەکان جۆرە دەستپێکردنێکە بۆ گومان و دوودڵی. بەدواداگەڕانی بۆ دۆزینەوەی هۆکارە هێما بەخشەکان،

گـەڕان لـە بنـەماو زانیارییـەکان بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیارە توێژینەوەییـەکان کـە ڕەگ و ڕیشـەی بزاڤـی خۆیـان لـە گومان و دوودڵییەوە وەردەگرن.

٣- ئەگەرچـی گومـان سـەرەتایەکی خـودی هەیـە، بـەڵام بـەوەی کـە گومـان جۆرێـك لـە نیگـەرانی و شـڵەژان دروسـت دەکـات. تـاکو تـاك بگاتـە دڵنیـایی. دەتـوانین بڵـێین گومـان و دوودڵـی بناخـەی بزاڤـی ئـادەمیزادە بـۆ وەدیهێنـانی دڵنیـایی، ئەگـەر دەروونزانانـە چـاوێك بـە گـۆڕانی ئینسـانیدا بخشـێنین: ئـەوا دەتـوانین ڕەگ و ڕیشـەکانی مـرۆڤ لـە سـەرەتای لـە دایکبوونـەوە بدۆزینـەوە، تارادەیـەك سـەرجەم دەروونزانـەکان لـەو باوەڕەدانـە کـە هەڵسـوکەوتەکانی دایـك لـە یەکـەمین سـاڵی کۆرپەڵـەدا، ئەگـەر بـە دڵنیاییـەوە ڕەفتـار بکـات دەتوانێـت گومـان و دوودڵـی منـداڵ لەسـەر ئـەوەی کـە ئایـا هـەر کاتێـك پێویسـتی بـە شـتێك بـوو، دایـك وەکـو سەرچـاوەی بـەدیهێنانی پێویسـتییەکەی لەئامادایـە؟ بـۆی بـە یـەقین بگۆڕێـت. ڕەنگـە (ئێریـك ئەریکسـۆن) زیـاتر لـە هـەموو کـەس و (ملانـی کلایـن) یـش وردتـر لـە کەسـانی دیکـە ((دڵنیـایی بنـەڕەتی)) یـان لـە گوازرانـەوەی مـرۆڤ لەسـەر بنـەمای هەڵسـوکەوتە دڵنیـایی بەخشـەکان و لـەناوبردنی گومان و دوودڵییەوە روون و راڤە کردبێتەوە.

٤-بـە تـەواوی پـاکی (قودسـیەت) و جـوانی، گومـان و دوودڵـی و ڕۆڵیـان لـە گـۆڕان و فراوانبـوونی ژیـاری

مرۆڤایەتی لە ڕێگای زانست و تاقیکردنەوەی تیۆرەکانەوە، ئەوا نزیکەی گشت دەروونزان و فەیلەسوفەکان لەو باوەڕەدان کە هیچ کاتێك نابێت گومان و دوودڵی لە ژیانی خۆمان گشتگیر بکەین. تێکەڵکردنی گومان و دوودڵی لە ژیاندا شیرازەو پایەکانی ژیان لەرزۆك دەکات. (رینە دیکارت) لە بنەچەی سێیەمی فەلسەفەکەی خۆیدا دەڵێت: ((لە ژیاندا نابێت گومان تێکەڵ بە هەڵسوکەوتەکانمان بکەین)).

هەر ئەو کارە واتە تێکەڵکردنی گومان و دوودڵی بە ژیان، پاکی و ستایشکراوی گومان بە کارێکی خراپ و ناپەسند و زیانبەخش دەگۆڕێت. ئەگەرچی لەلایەن دەروونزانانەوە پلەیەك لە گومان و دوودڵی لە ژیاندا بەشێوەی پایەی یەدەگی ئامۆژگاری لەسەر کراوە، بەلاّم بە گشتگریکردنی، ترس و نیگەرانی و ئاڵۆزی لە ژیانی رۆژانەدا دێنێتە ئاراوە.

هەر لەبەرئەوەشە کە لە نێو کتێبە ئیسلامییەکان، بەتایبەتی لە قورئانی پیرۆزدا هیچ شتێك لە گومان بەرامبەر ژیان و وەفاداری و کاروباری بڕواداران ناپەسندتر نییە. لەو بارەیەوە خوای گەورە دەفەرموویت: ((ما لیس لك به علم)) واتە:((پەیڕەوی لە شتێك مەکە کە لێی بێئاگایت)) هەروەها بۆ سەلماندنی ئیدیعا و داواکارییەك سەبارەت بە بێوەفایی هاوسەران

یاسـایەکی سـەخت و تاقـەتپڕوکێنی هێناوەتـە ئـاراوە. بەگشـتی هـەموو ئـەو بابەتانـە ئـەوە رادەگەیـەنن کـە رێبـەرانی ئـایینی هەوڵیانـداوە ئێمـە لـە گومـان و دوودڵـی لـە ژیـان و گومـان و دوودڵـی لـە شـتە یەقینـەکانی (بنەماکانی ئایین) دوور بخەنەوەو لێمانی قەدەغە بکەن.

لـەپاڵ ئـەم هـەموو روونکردنەوانـەش ژیـانی زۆربـەی خـەڵك لەسـەر پایـەی گومـان و دوودڵـی و بـەدگومانی هەڵدەکـەوێت و گالیسکەشـیان لـە ناوەڕاسـتی ژیـان لـە جوله دەوەستێت.

گومـانی گشـتیگیرکراو لـە ژیانـدا نیشـانەی راسـتەقینەی نەخۆشـییەکانی (پارانویـا) و (وەسـواس)ە لـە زیانناسـی دەروونیـداو، گومـانی گشـتگیرکراو و گومانـە وەسواسـییەکان بناغـەی لێکهەڵوەشـاندنەوەی جیاکردنـەوەی ئـەم نەخۆشـیانەن. گومـان لـە ژیانـدا پـەیڕەوی لـە یاسـای پڕوپاگەنـدە دەکـات، ئەگـەر لەسـەر بنـەمای یاسـای پڕوپاگەنـدەکان برەوسـەندنی پروپاگەنـدەی R بەرامبـەر بێـت لەگـەڵ ئاکـامی بایەخپێـدانی بابـەتی I، ئـەوا لـە تەمومـژی ئـەو بابەتـە دەتـوانین A بەدەسـت بێـنین، کـە گومـان لـە ژیانـدا پەیڕەوی لەم یاسایە دەکات.

بـەمجۆرە گـرنگترین و بـە بایـەخترین بابەتـەکان لـە ژیـانی مرۆڤـدا، پەیوەنـدی هاوسـەرییە و لـەپاڵ ئەمیشـدا

وەفــاداری خێزانــی و ســەلامەتی ژیــان و ئاسایشــی ژیانــە، گـــــرنگترین بابەتــــە تەمومژاوییـــــەکانیش رەفتـــــارە ون و تەمومژاوییـــەکانی ژن و مێـــردە. بـــەم پێیـــە برەوســـەندن و ئاســـتی فراوانبـــوونی گومـــان لـــە ژیـــانی S تارادەیـــەك بەرامبـــەرە لەگـــەڵ لێـــدانی ئاســـتی گرنگـــی بابـــەتی ژیـــان (وەفــاداری و ســەلامەتی ژیــان) لــە بابەتــە گوماناوییــەکانی ئەوان (هەڵسوکەوتە تەمومژاوییەکانی ژن و مێرد)ە.

بە زمانێکی پاراوتر:

(تەمومژاوییــــــەکانی هەڵســــــوکەوتی ژن و مێـــــرد) ی A (گرنگـــی بابـــەتی وەفـــاداری لـــە ژیـــان) ی S=I (ئاســـتی پەرەسەندنی گومان لە ژیاندا).

لـــــەم رووەوە هەرچـــــەندە رەفتـــــارە تەمومژاوییـــــەکانی هاوســەران زیــاتربن لــەو ژیانــەی کــە وەفــاداری و ســەلامەتی هەڵســـــوکەوت تێیـــــدا گرنگـــــە، گومـــــان و دوودڵـــــی و بەدگومانیش زیاتر دەبێت.

## راڤەکردنی ئاکامەکانی بەدیهاتنی گومان

بــە لەبەرچــاوگرتنی یاســای پروپاگەنــدە و گشــتگریکردنی ئــەم یاســایە لەگــەڵ یاســای گومــان و بــەدگومانی، دەســت بـــە لێکۆڵینـــەوەی هاتنـــە ئـــارای گومـــان لـــە ژیـــانی هاوسەرێتیدا دەکەین:

لــە یەکــەمین هــەنگاودا لــە هۆکارەکــانی دەرکــەوتنی گومــان و بەدگومانی دەکۆڵینەوە:

-یـــــەکێك لـــــە هۆکارەکـــــانی ســـــەرهەڵدانی گومـــــان و بــەدگومانی، زەمینــە میراتییــەکان و پــەروەردەی تاکەکانــە، لێکۆڵینــەوەکان دەریدەخــەن کــە زیــاتر لــە نیــوەی ئــەو تاکانــەی دووچــاری نیشــانەکانی بــەدگومانی دێــن لــەو خێزانانــەن کــە بــە لایــەنی کەمــەوە یــەکێك لــە دایــك و باوکیان گرفتاری نیشانەی لەو جۆرە بوویێت.

جــۆری پــەروەردە، کــارو هەڵســوکەوتە گوماناوییــەکانی دەرهــەق بــە منــدالأن، گومــانی خــراپ و ڕەشــبینی دەرهــەق بــە تاکــەکانی کۆمــەڵ لەلایــەنی دایــك و باوکــەوە، دەبێتــە هــۆی ئــەوەی کــە کــەش هــەوای دەروونــی خێــزان دەرهــەق بــە کەســانی دیکــە تێکــەڵ بــە دوودڵــی و گومــان بێــت، گەشــەکردن و گــەورەبوونی لــەم فەزایــەدا بــەوە دەگــات کــە شــوێنەواری قــەرەبوو نــەکراو لەســەر منــدالأنی ئــەو خێزانەدا بەجێ بێلێت.

-ئەزموونــە ناخۆشــەکانی ژیــانی بــەر لــە بەهاوســەری بــوون یــاخود لــە مــاوەی بــە هاوســەری بــوون، یەکێکــە لــە بەرچــاوترین هۆکارەکــانی ســەرهەڵدانی گومــان و دوودڵــی. فریــو خــواردن، پچــڕانی پەیوەندییــە خۆشەویســتییەکان لــەدوای لێدانــە سێکســییەکان، خــراپ بــەکارهێنان و خراپــەکاری سێکســی و ئەزموونــەکانی دیکــەی گــۆڕان لــە

گەشبینییەوە بۆ ڕەشبینی، ئەوەش کاریگەری خۆی هەیە، ئەزموونە پزیشکییەکان نیشانیان داوە کە لە پەیوەندییە هاوسەرییەکاندا، ئەوانەی بەر لە بە هاوسەری بوون کارەسات و ئەزموونی ناخۆشیان بینیوە زیاتر تووشی بەدگومانی دەبن.

-یەکترناسینی ناسروشتی لە هاوسەری بوونی لاواندا، هۆکارێکی دیکەی هێنانە ئاراوەی گومان و دوودڵییە. زۆربەی هاوسەرە گەنجەکان کە ئاشنایەتی ناسروشتی کۆی کردوونەتەوە، وەکو ناسین لە ڕێگای تەلەفۆن و یەکترناسینی سەر شەقام و شوێنی دیکەی ناسروشتی، ئەوا هەمیشە لە جۆرێك وەسواسی فیکری و دوودڵییەکدا دەبن، کە لە خۆیان دەپرسن: ((ڕەنگە بەر لە منیش لەگەڵ یەکێکی دیکەدا پەیوەندی بەستبێت)).

- جیاوازییە فەرهەنگییەکان و وەرنەگرتن و تێنەگەیشتنی مەرجە خێزانییەکانی یەکدی بە هۆکارێکی دیکەی زەقکردنەوەی یان دروستبوونی گومان و دوودڵی دەژمێردێت، هەندێك لە هاوسەرە گەنجەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی فەزا عاتیفییەکان لە پەیوەندییە خێزانییەکانیان و بنەماڵەی هاوسەرەکانیان یان مێردەکانیان، هەموو جۆرە پەیوەندییەکی دۆستایەتی و خۆشەویستی نێوان کچان و کوڕانی خێزان یاخود بنەماڵەی هاوسەرەکانیان بەجۆرێك پەیوەندی لەسەر بنەمای لەزەتە سێکسییەکان دەدەبڕن

و لێــك دەدەنــەوە، كــە لــەم رووەوە دوودڵــی و بــەدگومانی خۆیان دەرهەق بە هاوسەرەكانیان زیاتر دەكەن.

لــە زۆربــەی ئــەم جــۆرە بارانەشــدا بەرتەســككردنەوەی ســنووری پەیوەندییــە خێزانییــەكان وەكــو بەرچــاوترین كاردانــەوەی بەســوود شــوێنی خــۆی دەگرێــت، ســەرەڕای ئــەوەش جیاوازییــە كلتورییــەكانی پەیوەنــددار بــە بیروبــاوەڕە ئاینییــەكان و پابەنــدبوون بــەو بیروڕایانــە لــە بنەماڵەكانــدا دەوری خــۆی دەگێڕێــت. لەبــەر ئــەم هۆیــەش زۆربــەی دەروونزانــەكان لــەو بــاوەڕەدان كــە رەچــاوكردنی هاوبەشــی كلتــووری وەكــو پێــوەری بــە هاوســەری بــوون بــەر لــە دەستنیشــانكردنی هاوســەر زۆر بەچــاكی پــێش بــەم هۆكار و كاریگەرییانە دەگرێت.

-راســتی و ســەداقەتی نابــەجێ لــە شــوێنی راســتی و هاوڕێیــەتی بــەجێ، هۆكــارێكی دیكــەی زۆر كاریگــەر و زیادكــەری گومانــەكانی هاوســەرییە، زۆربــەی ژن و مێــردە لاوەكــان بــەر لەیــەكتر ناســینیان لــە ســنوور و چوارچــێوە جــۆراو جۆرەكانــدا خــاوەنی ئــەزموونی خۆیــانن، كــە ئــەم ئەزموونانــــە نــــاخۆش و نــــاڕەوانین بــــۆ نیشــــاندانی راســتگۆیی خۆیــان كــە دەســت دەكــەن بــە گێڕانــەوەی هەنــدێك لــە بیرەوەرییــەكانیان كــە هــەر ئەمــەش بــواری لــەباری فیكــری بــۆ زەقكردنــەوەی بــەدگومانی دەســازێنێت. هــەر ئــەزموونێكی ناخۆشــیش پێویســت بــە دووبــارە كردنــەوە ناكــات. هــیچ كاتێــك نابێــت رێگــا بــە تاكــەكان

بـــدرێت درۆ ســـەبارەت بـــە ئەزموونـــەکانی خۆیـــان بکـــەن، بـەلاّم پێویســتیش ناکـات هــەموو حەقیقەتــەکان بگــوترێن، زۆربــەی راســتی و پاکییــە بەرووکــەش شــیرینەکان کــە لــە ســـەرەتای بـــە هاوســـەری بـــوون یـــاخود یەکترناســـیندا دەردەکــەون، برینــی ســەخت دەخەنــە ســەر دڵ و دەروونــی لایـــەنی بەرامبـــەر، کـــە لـــە ئاکامـــدا بـــەدگومانی دێنێتـــە ئاراوە.

## شوێنەواری هۆکارەکانی سەرەوە

گــرنگترین هۆکارەکــانی رابــردوو دروســتکەرو زەقکــەرەوەی هەڵســوکەوتە گومانـاوییـــەکانن. رەفتـــارە بەدگومانییـــەکان لـــەرێگای چـــەند نیشـــانەیەکەوە دیـــاری دەکـــرێن، کـــە زۆربــەی ژن ومێــردە لاوەکــان یــان جوامێرەکــان دووچــاری ئەم ئاڵۆزییانە دێن و لێیانەوە دەردەکەوێت.

نیشـــانەکانی رەفتـــاری بـــەدگومانی وەکـــو لێکۆڵینـــەوە، چـــاودێری کـــردن، بەرتەســـککردنەوەی پەیوەندییـــەکان، پرســـیارکردنی ناسروشـــتی، گـــەڕان بـــەدوای فایلـــەکانی رابـــردوو، بـــەدوای بەڵگـــە و ســـەنەدکەوتن و ئیدیکـــە، بەرچـــاوترین داد بردنەبـــەری ژن و مێردانـــە لـــە هەمبـــەر یەکدی.

کۆمـــەڵێك لـــەم هەڵســـوکەوتانەی لای تـــاکی هـــەڵگری بـــەدگومانی، نـــاڕە حـــەتی و نیگـــەرانی لـــە لایـــەنی بەرامبـــەر دەخەنـــەوە. ئـــەمجۆرە نیگەرانییـــە کاردانەوەییـــەی لایـــەنی

بەرامبەر کە زۆربەی کات بە جۆرێکی نەگونجاو شێوە دەگرێت، هۆکاری زۆربوونی هەڵسوکەوتە گوماناوییەکان دەبێت. لەم بارەوە درێژەپێدانی ئەم دەورانە نابەجێیەش وەکو هەڵچوونی رقەستووری، دەرکەوتنی هەڵسوکەوتە دوو لایەنییەکان، توندبوونی ناکۆکییە هاوسەرییەکان دێتە ئاراوە.

ئەمجۆرە رووداوانە لە دەورانێکی خەوشداردا هەردەم دەبێتە هۆی نائارامی و توندوتیژی، کە بە نۆرەی خۆیان نەخۆشییەکی زۆری لەگەڵدایە.

بەجۆرێکی کاتی دەورانی هەڵسوکەوتە گوماناوییەکان بەم هێلکارییەی خوارەوە وێنە دەکێشرێت:

## ئەرکەکانی هاوسەری لەبەرپێگرتن و لابردنی گوماندا

رەچاوکردن و بەکاربردن و مومارەسەکردنی ئەم ئەرکانەی ژێرەوە بەر بە زۆربەی رەفتارە گوماناوییەکانی ژن و مێردە گەنجەکان یان جوامێرەکان دەگرێت:

١-لەبەرچاوگرتنی سنووری ناسیاری پێش بە هاوسەری بوون و دوورکەوتنەوە لە یەکترناسینی ناسروشتی لە رووی کات و شوێن و شێوەی یەکترناسین.

٢-بەدواداچـوونی تێـك گەیشـتنی کلتـووری و وەرگرتنـی کـەش و هـەوا عاتیفییـەکان لـە پەیوەندییـەکانی نێـو بنەماڵە یاخود لەناو خزمەکاندا.

٣-دوورکەوتنـەوە لـە ئەزموونـە ناخۆشـەکان بەدرێـژایی ماوەی یەکترناسینی بەر لە هاوسەری بوون.

٤-دوورکەوتنەوە لەدوو لایەنە کارکردن.

ئاگـاداری: لـەم بـارەوە هـەر جـۆرە دوو لایـەنییێکی هەڵسـوکەوت، بەتایبـەتی هەڵسـوکەوتە کۆمەڵایەتییـەکان، وەکـو قسـەکردن لەگـەڵ کەسـوکار بەتایبـەتی لـە ئامـادەیی هاوسـەر یـاخود دیارنـەبوونی یـان پۆشـاکی نایەکسـان لەچوارچـێوە یەکسـانەکاندا، هۆکـاری زۆربـوونی دوودڵیـی دابین دەکەن.

٥-روونکردنـەوەی رووداوەکـان پـێش ئـەوەی پرسـیاریان لە بارەوە بکرێت:

ئاگـارداری: زۆربـەی ئەوانـەی کـە بـەدگومانییان لا دروسـت دەبێـت سـوود لـە رەوشـی پرسـیارکردن وەردەگـرن. ئەگەرچـی هـۆی نهێنـی ئـەم جـۆرە پرسـیارکردن (لێکۆڵینـەوە) یـە شـێوەیەکی دڵنیابوونـە، بـەلاّم لەلایـەنی بەرامبـەر مانـدووبوون، نیگـەرانی و نائارامییـەك کـە ئـاوێزانی بەدڕەوشـتییە دێنێتـە ئـاراوە. بـەم پێیـە پێشـتر شـیکردنەوەی رووداوە رۆژانەییـەکان لـەکاردا یـان خوێنـدن یـاخود هەڵوێسـت و بارەکـانی دیکـە لـە گەڵیشـیدا

ڕەچـــاوکردنی ڕاســـتگۆیی بـــەجێ، کاریگـــەرییان لـــە کەمکردنەوەی هەڵسوکەوتە گومانا وییەکاندا هەیە.

٦- دوورکەوتنەوە لە لەڕێگەلادان و واقیع نەبینی:

ئاگـــاداری: هـــیچ کاتێـــك ڕووداوو بابەتـــەکانی ڕوونکردنـــەوەیان لـــە بـــارەوە دەکـــەیت مەشـــێوێنە، دەســـتکاری و دەســـت تێـــوەردان لـــە ڕوونکردنـــەوەی بابەتەکانـــدا مەکـــە، تارادەیـــەك نـــەهێلانی هەنـــدێك لـــە ڕووداوەکـان یـان تاکـەکان لـە بـیرەوەری و ڕووداوەکانـدا لـە کـــاتی ڕاگەیاندنەوەیانـــدا دەبێتـــە هـــۆی زۆربـــوونی حەساسیەتی ئەو تاکانەی بە گومان بارگاوی بوون.

٧-ڕاســـتگۆیی بـــەجێ شـــوێنی ڕاســـتگۆیی نابـــەجێ و بریندارکەر بگرێتەوە.

٨-بـــیروڕا ئیجابییـــەکانی خۆتـــان لـــەلای هاوســـەرەکانتان بەهێز بکەن.

ئاگـــاداری: لـــەم بارەیـــەوە پـــتر بـــە چـــاولێکردنەوەو بیرهێنانـــەوەی کـــارە چـــاکەکان، خۆشەویســـتییەکان، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەبێت.

٩- ئاگادارکردنـــەوەی هاوســـەر پـــێش ئەنجامـــدانی هـــەر کارێـــك بەشـــێوەیەکی ڕێـــك و دڵگـــیر دەبێـــت. وەکـــو پـــێش دانـــانی یاداشـــتە خۆشەویســـتییەکان و تەلـــەفۆن کـــردن و ... بەتایبەتی لەکاتی لە ماڵ دەرچوون.

١٠- زيـــــادكردنی دەرخســـــتنی هەســـــتە وتـــــەيی و ناوتەييەكان (احساسات كلامی وغير كلامی).

١١- دابينكردنـــی ڕەزامەنـــدی سێكســـی لـــە پەيوەندييـــە هاوسەرييەكاندا.

**سەرچاوە:**

**ڕاه زندگی - شمارە (شصد چهارم) لا ٣٢-٣٣**

# ناوەڕۆك

| ژ | ناوی بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | زۆربا: زۆرانبازی لە نێوان هەردوو نموونەی هەستی و ئەبستراکتدا | |
| ٢. | هێمنگوای لە خۆشەویستی و جەنگدا | |
| ٣. | ئەرنیستۆ ساباتۆ و (پێش کۆتایی) | |
| ٤. | پابلۆ نیرۆدا شاعیری ئەویندارییەکان | |
| ٥. | بۆ فیۆدۆر چالّیاپین(١) لە دەوروبەری (١٤) سێپتێمبەری ١٩٠٩ ئازیزم فیۆدۆر | |
| ٦. | یەڤگینی یەڤتەشینکۆ شاعیری وێستگەی زستان | |
| ٧. | میهرنۆش مزراعی: سێکس، سیاسەت، ئایین، بەبێ بوونیان وەك زەروورەتێك بۆ چیرۆك، ناتوانێ بەرهەمهێنەری ئەرزشی ئەدەبی بێت. | |
| ٨. | د. یووسف ئیدریس : بائێمە لە نووسەران بگەڕێین خۆیان ئەفراندن بکەن. | |
| ٩. | شاعیری (لە سێشەممەدا بەفر دەبارێت) کۆچی دوایی کرد | |
| ١٠. | ئیمی تۆن: ئەدەبیاتی چینی بەرهەم ناهێنم! | |
| ١١. | کانت و مۆدێرنیتەو پۆست مۆدێرنیتە ن.د. حەمید عضدانلو | |
| ١٢. | بیر : ن. رجاء النقاش | |
| ١٣. | گومان و بەدگومانی لە ژیانی هاوسەرێتیدا ن: مهردادی شەهیدی | |

## وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا:

- عەبدولڕەحمان مەعرووف ڕەسوڵ.
- ١٩٦٧/٤/١٩، هەولێر،لەدایك بووە.
- دەرچووی کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی کوردییە.
- یەکەم نووسین و بابەتی لە ساڵی ١٩٨٤ بڵاو کردۆتەوە.
- لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان چیرۆك و بابەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و زمانی بڵاوکردۆتەوە.
- گەلێ چیرۆك و بابەتی ئەدەبی لە زمانی عەرەبی و فارسیدا وەرگێڕاون.
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.
- لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە لە گۆڤاری کاروان کاردەکات.
- ئێستا بەڕێوەبەری نووسینی هەفتەنامەی بەدرخانە.